کەلەپووری سۆشیالیستی

# بەهاو نرخ و قازانج



## کارل مارکس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئەنوەر نەجمەدین

جونی ٢٠١٦

# بەهاو نرخ و قازانج

کارل مارکس



کەلەپووری سۆشیالیستی

ناوی کتێب: بەهاو نرخ و قازانج

ناوی نووسەر: کارل مارکس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئەنوەر نەجمەدین

سەرچاوەی وەرگێڕان: Value, price and profit

تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتی، ژمارەی (١٤٧٨) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە.

**لەسەر ئەرکی هاوڕێم: (بەختیار ڕەشید) لە چاپدراوە کە لە ساڵانی هەشتاکاندا، لە هەڵەبجەوە چۆتە ئەڵمانیا.**

# خوێنەری بەڕێز !

**تێبینی و ڕەخنەکانتان لەسەر شێوازی وەرگێڕان، شێوەی خستنەڕوو،**

**وە لەسەر دەلیلی زاراوەو کۆنسێپتە ئابووریەکان، جیگای سوپاسێکی ئێجگار گەورەیە.**

Email: anwar.nori@gmail.com

Anwar Nori | Facebook

ڕاپۆرتێکی ڕەخنەییە، لە دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی گشتیی (ئینترناسیۆنالیزمی یەکەم) دا، لە حوزەیرانی ١٨٦٥ دا خوێنراوەتە دژی تێڕوانینەکانی ویستن کە خۆی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بووە.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ووشەو زاراوەو کۆنسێپتە ئابووریەکان | ٦ |
| پێشەکی | ١٣ |
| بەرهەمهێنان، کرێی کار، قازانج | ١٤ |
| کرێی کارو نەخت | ٣٠ |
| خستنەڕوو داخوازی | ٢٣ |
| کرێی کارو نرخ | ٢٤ |
| بەهاو کار | ٢٦ |
| هێزی کار | ٣٢ |
| بەرهەمهێنانی زێدەی بەها | ٣٤ |
| بەهای کار | ٣٥ |
| قازانج بە فرۆشتنی کاڵا بە بەهاکەی خۆی وەدی دێت | ٣٦ |

ئەو بەشە جیاوازانەی زێدەی بەهایان بەسەردا دابەش دەبێتەوە ٣٧

پەیوەندی گشتیی نێوان قازانج و کرێی کار و نرخ ٣٩

دۆخە سەرەکیەکانی تێکۆشان لە پێناوی بەرزکردنەوەی کرێی کارو بەرهەڵستیدا دژی کەمکردنەوەی ٤١

ناکۆکی نێوان سەرمایەو کارو دەرئەنجامەکانی ٤٥

ناوو ڕووداوە مێژووییەکان ٥٠

# ووشەوزاراوەو کۆنسێپتە ئابوورییەکان

| English | العربية | کوردی | ١ |
|---|---|---|---|
| amount | الكمية، المبلغ | چەندایەتی، بڕ | ٢ |
| quantity | المبلغ، الكمية | بڕ، چەندایەتی | ٣ |
| fixed, constant | الثابت | نەگۆڕ | ٤ |
| variable | المتغيير | گۆڕراو | ٥ |
| wage | الأجرة، الاجور | کرێی کار | ٦ |
| magnitude | حجم | قەوارە | ٧ |
| value | القيمة | بەها | ٨ |
| increase | الازدياد | زیادبوون | ٩ |
| labouring power | قوة العمل | هێزی کار | ١٠ |
| money | المال، النقد | پارە، نەخت | ١١ |
| currency | العملة، النقد | دراو، نەخت | ١٢ |
| circulate | التداول | دەساودەس کردن | ١٣ |
| average price | السعر الوسطي | نرخی مامناوەندی | ١٤ |
| accumulation of capital | تراكم رأس المال | کەڵەکەبوونی سەرمایە | ١٥ |
| productive powers | القوة الانتاجية، القوى المنتجة | هێزە بەرهەمهێنەرەکان | ١٦ |
| rise | الارتفاع | بەرزبوونەوە | ١٧ |
| national production | الانتاج الوطني | بەرهەمهێنانی نیشتمانی | ١٨ |
| supposition | افتراض | گریمانە | ١٩ |
| logical conclusion | النتيجة المنطقية | دەرئەنجامی لۆژیکی | ٢٠ |
| profit | الربح | قازانج | ٢١ |
| working class | الطبقة العاملة | چینی کرێکار | ٢٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| capitalist | الرأسمالي | سەرمایەدار، کاپیتالیست | ٢٣ |
| capitalis class | الطبقة الرأسمالية | چینی سەرمایەدار | ٢٤ |
| advanced capital | رأس المال الموظف (المسلف) | سەرمایەی وەگەڕخراو | ٢٥ |
| limit | محدود | سنووردار | ٢٦ |
| law of political economy | قانون الاقتصاد السياسي | یاسای ئابووری سیاسی | ٢٧ |
| determining | تحديد | دەستنیشان کردن | ٢٨ |
| price | السعر | نرخ | ٢٩ |
| commodity | البضاعة، السلعة | کاڵا | ٣٠ |
| necessaries | الضروريات الاساسية (الاستهلاكية) | پێداویستی، پێداویستیە سەرەکیەکان | ٣١ |
| exchange | التبادل | ئاڵوگۆڕ | ٣٢ |
| average rate of profit | معدل الوسطي للربح | تێکڕای مامناوەندیی قازانج | ٣٣ |
| general rate of profit | معدل العام للربح | تێکڕای گشتیی قازانج | ٣٤ |
| fall in the rate of profit | هبوط معدل الربح | کەمبوونەوەی تێکڕای قازانج | ٣٥ |
| income | الدخل | داهات | ٣٦ |
| equalized | يتعادل | ڕێکدەبێتەوە | ٣٧ |
| equilibrate | التوازن | پارسەنگ | ٣٨ |
| fluctuations of supply and demand | تقلبات العرض والطلب | هەڵبەزودابەزی خستنەڕوو داخوازی | ٣٩ |
| oscillations | تقلب، تأرجح | هەڵبەزودابەز | ٤٠ |
| purchasing power | القوة الشرائية | هێزی کڕین | ٤١ |
| surplus | فائض | زێدە | ٤٢ |
| ratio | نسبة | ڕێژە | ٤٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| surplus value | فائض القيمة | *زێدەی بەها* | ٤٤ |
| surplus labour | فائض العمل | *زێدەی کار* | ٤٥ |
| rate of surplus value | معدل فائض القيمة | تێکڕای زێدەی بەها | ٤٦ |
| Overproducing | فائض الانتاج | زێدەی بەرهەمهێنان | ٤٧ |
| burn surplus produce | حرق المنتجات الفائضة | سووتاندنی بەرهەمهێنراوە زیادەکان | ٤٨ |
| exponential or inversely proportional | التناسب الطردي والعكسي | ڕاستەوانەو پێچەوانە | ٤٩ |
| bullion | سبيكة | پارچە ئاڵتوون | ٥٠ |
| coin | معدني | مێتالیکی | ٥١ |
| retail | التجارة بالمفرق | بازرگانی تاک | ٥٢ |
| pay | الدفع | پێدان | ٥٣ |
| degree | المستوى، الدرجة | ئاست، پلە | ٥٤ |
| instrument | السندات | سەنەدات | ٥٥ |
| bills | الكمبيالات | کومپیالە | ٥٦ |
| cheque | صك | چەک | ٥٧ |
| dogma | عقيدة | دۆگما | ٥٨ |
| exchange value | القيمة التبادلية | بەهای ئاڵوگۆڕ | ٥٩ |
| use value | القيمة الاستعمالية | بەهای بەکارهێنان | ٦٠ |
| necessary labour | العمل الضروري | کاری پێویست | ٦١ |
| necessary labour time | وقت العمل الضروري | کاتی کاری پێویست، وەختی کاری پێویست | ٦٢ |
| surplus labour time | وقت العمل الاضافي | کاتی کاری زیادە، وەختی کاری زیادە | ٦٣ |
| commodity exchange | تبادل البضائع | ئاڵوگۆڕی کاڵا | ٦٤ |
| agriculture | الزراعة | کشتوکاڵ | ٦٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| yarn | غزل | چنین | ٦٦ |
| spinning wheel | دولاب الغزل | ئامرازی چنین (ئامرازی دەستیی چنین) | ٦٧ |
| spinner | الغزال | چنەر | ٦٨ |
| homogeneous | متجانس | هۆمۆجینی | ٦٩ |
| supply and demand | العرض والطلب | خستنەڕوو داخوازی | ٧٠ |
| paradox | المستغرب | پەرەدۆکس | ٧١ |
| wages system | نظام الاجرة (نظام العمل المأجور) | سیستمی کرێگرتە | ٧٢ |
| revolution in the mode of production | ثورة في اسلوب الانتاج | شۆڕش لە شێوازەکانی بەرهەمهێناندا | ٧٣ |
| Rent | الريع، ريع الارض | قازانجی زەوی | ٧٤ |
| intrest | الفائدة، الفائدة المثوية | سوود | ٧٥ |
| industrial profit | الربح الصناعي | قازانجی پیشەسازی | ٧٦ |
| moneylending | الربا | سوو، پارەدان بە قەرز | ٧٧ |
| cost | كلفة | خەرجی | ٧٨ |
| raw material | مواد الخام | ماتریالی خاو | ٧٩ |
| contain | تنطوي | تێیدەچێت، دەیگرێتەخۆ | ٨٠ |
| transaction | التعامل | مامەڵە | ٨١ |
| peasant | الفلاح | جووتیار | ٨٢ |
| serf | قن، رق | کۆیلەی زەوی، جووتیاری کۆیلەی زەوی | ٨٣ |
| slang | عامية | ڕەشۆکی | ٨٤ |
| article, product | المنتجات | بەرهەم، بەرهەمهێنراو | ٨٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| working day | يوم العمل | ڕۆژی کار | ٨٦ |
| intensity of labour | كثافة العمل، شدة العمل | چڕیی کار | ٨٧ |
| cycle | الدورة، الدوران | سایکڵ، سووڕ، سووڕانەوە | ٨٨ |
| struggle | النضال، الكفاح | خەبات | ٨٩ |
| Labourar, operative | الشغيل | کارگەر | ٩٠ |
| exact equivalent | معادل مضبوط | بەرابەرێکی ڕێک | ٩١ |
| tool | الأداة | ئامراز | ٩٢ |
| machine | الآلة | ئامێر | ٩٣ |
| colonialism | الاستعمار | کۆلۆنیالیزم | ٩٤ |
| malady | الداء، المرض | دەرد، نەخۆشی | ٩٥ |
| palliatives | مسكنات | ئازارشکێن | ٩٦ |
| tendency | ميل، اتجاه | مەیل، ئاراستە | ٩٧ |
| total capital | رأس المال الكلي، رأس المال الاجمالي | سەرمایەی گشتی | ٩٨ |
| composition of capital | تركيب رأس المال | پێکهاتەی سەرمایە | ٩٩ |
| press | ضغط | زەبر | ١٠٠ |
| maximum of profit | الحد الاقصى للارباح | بەرزترین ئاستی قازانج | ١٠١ |
| physical minimum of wages | الحد الجسدي الادنى للاجور | نزمترین ئاستی جەستەیی کرێی کار | ١٠٢ |
| adapt | تكيف | خۆگونجاندن | ١٠٣ |
| lower | ينخفض | نزم دەبێتەوە | ١٠٤ |
| reduction | تخفيض | دابەزاندن | ١٠٥ |
| resistance | مقاومه | بەرهەڵستی، بەرەنگاری | ١٠٦ |
| prosperous phases | مراحل الازدهار | قۆناغە گەشاوەکان | ١٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| compensate | تعويض | خستنەبری، دەچێتە بری | ١٠٨ |
| deviation | الانحراف | لادان | ١٠٩ |
| stagnation | الركود | سستبوون | ١١٠ |
| crisis | الأزمة | قەیران | ١١١ |
| Flourishing, prosperous | ازدهار | گەشانەوە | ١١٢ |
| quiescence | هدوء | خاوبوونەوە | ١١٣ |
| Houses of Terror | دور الهول | خانووی تێرۆر | ١١٤ |
| variable proportion | نسبة متغيرة | ڕێژەیەکی گۆڕدراو | ١١٥ |
| crystallize | تبلور، تجسد | بەرجەستە | ١١٦ |
| equation | معادلة | هاوکێشە | ١١٧ |
| equivalent | معادل | پارسەنگ، هاوسەنگ، هاوتا | ١١٨ |
| fact | حقيقة، واقع | فاکتە | ١١٩ |
| shares | الاسهم | پشک | ١٢٠ |
| monetary expression | التعبير النقدي | دەربڕی نەقدی | ١٢١ |
| barter | مقايضة | گۆڕینەوە | ١٢٢ |
| secondary | استثنائي، ثانوي | لاوەکی | ١٢٣ |
| ultimate limit of the value of labour | الحد الادنى لقيمة العمل | نزمترین ئاستی بەهای کار | ١٢٤ |
| although | مع ذلك | ئەگەرچی، لەکاتێکا، لەگەڵ ئەوەی، سەرباری | ١٢٥ |
| yankee | يانكى | یانکی، نازناوی ئەمریکیە باکووریەکان | ١٢٦ |
| function | وظيفة | فەرمان | ١٢٧ |
| consumption | الاستهلاك | بەکاربردن | ١٢٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| social labour | العمل الاجتماعي | کاری کۆمەڵایەتی | ١٢٩ |
| division of labor | تقسيم العمل | دابەشبوونی کار | ١٣٠ |
| skill | المهارة | لێهاتوویی | ١٣١ |
| monetary | النقدي | نەختی | ١٣٢ |
| inconvertible | غير قابل للفك | ووردناکرێتەوە | ١٣٣ |

# پێشەکی

هاوڵاتیان!

بەر لەوەی بچینە ناو باسەکەوە، ڕێم بدەن چەند تێبینیەکی سەرەتایی بخەمەڕوو.
لەم کاتەدا پەتایەکی ڕاستەقینەی مانگرتن بە کیشوەرەکەدا بڵاوبۆتەوە لە پێناوی بەرزکردنەوەی کرێی کاردا. ئەم بابەتەیش لە کۆنگرەکەماندا چارەسەر دەکرێت. ئێوە کە لە سەرەوەی کۆمەڵەی ئینترناسیۆلیستیدان[1]، دەبێت لەم بابەتە ئێجگار گرنگەدا، بۆچوونێکی ڕوونتان هەبێت. بۆیە من لە لایەنی خۆمەوە وا دەبینم، چارەسەرێکی بنەڕەتیی ئەم بابەتە دەکەوێتە ئەستۆم، ئیتر ئەگەر تەنانەت بێتاقەتیشتان بکەم.

وە دەبێت تێبینیەکی تری سەرەتاییش بخەمەڕوو سەبارەت بە هاوڵاتی ویستن کە وا دەزانێت ئەو لە بەرژەوەندی چینی کرێکار ئەم کارە دەکات، وە هەر تەنها پێشنیارێکی نەخستۆتەڕوو، بەڵکو بە ئاشکرایش، وەک خۆی ڕوا دەبات، ئەو بەرژەوەندیانە دەپارێزێت کە خۆیشی دەزانێت بە هیچ شێوەیەک لەناو چینی کرێکاردا جێیان نابێتەوە. وە دەیەوێت هەریەکەیش لە ئێمە، بە ڕێزەوە ڕوانێتە ئەم ئازایەتیە شەرەفمەندانەیەی ئەو. وە هیواداریشم سەرباری شێوازە توندەکەم، لە کۆتاییدا ویستن ببینێت من کۆکم لەگەڵ ئەو ئایدیایەدا کە وا دەردەکەوێت بنکەی تێڕوانینەکانی ئەو بێت لە تێزەکانیدا، ئەمەیش لە فۆرمەکەی

ئێستایدا وا دەبینم، لە ڕووی تیۆریەوە هەڵەیەو لە ڕووی پراکتیکیشەوە مەترسیدارە.

ئێستایش هەر ڕاستەوخۆ دەچەمە ئەو باسەوە کە لە بەردەممماندایە.

# ١. بەرهەمهێنـان و کرێی کار

لە ڕاستیدا ئەرگومێنتەکانی هاوڵاتی ویستن (Weston) پەنا دەباتە بەر دوو پێشینە: یەکەمیان، چەندایەتیی بەرهەمهێنانی نیشتمانی شتێکی نەگۆڕە، چەندایەتیەک یان قەوارەیەکی نەگۆڕە، وەک ماتماتیکیەکان دەڵێن؛ دووهەمیان، بڕی ڕاستەقینەی کرێی کار، وەک دەڵێن، ئەو کرێی کارەی بەو چەندایەتیە لە کاڵا ئەژمار دەکرێت کە دەتوانرێت پێی بکڕدرێت، چەندایەتیەکی نەگۆڕە، قەوارەیەکی نەگۆڕە.

ئێستا، بەڕوونی دەردەکەوێت یەکەمین دڵنیاکردنەوەی ویستن هەڵەیە. ئێوە دەزانن بەهاو کۆی بەرهەمهێنان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر لە زیادبووندایە، هێزی کاری بەرهەمهێنانی نیشتمانی لە زیادبووندایە، ئەو چەندایەتیەیشی لە پارە پێویستە بۆ دەساودەسکردنی ئەم بەرهەمهێنانە زیادەیە، ئەویش بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئەوەی دروستە لە کۆتایی ساڵدا، وە بۆ ساڵە جیاوازەکانیش لە بەراوورد کردنیاندا بە یەکتر، ئەوە بۆ مامناوەندیی هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ساڵیش دروستە. چەندایەتی یان قەوارەی بەرهەمهێنانی نیشتمانی، بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئەمە چەندایەتیەکی نەگۆڕ نیە، بەڵکو قەوارەیەکە لە گۆڕاندا، ئیتر ئەمە بەچاو پۆشین لەو گۆڕانەی لە ژمارەی دانیشتواندا ڕوودەدات و دەبێت هەر ڕوویش بدات، ئەمەیش بەهۆی گۆڕانی بەردەوامەوە لە کەڵەکەبوونی سەرمایەو لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کاردا. وە بە تەواوییش دروستە ئەگەر ئەمڕۆ بەرزبوونە لە ڕێژەی گشتیی کرێی کاردا ڕوویدات، ئەو بەرزبوونەوەیە، کاریگەریە شارراوەکانیشی هەرچی بێت، ئەمە

هەر لە خۆیەوە، بە خێرایی، گۆڕان لە چەندایەتی بەرهەمهێناندا دروست ناکات. ئەمە لە یەکەمجاردا لە خودی ئەو بارودۆخەوە سەرچاوەدەگرێت کە لە بووندایە. بەڵام ئەگەر بەرهەمهێنانی نیشتمانی، بەر لە بەرزبوونەوەی کرێی کار، چەندایەتیەکی گۆڕراو بێت نەک نەگۆڕ، ئەوا دوای بەرزبوونەوەی کرێی کاریش هەر بەردەوام دەبێت لە گۆڕان و نەگۆڕ نامێنێتەوە.

بەڵام گریمان چەندایەتیی بەرهەمهێنانی نیشتمانی نەگۆڕە لە بری ئەوەی لە گۆڕاندا بێت. تەنانەت ئا لەو کاتەیشدا، ئەوەی ویستنی برادەرمان تێیدەڕوانێت، ئەوە هەر دەرئەنجامێکی لۆژیکیەو هەر دڵنیاکردنەوەیەکە کە هیچ بیانووەیەکیشی بۆ نادۆزێتەوە. ئەگەر من ژمارەیەکی دیاریکراوم هەبوو، بڵێ هەشت، خۆ سنووورە ڕەهاکەی ئەو ژمارەیە ڕێ لە بەشەکانی خۆی ناگرێت کە سنووورە ڕێژەییەکانیان بگۆڕن. ئەگەر، بۆ نموونە، قازانج شەش و کرێی کار دوو بوو، ئەوا دەشێت کرێی کار زیاد بکات بۆ شەش، وە قازانجیش دابەزێت بۆ دوو، بەڵام کۆی ئەو بڕە هێشتا هەر هەشتە. لە هیچ حاڵێکدا چەندایەتیەکی نەگۆڕ لە بەرهەمهێنان، نایسەلمێنێت کە بڕی کرێی کاریش دووبارە پێویستە نەگۆڕ بمێنێتەوە. ئیتر چۆن ویستنی برادەرمان ئەو نەگۆڕییەی پێدەسەلمینرێت؟ هەر تەنها بە دڵنیایی کردنەوەیەک.

بەڵام ئەگەر تەنانەت ئێمەیش قبوڵی ئەو دڵنیاکردنەوەیەمان کرد، ئەوا پێویستە ئەمە سەبارەت بە هەردوو ئاراستەکە هەر ڕاست دەربچێت، ئەمە لەکاتێکا ئەو هەر تەنها لە ئاراستەیەکیاندا پێداگری دەکات. ئەگەر بڕی کرێی کار قەوارەیەکی نەگۆڕ بوو، ئەوکاتە ناتوانرێت نە زیاد بکرێت و نە کەمیش بکرێتەوە. خۆ ئەگەر

هەوڵدان بۆ سەپاندنی بەرزکردنەوەیەکی وەختیی کرێی کار لەڕێی هێزەوە، گەمژەیی کرێکاران بگەیەنێت، ئەوا گەمژەیی سەرمایەدارەکانیش لەوان کەمتر نابێت ئەگەر ئەوانیش دابەزاندنێکی وەختیی کرێی کار بسەپێنن. ویستنی برادەریشمان ئەوە ڕەتناکاتەوە کە کرێکاران *دەتوانن* لەبارودۆخێکی دیاریکراودا، بەڕێگای هێز، بەرزکردنەوەی کرێی کار بسەپێنن، بەڵام کاتێک بڕی کرێی کار هەر بەشێوەیەکی سروشتی نەگۆڕبێت، ئەوا دەبێت ئەمە کاردانەوەیەکیشی بەدوادا بێت. لە لایەکی تریشەوە ویستن دووبارە ئەوەیش دەزانێت سەرمایەدارەکان *دەتوانن* بە هێز کرێی کار دابگرن، وە بەڕاستییش بەردەوام بەزۆری هێز ئەم کەمکردنەوەیە دەسەپێنن. بە پێی پرنسیپی کرێی کاری نەگۆڕ، دەبێت ئەو حاڵەتە کاردانەوەیەکی بەدوادا بێت کەمتر نەبێت لە حاڵەتەکانی ڕابووردوو. بۆیە کرێکاران حەقیانە دژی هەر هەوڵێک بۆ -یان لەپێناوی کەمکردنەوەی کرێی کاردا، بوەستنەوە. واتە حەقیانە هەوڵی *بەرزکردنەوەی کرێی کار* بدەن. چونکە هەر *پەرچەکردارێک* دژی کەمکردنەوەی کرێی کار، *کردارێکە* بۆ بەرزکردنەوەی. وە هەر لەسەر هەمان پرنسیپی هاوڵاتی ویستن خۆی لە بارەی *کرێی کاری نەگۆڕەوە*، دەبێت کرێکاران لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، یەکیش بگرن و خەباتیش بکەن لە پێناوی زیادکردنی کرێی کاردا. خۆ ئەگەر ویستن ئەم دەرئەنجامە ڕەتبکاتەوە، ئەوا لە سەریەتی واز لەو پێشینەیەیش بهێنێت کە ئەم دەرئەنجامەی لێوە وەردەگیرێت. وە هەر ئەوە ناکەوێتە ئەستۆی کە بڵێت بڕی کرێی کار *چەندایەتیەکی نەگۆڕە*، بەڵکو دەبێت بڵێت لەگەڵ ئەوەی کە نە دەتوانرێت و نە پێویستیشە *بەرزبکرێتەوە*، دەتوانرێت و دەشبێت *نزمبکرێتەوە*، ئەمە هەرکات سەرمایە پێی باش بوو کەمی بکاتەوە. ئەگەر بۆ سەرمایەدار وا

باش بوو پەتاتەتان دەرخوارد بدات لە بری گۆشت، وە لە بری نانی گەنم نانی جۆتان بداتێ، ئەوا لەسەرتانە ئیرادەی ئەو وەک یاسایەکی ئابووری سیاسی قبوڵ بکەن و ملکەچی بن. وە ئەگەر ئاستی کرێی کار لە وولاتێکدا بەرزتر بوو بە بەراوورد لەگەڵ وولاتێکی تر، بۆ نموونە ئەگەر لە وولاتە یەکگرتووەکان بەرزتر بوو هەتا ئینگلترە، ئەوا شیکردنەوەی ئەم جیاوازیەیش لە ڕێژەی کرێی کاردا دەکەوێتە ئەستۆتان بە جیاوازی نێوان ئیرادەی سەرمایەداریی ئەمریکی و ئیرادەی سەرمایەداریی ئینگلیزی، ئەمەیش مێتودێکە بەبێ شک دەتوانێت، نەک هەر لێکۆڵینەوەی دیاردە ئابووریەکان، بەڵکو هەموو دیاردەکانی تریش، زۆر ئاسان بکات بۆمان.

بەڵام تەنانەت لەو کاتەیشدا، هەر دەبێت بپرسین: *بۆچی* ئیرادەی سەرمایەدارێکی ئەمریکی جیاوازە لە ئیرادەی سەرمایەدارێکی ئینگلیزی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە چوارچێوەی *ئیرادە* جێبهێڵین. لەوانەیە کەسێک پێم بڵێت ئیرادەی یەزدان لە فەرەنسا شتێکەو لە ئینگلترەیش شتێکی تر. خۆ ئەگەر داوام لێکرد ئەم دوو لایەنیەی ئیرادەم بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەوا هەر ئەوە بەسە بۆی؛ وەڵامم بداتەوە ویستی یەزدان شتێکە لە فەرەنساو شتێکی تریشە لە ئینگلترە. بەڵام هیچ گومانی تێدا نیە کە ویستنی برادەرمان پەنا نابات بۆ ئەم ئەرگومێنتە کە هەموو هۆکارێک ڕەتدەکاتەوە.

بە دڵنیاییەوە *ئیرادەی* کاپیتالیستێک ئەوەیە ئەوەندە ببات هەتا بۆی دەکرێت. بەڵام ئەوەی دەبێت ئێمە ئەنجامی بدەین ئەوە نیە

له *ئیرادەی* ئەو بدوێین، بەڵکو ئەوەیە لە *توانای*، لە *سنووری ئەو توانایە*، وە لە *خەسڵەتی ئەو سنوورانە* بدوێین.

## ٢. بەرهەمهێنان، کرێی کار، قازانج

ئەو ناونیشانەی هاوڵاتی ویستن خوێندیەوە بۆمان دەبوایە زۆر چڕبکرایەتەوە.
ئەمە کۆتایی هەموو دەرئەنجامەکەی ویستنە: ئەگەر چینی کرێکار چینی سەرمایەدار ناچار بکات بە پێدانی پێنج شیلینگ لە بری چوار شیلینگ لە شێوەی کرێی کاردا بە پارە، ئەوکاتە سەرمایەدارەکە بایی بەهای چوار شیلینگ کاڵا دەداتە کرێکارەکە لەبری پێنج شیلینگ. وە ئیتر ئەوکاتە چینی کرێکار دەبێت پێنج شیلینگ بدات بە هەرچی کە بەر لە بەرزبوونەوەی کرێی کارەکەیان، بە چوار شیلینگ دەیان کڕی. بەڵام بۆچی دەبێت ئەمە وابێت؟ بۆچی سەرمایەدار چوار شیلینگ دەدات وەک بەهای پێنج شیلینگ؟ **چونکە** [بەلای ویستنەوە] **بڕی کرێی کار نەگۆڕە. ئەی ئەمە بەچی نەگۆڕ کراوە لە ٤ شیلینگدا بۆ کاڵاکان؟ بۆچی ئەمە سێ یان دوو وە یان بڕێکی تر نیە؟ ئەگەر سنووردارکردنی ئەم بڕە لە کرێی کار بە یاسایەکی ئابووری جێگیر کرابێت، واتە سەربەخۆ بێت لە ئیرادەی سەرمایەدارەکە یان ئیرادەی کرێکارەکە، ئەوا یەکەمین شتێک کە دەبوایە هاوڵاتی ویستن ئەنجامی بدایە، ئەوە بوو کە ئەو یاسایە بخاتەڕوو وە بیشیسەلمێنێت. زیاتر لەوەیش، لەسەری بوو بیسەلمێنێت ئەو بڕە ڕیالیستیەی دراوە لە کرێی کار، ئەوە هەمیشە، لە هەر ساتێکی دیاریکراودا، بەتەواوی لەگەڵ بڕی پێویستی کرێی کاردا دەگونجێت، وە هەرگیز لێیشی لانادات. لە**

لایەکی تریشەوە، ئەگەر سنوورە دیاریکراوەکەی پڕی کرێی کار، *هەرتەنها بە ئیرادەی* سەرمایەدارەکە بریار درابێت، یان بە چاوچنۆکیەکانی ئەو سنووردار کرابێت، ئەوا ئەمە سنوورادارکردنێکی زۆرەملێیە. وە لەمەدا باسی پێویستی نامێنێت. وە ڕەنگە ئەمە هەر بە ئیرادەی سەرمایەدارەکە بگۆڕدرێت، بۆیە ڕەنگە، دژی ئیرادەی ئەویش، گۆڕینی بەسەردا بێتەوە.

هاوڵاتی ویستن تیۆریەکەی وا ڕوونکردۆتەوە کە پێتان بڵێت تەشتێک خواردن چەندایەتیەکی دیاریکراو شۆربای تێدایە وەک خۆراکی ژمارەیەک کەسی دیاریکراو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە لەو چەند کەسەوە بخورێت، خۆ زیادکردنێک لە پانیی کەوچکەکاندا؛ زیادبوونێک دروست ناکات لە چەندایەتی شۆرباکەدا. دەبێت لێرەدا ویستن ڕێم بدات بڵێم ئەمە هەر ڕوونکردنەوەیەکی هیچوپووچە. ئەمە تا ئاستێک لەو بەراووردە دەچێت کە مینینیوس ئەگریپا (Menenius Agrippa) بەکاریدەهێنا. کاتێک خەڵکە ڕەشوڕووتەکەی ڕۆما پەلاماری ئۆرۆستۆکراسیەکانی ڕۆمایاندا، ئەگریپای ئۆرۆستۆکراسی پێی گووتن گەدەی ئۆرۆستۆکراسیەکان تەغزیەی ئەندامەکانی جەستەی ڕەشوڕووتەکان دەکات لە جەستەی دەوڵەت. ئەگریپا سەرکەوتوو نەبوو لە سەلماندنی ئەوەدا کە گوایە دەتوانرێت تەغزیەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤێک بکرێت بەهۆی پڕکردنی گەدەی یەکێکی ترەوە. هاوڵاتییش ویستن، لە لایەنی خۆیەوە، بیری چووە، ئەو تەشتەی کرێکاران لێیدەخۆن، پڕە لە هەموو بەرهەمەکانی کاری نیشتمانی، وە ئەوەی ڕێیان لێدەگرێت زیاتری لێدەربهێنن، ئەوە نە بەرتەسکیی تەشتەکەیەو نە کەمی ناواخنەکەیشی، بەڵکو تەنها بچووکی کەوچکەکانیانە.

کەواتە بە چ فێڵێک سەرمایەدارەکە دەتوانێت بە چوار شیلینگ بەهای پێنج شیلینگ بدات؟ بە بەرزکردنەوەی نرخی ئەو کاڵایانەی دەیانفرۆشێت. ئێستا، ئایا بەرزبوونەوەی کاڵاکان، یان بەشێوەیەکی فراوانتر، ئایا گۆڕانی نرخی کاڵاکان، وە ئایا نرخی کاڵاکانیش خۆیان، تەنها بەستراوە بە ئیرادەی سەرمایەدارەکەوە؟ یان بە پێچەوانەوە، پێویستە بارودۆخێکی دیاریکراو هەبێت تا کاریگەریەک لەسەر ئەو ئیرادەیە جێبهێڵێت؟ ئەگەر هیچ پێویستیەک نەبێت بۆ ئەمە، ئەوا بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی گۆڕانە بەردەوامەکان لە نرخەکانی بازاڕدا، دەبنە مەتەڵێکی بێچارەسەر.

لەکاتێکا ئێمە وامانداناوە هیچ گۆڕانکاریەک ڕووینەداوە؛ نە لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کاردا، نە لە چەندایەتی سەرمایەو کاری بەکارهێنراودا، وە نە لە بەهای پارەدا کە بەهای بەرهەمهێنراوەکانی پێ پێوانە دەکرێت، بەڵکو ئەمە *تەنها گۆڕانێک بێت لە ڕێژەی کرێی کاردا*، ئەی ئەوکاتە دەبێت ئەم *بەرزبوونەوەی کرێی کارە* چۆن کار بکاتە سەر *نرخی کاڵاکان*؟ بێگومان تەنها بە کارلێکردنێکی بەکردەوە لەسەر ڕێژەی نێوان داخوازی لەسەر ئەو کاڵایانەو خستنەڕوویان.

ئەوە بە تەواوی ڕاستە، بە تێڕوانین لە چینی کرێکار وەک یەکەیەک، ئەو چینە داهاتەکەی بەکاردەهێنێت، وە پێویستیشە بەکاری بهێنێت بۆ *پێداویستیە سەرەکیەکان*. هەر لەبەر ئەمە، هەر بەرزبوونەوەیەکی گشتی لە ڕێژەی کرێی کاردا، هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوە لەسەر داخوازی، وە وەک دەرئەنجامی ئەوەیش لە بەرزبوونەوەی *نرخەکانی ئەو پێداویستیانە لە بازاڕدا*. ئەو

کاپیتالیستانەی ئەم پێداویستیانە بەرهەمدەهێنن، بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکانیان لە بازاڕدا، دەخەنە بری بەرزکردنەوەی کرێی کار. بەڵام ئەی ئەمە چۆن دەبێت لەگەڵ ئەو کاپیتالیستانەی بەرهەمهێنی ئەو پێداویستیانە نین؟ وە دەبێت وەهایش خەیاڵ نەکەینەوە گوایە ئەمانە ژمارەیان کەمە. ئەگەر واماندانا دوو-لەسێی بەرهەمهێنانی نیشتمانی لە پێنج-یەکی دانیشتوانەوە بەکاردەبرێت -لەم دواییانەدا لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنەوە ڕاگەیەنرا کە ئەوە لە لایەن حەوت-یەکی دانیشتوانەوە بەکاربراوە- ئەوکاتە تێدەگەن دەبێت چ ڕێژەیەکی گەورە لە بەرهەمی نیشتمانی لە شێوەی کەمالیاتدا بەرهەمبهێنرێت، وە یان *ئاڵوگۆڕ* بکرێت بە کەمالیات، وە چ چەندایەتیەکی گەورەیش لەو پێداویستیانە خۆیان، بە خەسار دەبرێن بۆ خزمەتچی، ئەسپ، پشیلە، وە شتی تری لەو جۆرە، وە بە تاقیکردنەوە دەیزانین، ئەو خەساربوونە بەردەوام، لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەکاندا، سنووردارتر دەبن.

باشە، ئەی بارودۆخی ئەو کاپیتالیستانە چی بەسەربێت کە پێداویستی بەرهەمناهێنن؟ ئەوان ناتوانن بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکانیان، بخەنە بری *نزمبوونەوەی تێکڕای قازانج*، کە ئەمە لە بەرزبوونەوەی گشتیی کرێی کارەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە داخوازی لەسەر ئەو کاڵایانەی ئەوان زیادی نەکردووە. بۆیە داهاتەکەیان کەمدەبێتەوە، وە ئیتر ئەوانیش دەبێت بەم داهاتە نزمەوە نرخێکی زیاتر بدەن بۆ هەمان چەندایەتی لەو پێداویستیانەی کە نرخەکانیان بەرزبۆتەوە. بەڵام ئەمەیش هەموو شتێک نیە. لەکاتێکا ئەوان داهاتەکەیان کەمی کردووە، ئەوا دەبێت خەرجیەکانیان لە کەمالیاتدا کەم بکەنەوە، لەبەر ئەمە،

داخوازیی هەردوولایەنە سەرمایەدارەکەیش لەسەر کاڵاکانی یەکتر کەمدەبێتەوە. دەرئەنجام، بەپێی ئەم دابەزینە لە داخوازیدا، نرخی کاڵاکانی ئەوانی تریش دێتە خوارەوە. هەربۆیە لەو لقە پیشەسازیانەیشدا، *تێکڕای قازانج دادەبەزێت*، ئەمەیش هەر لە بەرزبوونەوەیەکی سادەی ڕێژەی گشتیی کرێی کارەوە ناو بەس، بەڵکو بەهۆی ڕێژەیەکی ئاوێتەیشەوە لە بەرزبوونەوەی گشتیی کرێی کارو بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەکان و دابەزینی نرخی کەمالیاتەکانیشەوە.

کەواتە دەرئەنجام لە *جیاوازی تێکڕای قازانجەکانی* ئەو سەرمایانەدا چی دەبێت کە لە لقە جیاوازەکانی پیشەسازیدا دەخرێنەگەڕ؟ بۆچی بە گشتی دەرئەنجامەکە هەر یەکێکە، وە لە هەرکوێیەک بێت و بەهەر هۆکارێکیش بێت، تێکڕای *مامناوەندیی قازانج* لە بەرهەمە جیاوازەکاندا جیاواز دەنوێنێت؟ سەرمایەو کار لەو لقانەوە کە قازانجیان کەمە دەگوێزنەوە بۆ ئەو لقانەی قازانجیان زیاترە، ئەم پرۆسێسی گواستنەوەیەیش بەردەوام دەبێت هەتا داخوازی لە یەکێک لە لقەکانی پیشەسازیدا بەرزدەبێتەوە تا ئاستی گونجان لەگەڵ ئەو بەرزبوونەوەیەدا لە داخوازی، وە لە لقەکانی تردا دادەبەزێت بەپێی کەمبوونەوەی داخوازی. بە کارلێکردنی ئەم گۆڕانە، سەرلەنوێ تێکڕای گشتی قازانج *ڕێکدەبێتەوە* لە لقە جیاوازەکاندا. وە لە کاتێکا تەواوی ئەم ناڕێکیە لە ئەسڵدا هەرتەنها گۆڕانێکە لە ڕێژەی نێوان خستنەڕوو و داخوازیدا لەسەر کاڵا جیاوازەکان، ئەوا هۆکارەکە دەوەستێت هەرکات ئەو کاریگەریە وەستا، وە *نرخەکانیش* دەگەڕێنەوە ئاست و پارسەنگی ڕابووردوویان. وە ئیتر لەبری ئەوەی *دابەزینی تێکڕای قازانج* وەک دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی کرێی کار، لە سنووری چەند لقێکی پیشەسازیدا بمێنێتەوە، *گشتی* دەبێتەوە.

وه بە پێی گریمانەکەی ئێمە، نە هیچ گۆڕانێک لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کاردا ڕوویداوە، نە لە کۆی گشتی بەرهەمهێنانیشدا، بەڵکو *کۆی دیاریکراوی بەرهەمهێنان فۆرمی خۆی گۆڕیوە*. بەشی گەورەی بەرهەمهێنراوەکان لە شێوەی پێداویستیەکاندایە، بەشە بچووکەکەیشی لەشێوەی کەمالیاتدایە، یان، وە ئەمەیش هەر هەمان شتە، بەشە کەمەکەی ئاڵوگۆڕ دەکرێت بە کەمالیات، وە یان لە فۆرمە ئەسڵیەکەیدا بەکاردەبرێت، یان، کە ئەمەیش دووبارە هەر هەمان شتە، بەشی زۆری بەرهەمهێنانی خۆماڵی دەگۆڕدرێت بەو پێداویستیانەی لە دەرەوە دەهێنرێن لەبری کەمالیات. لەبەر ئەمە بەرزبوونەوەی گشتیی ڕێژەی کرێی کار، دوای بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی نرخەکانی بازاڕ، تەنها دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی تێکڕای گشتیی قازانج، ئەمە بەبێ هیچ گۆڕانێکی بەردەوام لە نرخی کاڵاکاندا. خۆ ئەگەر پێیان گووتم لە ئەرگومێنتەکەی پێشوودا وامداناوە کە هەموو زیادبوونێکی کرێی کار لە پێداویستیەکاندا خەرج دەکرێت، ئەوا وەڵام دەدەمەوە کە من باشترین گریمانەم بۆ بۆچوونەکەی هاوڵاتی ویستن داناوە. ئەگەر بەشە زیادبووەکەی کرێی کار لەو شتومەکانەدا خەرج کرا کە ناچنە نێو بەکاربردنی کرێکارانەوە، ئەوکاتە هیچ پێویست بە سەلماندن ناکات کە هێزی کڕینی کرێکاران زیادی کردووە. بەڵام لە کاتێکا ئەم زیادەیە لە هێزی کڕینی کرێکاراندا تەنها دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی کرێی کار بێت، ئەوا دەبێت ئەمە بە تەواوی هاوشان بێت لەگەڵ دابەزینی هێزی کڕینی کاپیتالیستەکاندا. لەبەر ئەوە *داخوازی گشتی* لەسەر کاڵا *زیاد ناکات*، بەڵکو بەشە پێکهێنەرەکانی ئەو داخوازیە *دەگۆڕدرێت*. زیادبوونی داخوازی لە لایەکەوە، بە کەمبوونەوەی داخوازی لە لایەکی ترەوە، پارسەنگ دەگرێتەوە. وە لەکاتێکا داخوازی گشتیی

هەر نەگۆڕ ماوەتەوە، ئەوا ناکرێت هیچ گۆڕانێکیش لە نرخی کاڵاکاندا ڕووبدات لە بازاڕدا. بۆیە لێرەدا، دەگەینە ئەم مەتەڵە: بەشە زیادبووەکەی کرێی کار یان بە یەکسانی لە هەموو پێداویستیەکانی بەکاربردندا خەرج دەکرێت -لەو کاتەیشدا دەبێت زیادبوونی داخوازی لە لای چینی کرێکار، وەک پێویست چوونەوەیەکی داخوازی بێت لە لای چینی سەرمایەدار -یان لەو شتومەکانەدا خەرج دەکرێت کە بەشێوەیەکی وەختی نرخیان بەرزبۆتەوە. دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی تێکڕای قازانج لە چەند لقێکی پیشەسازیداو دابەزینیشی لە چەند لقێکی تردا، گۆڕانێک لە دابەشبوونەوەی سەرمایەو کاردا بەرهەمدەهێنێت و بەردەوامیش دەبێت هەتا بەرزبوونەوەی داخوازی لە لقێکی ئابووریدا دەباتە سەرەوە، وە لە لقەکانی تری پیشەسازییشدا دەیانباتە خوارەوە. لە یەکێک لە گریمانەکاندا، هیچ گۆڕانێک لە نرخی کاڵاکاندا ڕوونادات. لە گریمانەکەی تریاندا، دوای چەند هەڵبەزودابەزێک لە نرخەکانی بازاڕدا، بەهای ئاڵوگۆڕی کاڵاکان، دەگەڕێنەوە سەر ئاستە جێگیرەکەی ڕابووردوویان. لە هەردوو گریمانەکەیشدا، بەرزبوونەوەی گشتیی ڕێژەی کرێی کار هیچ دەرئەنجامێک نادات بەدەستەوە جگە لە کەمبوونەوەی تێکڕای گشتیی قازانج.

بۆ جووڵاندنی خەیاڵەکانتان، هاوڵاتی ویستن، داواتان لێدەکات بیر لەو ناڕەحەتیە بکەنەوە کە لە بەرزبوونەوەی گشتیی کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵیی ئینگلیزیدا ڕوویدا لە ٩ وە بۆ ١٨ شیلینگ. ویستن هاواری کرد، بیربکەنەوە لە بەرزبوونەوەی داخوازی لەسەر پێداویستیەکان، وە لەوەیشەوە بەرزبوونەوەی مەترسیداری نرخەکانیان!

ئێستا، ئێوە هەمووتان دەزانن مامناوەندیی کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵیی ئەمریکی، ڕێی دوو ئەوەندە زیاترە لە کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵیی ئینگلیزی، ئەمە لە کاتێکیشدا کە نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە وولاتە یەکگرتووەکاندا، نزمترە لە بریتانیای مەزن، ئەمە ئەگەرچی پەیوەندیە گشتیەکانی نێوان سەرمایەو کار لە وولاتە یەکگرتووەکانیشدا هەروەک ئینگلترەیە، وە لەگەڵ ئەوەیشی چەندایەتیی بەرهەمهێنانی ساڵانە لە وولاتە یەکگرتووەکاندا، زۆر کەمترە هەتا ئینگلترە. ئیتر بۆچی ئەم برادەرەمان زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات؟ زۆر سادە، ئەمە بۆ وەرگێڕانی پرسیارە ڕاستەقینەکەی بەردەممان. بەرزبوونەوەی ناکاوی کرێی کار لە ٩ بۆ ١٨ شیلینگ، یانی بەرزبوونەوەی ناکاوی ڕێی ١٠٠٪. وە ئیتر ئێمە هەرگیز ڕاوێژی ئەو بابەتە ناکەین کە ئایا دەتوانرێت ڕێژەی گشتیی کرێی کار لە ئینگلترە، لە ناکاوێکدا بەرزببێتەوە بۆ ١٠٠٪. وە هەرگیز حەقیشمان لەسەر *قەوارەی* ئەو بەرزبوونەوەیە نیە کە ئەمە لە هەموو نموونەیەکی پراکتیکیدا، دەبێت ببەسترێت بە -وە گونجاویش بێت لەگەڵ بارودۆخێکی دیاریکراودا. ئێمە تەنها دەبێت ئەوە شیبکەینەوە کە چۆن بەرزبوونەوەی ڕێژەی گشتی لە کرێی کاردا کاردەکات، ئەگەر ئەمە هەرتەنها یەک لە سەدیش بێت.

وە لە کاتێکا ئەم بەرزبوونەوە خەیاڵیە ١٠٠ لە سەدەی ویستنی برادەرمان ڕەتدەکەمەوە، سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ بەرزبوونەوەی ڕاستەقینەی کرێی کار کە لە بریتانیای مەزندا ڕوویدا لە نێوان ١٨٤٩ بۆ ١٨٥٩ دا.

ئێوە هەمووتان ئاگاداری پرۆژەیاسای دە کاژێری، یان ڕاستتر دە کاژێرو نیوی ڕۆژی کارن کە لە ١٨٤٩ دا خرایەڕوو. ئەمە یەکێک بوو

لەو گۆڕانە ئابووریە هەرە مەزنانەی ئێمە بینیومانە. ئەمە بەرزبوونەوەیەکی ناکاوو ناچاری بوو، نەک هەر لە چەند بازرگانیەکی ناوخۆدا، بەڵکو لە لقە پیشەسازیە سەرەکیەکانیشدا کە ئینگلترە بەهۆیەوە دەستی گرتبوو بەسەر بازاڕی جیهانیدا. ئەمە بەرزبوونەوەیەک بوو لە کرێی کاردا لە بارودۆخێکی تایبەتیی نالەباردا، دکتۆر ئۆر، پرۆفیسۆر سینیۆر، وە هەموو گووتەبێژە ڕەسمیەکانی تری ئابووری چینی ناوەڕاستیش، هەموویان باشتر، وە لەسەر بنەمایەکی بەهێزتریش لە ویستنی برادەرمان، سەلماندیان کە ئەو یاسایە زەنگێک بوو بۆ پیشەسازی ئینگلیزی. ئەوان سەلماندیان ئەمە هەر تەنها ڕێککردنەوەیەک نەبوو بە بەرزبوونەوەیەکی سادەی کرێی کار، بەڵکو بەرزبوونەوەیەک بوو لە کرێی کار؛ کە لەسەر بنەمای کەمبوونەوەی چەندایەتیی کاری بەکارهێنراو دەستپێکردبوو. وە ئەوان ڕایانگەیاند دوانزەهەم کاژێر کە دەیانەویست لە سەرمایەدارەکانی بیڕن، ئەوە ئەو تەنها کاژێرەیە کە سەرمایەداران قازانجی خۆیانی لێوە ڕادەکێشن. ئەمەیش هەڕەشەی لە بچووکبوونەوەی قەوارەی کەڵەکەبوون و بەرزبوونەوەی نرخ و لە دەستدانی بازاڕو دابەزینی بەرهەمهێنان و هەر پەرچەکردارێکی تر دەکرد لە کرێی کارو وێران بوونێکی فراوانیش. لە ڕاستیدا، ئەوان ڕایانگەیاند کە یاساکەی ماکسیمیلیان ڕۆبسبێر شتێکی زۆر بچووکتر بوو بە بەراوورد لەگەڵ ئەمە، وە ئەوان بە مانایەک لەسەر حەق بوون. باشە، ئەی دەرئەنجام چی بوو؟ بەرزبوونەوەی کرێی کاری نەختیی کرێکارانی کارگەکان بوو، ئەمە سەرباری کەمکردنەوەی ڕۆژی کار، وە زیادکردنێکی فراوانی ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە کارگەکاندا کاریان دەکرد، دابەزینی بەردەوامی بەرهەمهێنراوەکانیان، پێشکەوتنێکی گەورە لە هێزی کاری بەرهەمهێنانی کرێکاراندا، فراوانبوونێکی پلە بە پلەی

نەبیستراویش لە بازاڕی کاڵاکانیاندا. من بۆ خۆم، لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گەشەپێدانی زانستی لە ساڵی ١٨٦٠ دا لە مانشستەر، گوێم لە مستر نیومان (لەڕاستیدا نیومارچ) و ئۆرو سینیۆرو هەموو نوێنەرە ڕەسمیەکانی زانستی ئابووری بوو دانیان بەوەدانا کە ئەوان هەڵەبوون، ئەمە لە کاتێکا غەریزەی میللەت ڕاست دەرچوو. من لێرەدا مستر ولیام نیومانم یادخستەوە نەک پرۆفیسۆر فرانسیس نیومان، چونکە ئەو جێگایەکی باڵای داگیرکردبوو لە زانستی ئابووریدا، وەک بەشدارێک و دانەرێکی (*مێژووی نرخەکان*) ی مستر توماس تووک، کە کارێکی نایابە لە شوێنکەوتنی مێژووی نرخەکاندا هەر لە ساڵی ١٧٩٣ وە هەتا ساڵی ١٨٥١. ئەگەر ئایدیا نەگۆڕەکەی ویستنی برادەرمان دەربارەی بڕی نەگۆڕ لە کرێی کار، قەوارەیەکی نەگۆڕ لە بەرهەمهێنان، پلەیەکی نەگۆڕ لە هێزی کاری بەرهەمهێنان، ئیرادەیەکی هەمیشەیی نەگۆڕ لەلای سەرمایەداران، وە هەرچی تریشی هەیە لە نەگۆڕو دوادەرئەنجامی دروست، ئەمانە ڕاستبوونایە، ئەوا پێشبینیە شوومەکانی پرۆفیسۆر سینیۆریش ڕاستدەبوو، وە ڕۆبێرت ئۆینیش[٢] هەڵەدەبوو کاتێک هەر لە ١٨١٦ وە ڕایگەیاند دەستنیشانکردنی گشتیی ڕۆژی کار یەکەمین هەنگاوی ئامادەکاریە بۆ ڕزگاری چینی کرێکار، وە لەسەر بەر پرسیارێتی خۆیشی کەوتە پراکتیزەکردنی بەکردەوەی ئەمە لە کارگەکەی خۆیدا لە نیو لانارک.

هەر لەو کاتەدا پرۆژەیاسای دە کاژێری جێبەجێدەکراو کرێی کاریش بەوهۆیەوە بەرزبۆوە لە بریتانیای مەزندا، بە هەندێ هۆکار کە لێرەدا ناتوانین بیانژمێرین، *کرێی کاری گشتیی کرێکارانی کشتوکاڵییش بەرزبۆوە*. وە هەرچەندە ئەمە ئامانجی ڕاستەوخۆو

بەدەستوبردم نیە، بەڵام بۆ ئەوەی چەواشەتان نەکەم، دەمەوێت لێرەدا چەند تێبینیەکی سەرەتایی بخەمەڕوو.
ئەگەر کەسێک دوو شیلینگ کرێی کارە هەفتانەییەکەی بێت، وە ئەگەر کرێی کارەکەی بەرزبۆوە بۆ چوار شیلینگ، ئەوکاتە *ڕێژەی کرێی کار* ١٠٠٪ بەرزبۆتەوە. دیارە ئەمەیش شتێکی نایابە ئەگەر ئەمە دەربڕی بەرزبوونەوەی *ڕێژەی کرێی کار* بێت، ئەمە هەرچەندە *بڕی بەکردەوەی کرێی کار*، چوار شیلینگ لە هەفتەیەکدا، هێشتایش هەر ئێجگار کەمەو هەر برسیکردنیشە. لەبەرئەوە نابێت ڕێگا بەخۆتان بدەن بەرزبوونەوەی *ڕێژەکەی* بە چەند سەنتێک، چەواشەتان بکات. دەبێت هەمیشە بپرسن: بڕە *ئەسڵیەکە* چەند بووە؟

زیاتر لەوەیش، ئێوە دەزانن ئەگەر ١٠ کەس هەریەکە ٢ شیلینگ وەربگرن لە هەفتەیەکدا، ٥ کەس هەریەکەی ٥ شیلینگ وەربگرن، ٥ کەسی تریش هەریەکەی ١١ شیلینگ وەربگرن لە هەفتەیەکدا، ئەم ٢٠ کەسە پێکەوە ١٠٠ شیلینگ، یان ٥ £ وەردەگرن لە هەفتەیەکدا. وە ئەگەر دوای ئەوە، بڕی *گشتیی* کرێی کارەکەیان ٢٠ لە سەد چووەسەرەوە لە هەفتەیەکدا، ئەوا لە ٥ £ وە تێپەڕدەکات بۆ ٦ £. ئەگەر *مامناوەندیەکەی* وەربگرین، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین *ڕێژەی گشتیی کرێی کار* ٢٠٪ بەرزبۆتەوە، ئەمە ئەگەرچی لە ڕاستیدا کرێی کاری ١٠ کەسەکەیان وەک خۆی ماوەتەوە، وە کرێی کاری ئەو کۆمەڵەی لە ٥ کەس پێکهاتوون تەنها لە ٥ شیلینگەوە بەرزبۆتەوە بۆ ٦ شیلینگ، وە کرێی کاری ٥ کەسەکەی تریان لە ٥٥ شیلینگەوە بەرزبۆتەوە بۆ ٧٠ شیلینگ. نیوەی ئەوکەسانە بەمە بارودۆخیان هەرگیز باشتر نەبووە، چارەکێکیان بە پلەیەکی زۆرکەم باش بوون، وە لە ڕاستیدا، تەنها بارودۆخی یەک چارەکیان باش بووە. ئەگەر *مامناوەندییەکەی*

ئەژمار بکەین، هێشتایش کۆی یری کرێی کاری ئەو ٣٠ کەسە، ٣٠٪ زیادی کردووە، وە ئەوەندەی کۆی ئەو سەرمایەی ئەو کەسانە دەخاتەکار، وە نرخی ئەو کاڵایانەیشی بەرهەمی دەهێنن، وا دەردەکەوێت وەک ئەوەی گوایە هەر بە تەواوی، بەرزبوونەوەی کرێی کاری مامناوەندی، بەشێوەیەکی یەکسان هەموویان بگرێتەوە. لە حاڵی کاری کشتوکاڵیدا، ئاستی کرێی کار زۆر جیاوازە لە ناوچە جیاوازەکانی ئینگلترەو سکۆتلەندە، بەرزبوونەوەیشی زۆر نایەکسان کاریگەریی جێدەهێڵێت لەسەریان.

دواجار، لەوکاتەدا کە ئەو بەرزبوونەوەیە لە کرێی کاردا ڕوویدا، کاریگەرییەکی پێچەوانەی لەسەر کار جێهێشت، وەک باجی نوێ بەهۆی جەنگی دژی ڕوسیاوە[٤]، ڕووخاندنی جێگای نیشتەجێبوونی کرێکاران بە فراوانی، وە زۆری تریش. دوای ئەم پێشەکیە درێژەیش، بەردەوام دەبم و دەڵێم لە ١٨٤٩ بۆ ١٨٥٩ ڕێژەی مامناوەندیی کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵیی بریتانیای مەزن *٤٠٪ بەرزبووەوە*. وە دەشتوانم زۆر بەدرێژی، دەلیلی سەلمێنەرتان بدەمێ، بەڵام بۆ ئەم مەبەستەی ئێستا باوەڕ ئەکەم ئەوە بەس بێت ڕووبەڕووی ویژدان و لێکۆڵینەوە ڕەخنەگرانەکەی مستر جۆن سی مۆرتنتان بکەمەوە کە لە ١٨٦٠ دا پێشکەشکراوە لە کۆمەڵەی هونەریی[٥] لەندەن "ئەو هێزانەی لە کشتوکاڵدا بەکاردەهێنرێت". مستر مۆرتن کورتەی چەند کۆکراوەیەک نیشاندەدات بە کاغەزو بەڵگەنامەی تر کە لە نزیکەی ١٠٠ کێڵگەوە کۆکراوەتەوە لە دوانزە ناوچەی سکۆتلەندی و سی و پێنج ناوچەی ئینگلیزیدا.

بەپێی بیروڕای ویستنی برادەرمان، وە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەرزبوونەوەیەی لە کرێی کاری کرێکارانی کارگەکاندا ڕوویداوە،

دەبوایە لە نێوانی ساڵەکانی ١٨٤٩-١٨٥٩ دا، بەرزبوونەوەیەکی زۆریش لە نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیشدا ڕووی بدایە. بەڵام ڕاستیەکەی چۆنە؟ سەرباری جەنگی ڕوسیا وە وەرزە بێپیتەکانی ساڵانی ١٨٥٤-١٨٥٦، نرخی مامناوەندیی گەنم، کە ئەمە بەرهەمە سەرەکیە کشتوکاڵیەکەی ئینگلترەیە، هەر سێ مانگ جارێک، ٣ پاوەند هاتۆتە خوارەوە لە ساڵەکانی ١٨٣٨-١٨٤٨ دا، وە نزیکەی دووپاوەندو ١٠ شیلینگیش هەر سێ مانگ جارێک لە نێوان ساڵەکانی ١٨٤٩-١٨٥٩ دا. ئا ئەمە بووە هۆی دابەزینی نرخی گەنم بە ڕێژەی زیاتر لە ١٦٪ هاوشان لەگەڵ بەرزبوونەوەی مامناوەندیی کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵیدا بە ڕێژەی ٤٠٪. وە هەر لەوکاتەدا، ئەگەر سەرەتاکەی بەراوورد بکەین بە کۆتاییەکەی، ١٨٥٩ لەگەڵ ١٨٤٩، ژمارەی ڕەسمیی هەژاران لە ٩٣٤٤١٩ کەسەوە دابەزی بۆ ٨٦٠٤٧٠ کەس، جیاوازیەکە ٧٣٩٤٩ کەسە؛ وە دەڵێم ئەمە کەمبوونەوەیەکی ئێجگار کەمە. وە ئەو دابەزینەیشی لە ساڵەکانی دوتردا ڕوویدا، هێشتا هەر کەمە.

دەتوانین بڵێین، وەک دەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی یاسای دانەوێڵە[٦]، هاوردە کردنی دانەوێڵە لە دەرەوە بوو بە زیاتر لە دوو ئەوەندەی ساڵەکانی ١٨٤٩ و ١٨٥٩، ئەمە بە بەراوورد لەگەڵ ساڵانی ١٨٣٨-١٨٤٨ دا. ئەی چی دەربارەی ئەمە؟ لە تێڕوانینی هاوڵاتی ویستنەوە، وا چاوەڕوان دەکرێت، ئەم بەرزبوونەوە ناکاوە، زۆرە، بەردەوامە لە داخوازیدا لە بازاڕەکانی دەرەوەدا، دەبێت نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بەشێوەیەکی ترسناک بباتەسەرەوە، وە کاریگەریی بەرزبوونەوەی داخوازییش هەروەک خۆی بمێنێتەوە، ئیتر ئەگەر ئەمە لە دەرەوە بێت یان ناوەوە. ئەی ڕاستیی ئەمە چی بوو؟ بە چاوپۆشین لە چەند ساڵێک لە حاسڵاتە

خراپەکان، لە هەموو ئەو کاتەدا، دابەزینی ڕووخێنەرانەی نرخی دانەوێڵە، سکاڵایەکی زۆری لە فەرەنسادا لێکەوتەوە؛ ئەمریکیەکانیش دووبارەو دووبارە، ناچار دەبوون بە سووتاندنی بەرهەمهێنراوە زیادەکانیان؛ ڕوسیایش، ئەگەر باوەڕ بە مستر ئۆرکۆهارت بکەین، پاڵێکی نا بە جەنگی ناوخۆیی وولاتە یەکگرتووەکانەوە[٧]، چونکە هەناردە کردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ڕوسیا تووشی ئیفلیج بوون دەکات بەهۆی ڕکابەریی یانکیەکان خۆیانەوە لە بازاڕەکانی ئەوروپادا.

*بە شۆڕبوونەوە بۆ فۆرمە ئابستراکتەکەی،* ئەرگومێنتەکەی هاوڵاتی ویستن، بەمە دەگات: هەمیشە هەموو بەرزبوونەوەیەک لە داخوازیدا، لەسەر بنەمای چەندایەتیەکی دیاریکراو لە بەرهەمهێنان ڕوودەدات. لەبەر ئەوە *هەرگیز خستنەڕوو زیاد ناکات لەو کاڵایانەدا کە داخوازییان لەسەرە،* بەڵکو *تەنها نرخە نەختینەکانیان زیاد دەکات.* بەڵام لە تێبینیەکی گشتیدا دەردەکەوێت کە چوونەسەرەوەی داخوازی لە هەندێ حاڵدا، بەبێ هیچ گۆڕانێک؛ نرخی تەواوی کاڵاکان لە بازاڕدا وەک خۆی دەهێڵێتەوە، وە لە حاڵەتی تردا، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەیەکی وەختیی نرخەکانی بازاڕ کە ئەمە زیادبوونی خستنەڕوو بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەیش دابەزینی نرخ بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێتەوە بۆ ئاستە ئەسڵیەکەی خۆی، وە لەزۆر حاڵیشدا *دەچێتە خوار* ئاستی ئەسڵی خۆی. ئەگەر بەرزبوونەوە لە داخوازیدا لە زیادبوونی کرێی کارەوە، یان هەر هۆکارێکی ترەوە سەرچاوە بگرێت، هەرگیز مەرجەکانی ئەو گرفتە ناگۆڕێت. لە تێڕوانینی هاوڵاتی ویستنەوە، شیکردنەوەی ئەم دیاردە گشتیە زەحمەتە کە لە بارودۆخێکی لاوەکی بەرزبوونەوەی کرێی کارەوە

ڕوودەدات. بۆیە ئەرگومێنتەکەی هیچ مانایەکی تایبەتی نابەخشێت لەو بابەتەدا کە ئێمە بە چارەسەر کردنیەوە خەریکین. ئەمە هەرتەنها حەپەساوی ئەو نیشاندەدات بەرامبەر بە هۆکاری ئەو یاسایانەی کە زیادبوونی داخوازی، زیادەی خستنەڕوو وەبەردەهێنێت، ئەمە لە بری ئەوەی لە دواجاردا نرخەکانی بازاڕ بەرز بکاتەوە.

## ٣. کرێی کارو نەخت

لە ڕۆژی دووهەمی ڕاوێژەکاندا ویستنی برادەرمان، دڵنیاکردنەوە کۆنەکانی بە فۆرمێکی نوێ پۆشی. وە گووتی: بەهۆی بەرزبوونەوەی گشتیی کرێی کاری نەختینەوە، پێویستیی نەخت زیاتر دەبێت بۆ پێدانی هەمان کرێی کار. بەڵام لە کاتێکا کە نەخت *نەگۆڕ* بێت، ئەی ئیتر چۆن دەتوانرێت لەگەڵ ئەو نەختە نەگۆڕەدا زیادبوونی کرێی کاری نەختینە بدرێت؟ لە یەکەمجاردا زەحمەتەکە لەو چەندایەتیە نەگۆڕەوە هاتبوو لە کاڵا کە دەدرێتە کرێکاران، ئەمە سەرباری زیادبوونی کرێی کاری نەختینەیان؛ بەڵام ئێستا لە زیادبوونی کرێی کاری نەختینەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە سەرباری چەندایەتیەکی نەگۆڕ لە کاڵا. وە بێگومان ئەگەر وازتان لە دۆگما ئەسڵیەکەی ویستن هێنا، ئەوا ناڕەحەتیە لاوەکیەکانیشی وون دەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نیشانی دەدەین ئەم گرفتی نەختە، هیچ پەیوەندیەکی بەو بابەتەوە نیە کە لە بەردەممانداپە.
لە وڵاتەکەی ئێوەدا میکانیزمی سیستمی پێدان زۆر پێرفێکتە بە بەراوورد لەگەڵ هەر وڵاتێکی تری ئەوروپادا. بەهۆی فراوانبوون و سێنتاڵیزەکردنی سیستمە بانکیەکەتانەوە، پێویستی نەخت زۆر

کەمتر دەبێتەوە لە پێناوی دەساودەس کردنی هەمان چەندایەتیدا لە بەها، وە لە پێناوی هەمان چەندایەتی یان زیاتریشدا لە بیزنز. بۆ نموونە، کە باس لە کرێی کار دەکەین، کرێکاری کارگە ئینگلیزیەکان، هەفتانە کرێی کارەکەی دەداتە دوکاندارێک، ئەویش هەفتانە دەیداتە خاوەن بانکەکان، وە لەوێیشەوە، هەفتانە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن پیشەسازیەکان، ئەویش دووبارە دەیداتەوە بە کرێکارەکانی، وە ئیتر هەر بەم چەشنە. ئا بەم ئامرازە، کرێی کاری ساڵانەی کرێکارێک، بڵێ ٥٢ پاوەندە، دەشێت بە یەک تاکە پاوەند بدرێت کە هەفتانە لە هەمان بازنەدا دەسووڕێتەوە. وە لەبەرئەوەی لە ئینگلترەدا ئەم میکانیزمە کەمتر پێشکەوتووە هەتا سکۆتلەندە، وە لە هەموو شوێنێکیش وەک یەک پێرفێکت نیە؛ بۆیە بۆ نموونە، دەبینین، لە هەندێ ناوچەی کشتوکاڵیدا، پێویستی نەخت زیاترە بۆ دەساودەسکردنی چەندایەتیەکی کەمتر لە بەها.

ئەگەر لە کەناڵەوە بپەڕیتەوە دەبینیت *کرێی کاری نەختینە*، گەلێک نزمترە بە بەراوورد لەگەڵ ئینگلترە، بەڵام لە ئەڵمانیا، ئیتالیا، سویسرا، وە فەرەنسا *چەندایەتیەکی زۆر زیاتر لە نەخت* دەساودەسدەکات. هەمان پارەیش بە هەمان خێرایی دەست خاوەن بانکەکان یان کاپیتالیستە پیشەسازیەکان ناکەوێتەوە؛ بۆیە ڕەنگە لەبری یەک پاوەند بۆ دەساودەسکردنی ٥٢ پاوەند لە ساڵێکدا، سێ پاوەند پێویست بێت بۆ سووڕانەوەی ساڵانەی بڕی ٣٥ پاوەند لە کرێی کار. هەر بەمجۆرە، لە بەراووردی کیشوەرەکەدا بە ئینگلترە، هەر یەکسەر دەبینیت کەمیی کرێی کاری نەختینە پێویستی بە نەختێکی زیاترە بۆ دەساودەسکردن بە بەراوورد

لەگەڵ کرێی کارێکی نەختینەیی بەرزتردا، ئەمەیش لە ڕاستیدا، تەنها خاڵیکی تەکنیکیە، وە زۆر نامۆیشە بە بابەتەکەی ئێمە.

بە پشت بەستن بە باشترین ئەژمار کردن  کە من ئاگام لێیەتی، داهاتی ساڵانەی چینی کرێکار لە ئینگلترەدا بە ٢٥٠ ملیۆن پاوەند دادەنرێت. ئەم بڕە زەبەللاحە بەهۆی ٣ ملیۆن پاوەندەوە دەساودەس دەکات. وە گریمان کرێی کار بە ڕێژەی ٥٠٪ چووەسەرەوە. ئەوکاتە لە بری سێ ملیۆن نەخت، پێویستیەکە دەبێتە چوار ملیۆن و نیو. وە لە کاتێکا کە بەشێکی زۆر گەورە لە خەرجیەکانی ڕۆژانەی کرێکاران بە زیوو مس دەدرێت، واتە هەرتەنها بە هێمایەک دەدرێت کە بەها ڕێژەییەکەی بەحوکمی یاسا، بەرامبەر بە ئاڵتون نەگۆڕ کراوە، ئەمە هەروەک چۆن بەهای ئەو نەختینە کاغەزیە دەستنیشان دەکرێت کە ووردناکرێتەوە، ئەوا بەرزبوونەوەیەکی ٥٠٪ یی کرێی کاری نەختینە، هەر تەنها لە بەرزترین حاڵیدا، سووڕانەوەیەکی زیاتری نەخت دەخوازێت، بڵی ئەویش بڕی یەک ملیۆنە. بەم مانایەیش، ئێستا یەک ملیۆن، لە شێوەی پارچە ئاڵتوون و پارەی مێتالیکیدا، لە ژێرزەمینەکانی بانکی ئینگلترەدا خەوێنراون، وە یان لە بانکە ئەهلیەکاندا دەساودەس دەکەن. بەڵام ئەو خەرجیە زۆرەیشی وەک دەرئەنجامی پێویستیی زیاتری نەخت یان نەختینە بۆ ئەو ملیۆنە، دەتوانرێت هەڵبگیرێت، وە بەکردەوەیش هەڵدەگیرێت بۆ هەرکاتێک کە بەرزبوونەوەیەک ڕوویدا بەهۆی زیادبوونی پێویستیی نەختەوە بۆ دەساودەس کردن. هەمووتان دەزانن نەختی ئەم ووڵاتە دابەش بووە بە دوو جۆری گەورە. جۆرێکیان، بەشێوەی جیاواز، وەک پارەی کاغەزی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت بۆ مامەڵە کردن لەنێوان بازرگان و بازرگاندا، ژمارەیەکی زۆریش لە نێوان بەکاربەرەکان و

بازرگانەکاندا، ئەمە لە کاتێکا شێوەکەی تریان، ئەو پارە مێتالیکەیە کە لە بازرگانیە تاکەکاندا دەساودەس دەکات. وە سەرباری هەر جیاوازیەکیشیان، ئەم دوو جۆرە لە نەخت تێکەڵ دەبن بە یەکتر. بەڵام پارەی مێتالیکی ئاڵتوونی، بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان، لە پێدانێکی فراواندا دەساودەس دەکات وەک ڕێی تاکتاک کە دەکەوێتە ژێر ٥ پاوەندیەوە. خۆئەگەر سبەینێ نەختی کاغەزیی ٤ پاوەندی و ٣ پاوەندی و ٢ پاوەندی دەرچوو، ئەوکاتە ئەو ئاڵتوونەی کە ئەو کەناڵی دەساودەس کردنە پڕدەکاتەوە، بەخێراییی لەو کەناڵانە دەردەپەڕێنرێتە دەرەوە، وە ڕوودەکاتە ئەو کەناڵانەی کە بوونەتە پێویستیی زیادبوونی کرێی کاری نەختینە. بەم شێوەیە ئەو ملیۆنە زیادەیەمان دەستدەکەوێتەوە کە بەرزبوونەوەی ٥٠٪ ی کرێی کار دەیخوازێت، ئیتر بەبێ ئەوەی یەک تاکە پاوەندی زیاتری بخەینەسەر. وە دەشێت هەمان کاریگەریی ڕووبدات، بەبێ زیادکردنی یەک تاکە نەختی کاغەزی بۆ دەساودەس کردن، وەک چۆن ئەمە بۆ ماوەیەکی درێژ لە لانکشیر ڕوویدا.

ئەگەر بەرزبوونەوەی گشتیی ڕێژەی کرێێکار -بۆ نموونە بە ڕێژەی ١٠٠% وەک گریمانەکەی هاوڵاتی ویستن- لە کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵیدا ڕووبدات، ئەمە بەرزبوونەوەیەکی زۆر لە نرخی پێداویستیەکاندا بەرهەمدەهێنێت، وە بەپێی بۆچوونەکەی ئەو، ئەمەیش بڕێکی زیاتر بخوازێت لە پارە کە نەتوانرێت پەیدا بکرێت، ئەوکاتە دەبێت *دابەزینێکی گشتیی کرێی کار* هەمان کاریگەریی لە هەمان ئاستدا جێبهێڵێت، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانە. باشە! ئێوە هەمووتان دەزانن ساڵەکانی ١٨٥٨-١٨٦٠ باشترین ساڵەکانی گەشانەوەی پیشەسازی لۆکە بوو، وە بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر، ساڵی ١٨٦٠ ساڵیکی بێوێنە بوو لە

تۆمارگەی مێژووی بازرگانیدا، وە هەر لەو کاتەدا، هەموو لقە پیشەسازیەکانی تریش، گەشانەوەیان بەخۆیانەوە بینی. کرێی کاری کارگەرانی لۆکەو هەموو ئەو کرێکارانەیشی بەجۆرێک هاوپەیوەست بوون بەو بازرگانیەوە، لە ١٨٦٠ دا، لە هەموو کاتێکی تر بەرزتر بوو. قەیرانی ئەمریکا سەریهەڵدا، وە هەر لە ناکاوێکدا ئەو کرێی کارە گشتیە دابەزی بۆ نزیکەی چوار-یەکی ڕی ڕابووردووی. ئەمە لە ئاراستە پێچەوانەکەدا، بەرزبوونەوە بوو بە ڕێژەی ٤٠٠٪.

ئەگەر کرێی کار لە ٥ وە بەرزبۆوە بۆ ٣٠، ئەوا دەڵێین ٤٠٠٪ بەرزبۆتەوە؛ ئەگەر لە ٣٠ وە دابەزی بۆ ٥، ئەوکاتە دەڵێین ٧٥٪ دابەزیوە؛ بەڵام ئەگەر ڕی بەرزبوونەوە لە حاڵەتێکدا وەک هەمان ڕی دابەزین بوو لە حاڵەتێکی تردا، ئەوکاتە پانزە شیلینگ دەبێت. وە ئەمە لەوکاتەدا، گۆڕانێکی چاوەڕواننەکراو دەبێت لە ڕێژەی کرێی کاردا، لە هەمانکاتیشدا کە نەک هەر ژمارەیەک کرێکار دەگرێتەوە کە لە کشتوکاڵدا کار دەکەن، بەڵکو ئەوانەیش دەگرێتەوە کە ناڕاستەخۆ بەستراون بە بازرگانی کەتانەوەو زیاتر لە نیوەی کرێکارانی کشتوکاڵییش دەبن. بەڵام ئایا نرخی گەنم دابەزی؟ نەخێر، بەڵکو ساڵانە، لە ڕێژەیەکی مامناوەندیەوە کە هەر سێ مانگ جارێک، ٤٧ شیلینگ و ٨ پێنس بوو لە سێ ساڵەکانی ١٨٥٨-١٨٦٠ دا، بە ڕێژەیەکی مامناوەندی، هەر سێ مانگ جارێک بەرزدەبۆوە بۆ ٥٥ شیلینگ و ١٠ پێنس لە سێ ساڵەکانی ١٨٦١-١٨٦٣ دا. بەڵام سەبارەت بە نەخت، لە ساڵی ١٨٦١ دا پارەیەکی مێتالیکی دەرکرا بریتی بوو لە ٨٦٧٣٣٢٣ پاوەند بەرامبەر ٣٣٧٨٧٩٢ پاوەند لە ساڵی ١٨٦٠ دا. کەواتە لە ساڵی ١٨٦١ دا ٥٢٩٤٤٤٠ پاوەند زیاتر بووە هەتا ساڵی ١٨٦٠. ڕاستە

سووڕانەوەی نەختی کاغەزی لە ساڵی ١٨٦١ دا ١٣١٩٠٠٠ کەمتر بوو لە ساڵی ١٨٦٠. ئەگەر ئەمەمان لێدەرکرد، هێشتا زێدەیەک لە نەخت دەمێنێتەوە لە ساڵی ١٨٦١ دا، بە بەراوورد لەگەڵ ساڵە گەشاوەکەدا، ١٨٦٠، کە بریتیە لە بڕی ٣٩٧٥٤٤٠ پاوەند، یان نزیکەی ٤٠٠٠٠٠٠ ملیۆن پاوەند؛ بەڵام ڕێسێرڤی ئاڵتوون لە بانکی ئینگلترەدا هەر لەو کاتەدا دابەزی؛ نەک بە تەواوی بۆ هەمان ئاست، بەڵکو بە ڕێژەیەکی نزیک بەو.
بەراووردی ساڵی ١٨٦٢ بکە لەگەڵ ساڵی ١٨٤٢. بەچاوپۆشین لە زیادبوونێکی زۆر لە دەساودەس کردنی بەهاو چەندایەتی کاڵادا، لە ١٨٦٢ دا ئەو سەرمایەیەی بە ڕێکوپێکی دراوە بۆ مامەڵەکردن بە پشک و قەرزو هتدەوە، بۆ هێڵی ئاسنین لە ئینگلترەو ویلزدا، هەر ئەوە بە تەنها، بریتی بووە لە بڕی ٣٢٠ ملیۆن پاوەند، کە ئەوە بڕێکە وەک ئەفسانەیەکی دەنواند لە ١٨٤٢ دا. لەگەڵ ئەوەیشدا، بڕی گشتیی بە نەخت لە ١٨٦٢ و ١٨٤٢ دا تا ئاستێک یەکسان بوون بەیەک، وە بە گشتی مەیلی کەمبوونەوەیەکی پلە بە پلە دەبینرێت لە نەختدا سەرباری زیادبوونێکی بێئەندازەی بەها، ئەمەیش هەر تەنها لە کاڵادا نا، بەڵکو لە مامەڵەی نەختییشدا بە گشتی. ئا ئەمە لە تێڕوانینی ویستنی برادەرمانەوە، مەتەڵێکی بێچارەسەرە. بەڵام بە تێڕوانینێکی کەمێک قووڵتر لە بابەتەکە، ئەو ئەوەی دەدۆزیەوە کە، بەچاوپۆشین لە کرێی کاریش، وە بە سەیرکردنی وەک نەگۆڕ، ئەو بەهاو ژمارە زۆرەی لە کاڵا دەبێت دساودەس بکات، وە بە گشتی ئەو چەندایەتیەی لە پارە مامەڵەی پێوەدەکرێت، هەتا جێگیر دەبێت، هەموو ڕۆژێک لە گۆڕاندایە؛ ئەو چەندایەتیەی لە پارەی کاغەز دەرچووە ڕۆژانە لە گۆڕاندایە؛ وە ئەو بڕەی لە پێدان وەدیهاتووە بەبێ بەکارهێنانی هیچ پارەیەک، بەهۆی سەنەدات و کومپیالە و چەک و ژووری یەکلایی کردنەوەی

ژمێریاری، هەموو ڕۆژێک لە گۆڕاندایە؛ ئەمە پێبەپێی پێویست بوونی پارەی مێتالیکی، وە ڕێژەی نێوان ئەو پارە مێتالیکەی لە سووڕانەوەدایە وە ئەو بەشەی لەو پارە مێتالیکە لەگەڵ پارچە ئاڵتوون لە ڕێسێرڤدایە، یان لە ژێرزەمینی بانکەکاندا خەوێنراوە، ڕۆژانە لە گۆڕاندایە؛ وە چەندایەتی ئاڵتوونی پێویست بۆ دەساودەس کردنی نیشتمانی، وە ئەو چەندایەتیەیشی لە ئاڵتوون دەنێردرێتە دەرەوە بۆ دەساودەس کردنی ئینترناسیۆنالیستی ڕۆژانە لە گۆڕاندایە؛ ئەوجا ویستن لەو دۆگمایەی تێدەگەیشت کە نەگۆڕیی نەخت هەڵەیەکی ترسناکەو ناکۆکە بە جووڵەی ڕۆژانەمان. ئەو لەسەری بوو ئەو یاسایانەی شیبکردایەتەوە ڕێ بۆ نەخت خۆشدەکات تا بە بەردەوامی خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێنێت کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، ئەمە لەبری ئەوەی کۆنسێپتە هەڵەکەی خۆیمان لێبکات بە یاسای نەخت لە ئەرگومێنتێکدا، دژی بەرزبوونەوەی کرێی کار.

## ٤. خستنەڕوو داخوازی

ویستنی برادەرمان ئەو قسە نەستەقە لاتینیەی قبوڵ کردووە کە دەڵێت: *"repetitio est mater studiorum"*، وەک دەڵێن، دووبارەکردنەوە دایکی لێکۆڵینەوەیە، وە هەر لەسەر ئەو بنەمایە، دۆگما ئەسڵیەکەی خۆیی لە فۆرمێکی نوێدا دووبارە کردۆتەوە، کە کەمبوونەوەی پارە بەهۆی زیادبوونی کرێی کارەوە، کەمبوونەوە لە سەرمایەیشدا دروستدەکات و هتد. بەکردەوەیش باسی شکستەکەی ئەومان کرد دەربارەی نەخت، وە هیچ بایەخێکیش لەوەدا نابینم بچینە نێو خەیاڵەکانی ئەوەوە کە دەرئەنجامی فەنتازیاکانی خۆیەتی دەربارەی پارە. بۆیە هەر

یەکسەر سنوورێک بۆ *ئەو دۆگمایە* دادەنێم کە لە زۆر فۆرمی جیاوازدا دووبارەیان دەکاتەوە، ئیتر تا دەگاتە فۆرمە تیۆریە سادەکەی.

شێوازە ناڕەخنەییەکەی ئەو لە چارەسەری بابەتەکەیدا هەر تەنها بە یەک تێبینی دەردەکەوێت. ئەو دژی بەرزبوونەوەی کرێی کار وەستاوەتەوە، یان دژی کرێی کاری بەرزە وەک دەرئەنجامی ئەو بەرزکردنەوەیەی ڕوویداوە. ئێستا، من لەو دەپرسم: کرێی کاری بەرزو کرێی کاری نزم چیە؟ وە بۆچی، بۆ نموونە، ٥ شیلینگ لە هەفتەیەکدا نزمە، وە ٢٠ شیلینگ لە هەفتەیەکدا بەرزە؟ ئەگەر ٥ سەبارەت بە ٢٠ نزم بێت، ئەوا ٢٠ بە بەراوورد بە ٢٠٠ ئێجگار نزمترە. ئەگەر کەسێک وانەیەك بڵێتەوە لە بارەی پێوەری گەرمیەوە، وە بە باسی پلەی بەرزو نزم دەستپێبکات، ئەوا ئەو ناتوانێت هیچ مەعریفەیەکمان بۆ بگوێزێتەوە. ئەو لەسەریەتی لە پێشدا پێم بڵێت چۆن خاڵی-بەستن و خاڵی-کوڵان دەدۆزرێنەوە، وە چۆن ئەم خاڵە دەستنیشانکراوانە، بە یاسا سروشتیەکان، نەک بە فەنتازیای فرۆشیارو دروستکاری پێوەری گەرمی، جێگیر دەبن. بەڵام، هاوڵاتی ویستن، نەک هەر شکستی خوارد لە دەستنیشانکردنی ئەو خاڵانەدا وەک دەرهاویشتەی یاسا ئابووریەکانی کرێی کارو قازانج، بەڵکو تەنانەت هەر بەلایشیەوە گرنگ نەبوو پشکنینێکیان لەبارەوە بکات. ئەو خۆی بە قبوڵکردنی زاراوە میللییە ڕەشۆکیەکان ڕازیکردووە دەربارەی نزم و بەرز وەک ئەوەی ئەمە مانایەکی نەگۆڕی هەبێت، ئەمە ئەگەرچی ڕوونە کە دەتوانرێت بگووترێت کرێی کار یان بەرزە یان نزمە؛ ئەمە لە بەراوورد کردندا بە ستانداردێک کە قەوارەکەیان پێوانە دەکات.

ویستن ناتوانێت پێم بڵێت بۆچی بڕێکی دیاریکراو لە پارە دەدرێت لەبری چەندایەتیەکی دیاریکراو لە کار. وە ئەگەر وەڵامی دامەوە: "ئەمە بە یاسای خستنەڕوو داخوازی جێگیر بووە"، ئەوجا، وەک نموونەی یەکەم، داوای لێدەکەم، ئەی یاسای خستنەڕوو داخوازی خۆی بەچی ڕێکدەخرێت؟ وەڵامێکی لەمجۆرە هەر یەکسەر فڕێیدەداتە دەرەوەی یاریگاکە. پەیوەندیەکانی نێوان خستنەڕوو داخوازی لەسەر کار، وە لەگەڵ ئەوانیشدا نرخی کار لە بازاڕدا، ملکەچی گۆڕانێکی هەمیشەیین؛ ئەگەر داخوازی تێپەڕی خستنەڕووی کرد ئەوا کرێی کار بەرزدەبێتەوە؛ ئەگەر خستنەڕوو تێپەڕی داخوازیی کرد ئەوا کرێی کار نزم دەبێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە پێویست بێت لە باروودۆخێکی لەم چەشنەدا حاڵەتی بەکردەوەی داخوازی و خستنەڕوو *تاقی بکرێتەوە*، بۆ نموونە وەک مانگرتنێک یان هەر مێتودێکی تر. بەڵام ئەگەر تۆ خستنەڕوو داخوازییت وەک یاسای ڕێکخەری کرێی کار قبوڵ کرد، ئەوکاتە مناڵانەیە، هەروەک چۆن بێسوودیشە، دژی بەرزکردنەوەی کرێی کار بوەستیتەوە، چونکە، بەرزبوونەوەی ناوبەناوی کرێی کار، بەپێی بەرزترین یاسا کە ئێوە داوای دەکەن، پێویستیشەو مەشروعیشە، ئەمە هەروەک دابەزینی ناوبەناوی کرێی کار. بەڵام ئەگەر خستنەڕوو داخوازی وەک یاسای ڕێکخەری کرێی کار *قبوڵ نەکەن*، ئەوا سەرلەنوێ پرسیارەکەم دووبارە دەکەمەوە، بۆچی بڕێکی دیاریکراو لە پارە دەدرێتە چەندایەتیەکی دیاریکراو لە کار؟

بەڵام بۆ تێڕوانینێکی فراوانتر لە بابەتەکە: ئێوە هەمووتان بەهەڵەدا دەچن ئەگەر وا خەیاڵی لێبکەنەوە کە بەهای کار یان هەر کاڵایەکی تر، لە کۆتاییدا، بە خستنەڕوو داخوازی دەستنیشان دەکرێت. خستنەڕوو داخوازی هیچ شتێک ڕێکناخەن *هەڵبەزودابەزی* وەختیی نرخەکانی بازاڕ نەبێت. ئەوانە تەنها ئەوە

ڕوون دەکەنەوە کە بۆچی نرخی کاڵاکانی بازاڕ بەرزدەبنەوە بۆ سەروو -یان دادەبەزن بۆ خوار بەهاکەیان، بەڵام ئەوان هەرگیز ناتوانن نوێنەریی خودی *بەها* خۆی بکەن. گریمان خستنەڕوو داخوازی هاوتان، یان، وەک ئابووریستەکان دەڵێن، بەرابەری یەکتر دەوەستنەوە. بۆچی لە هەندێ چرکەساتدا ئەم دوو هیزە دژە هاوتا دەبنەوەو یەکتری پەکدەخەن، وە لەم یان ئەو ئاراستەوە لە کاردەکەون. لەو چرکەساتەدا کە خستنەڕوو داخوازی پارسەنگ دەگرن و بەو هۆیەیشەوە لەکار دەکەون، *نرخی کاڵایەک لە بازاڕدا* وەک *بەها ڕاستەقینەکەیی* لێدێت، وەک ئەو نرخە ئاساییەی لێدێت کە هاوپەیوەندە بە نرخەکانی بازاڕەوە. لەبەر ئەوە، لە پشکنینی سروشتیی ئەم *بەهایەدا*، هیچ بایەخێکمان نیە بۆ کاریگەریە وەختیەکان لەسەر نرخەکانی بازاڕ لە خستنەڕوو داخوازیەوە. ئەمەیش سەبارەت بە کرێێکارو نرخی هەموو کاڵاکانی تریش ڕاستە.

# ٥. کرێی کارو نرخ

بە داگرتنی بۆ سادەترین دەربڕینی تیۆری، هەموو ئەرگومێنتەکانی ئەم برادەرەمان، خۆیان لەم تاکە دۆگمایەدا چارەسەر کردووە: "*نرخی کاڵاکان بە کرێی کار دەستنیشان دەکرێت یان ڕیکدەخرێت*".

وا چاکە پەناببەم بۆ ئەو تێبینیە پراکتیکیانەی شاهیدی دەدەن دژی ئەم هەڵە بەسەرچووانە. وە دەمەوێت پێتان بڵێم کرێکارانی کارگە ئینگلیزیەکان، کانەکان، پاپۆڕەدروستکارەکان، وە زۆری

تریش، ئەوانەی نرخی کارەکانیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەرزە، بەرهەمەکانیان هەرزانتر لە هەموو نەتەوەکانی تر دەفرۆشرێن؛ ئەمە لەکاتێکا، بۆ نموونە، کرێکارانی کشتوکاڵیی ئینگلیزی، کە نرخی کارەکانیان نزمە، نرخی بەرهەمەکانیان لە هەموو نەتەوەکانی تر بەرزترە. بە بەراوورد کردنی بەرهەمهێنراوێک بە یەکێکی تر لە هەمان وڵاتدا، وە کاڵایش لە وڵاتە جیاوازەکاندا، دەتوانم، بەچاوپۆشین لەگەڵ هەندێ حاڵەتدا کە شازن زیاتر لەوەی ڕاستی بن، زۆر بەڕوونی نیشانی بدەم، مامناوەندیی ئەو کارانەی نرخیان بەرزە، کاڵای هەرزانبەهاو ئەو کارانەیشی نرخیان نزمە، کاڵای گرانبەها بەرهەمدەهێنن. وە بێگومان ئەمە نایسەلمێنێت کە نرخی بەرزی کارێک لە حاڵەتێکدا، وە نرخی نزمیشی لە حاڵەتێکی تردا، بە مانای ووشە هۆکاری کارلێککردنی پێچەوانەن، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئەوە نرخی کار نیە بریار لەسەر نرخی کاڵاکان دەدات. هەرچۆن بێت، ئەوە پێویست نیە بۆ ئێمە پەنا ببەینە بەر ئەو مێتودە تاقیگەییە.

لەوانەیە یەکێک ئەوە ڕەتبکاتەوە کە هاوڵاتی ویستن، ئەم دۆگمایەی پێشکەش کردووە: "*نرخی کاڵاکان بە کرێی کار دەستنیشان دەکرێت یان ڕێکدەخرێت*". لە ڕاستیدا ئەو هەرگیز ئەمەی دانەڕشتووە. بەڵکو ئەو بە پێچەوانەوە، گووتوویەتی قازانج و سوودی سەدی، بەشە پێکهێنەرەکانی نرخی کاڵا پێکدەهێنن، چونکە لە نرخی کاڵاکان هەر تەنها کرێی کاری کرێکاران نادرێت و بەس، بەڵکو قازانجی کاپیتالیستەکان و قازانجی زەویی خاوەن زەویەکانیش دەدرێت. بەڵام ئایا لە ئایدیاکەی ئەودا چۆن نرخەکان پێکدێن؟ یەکەمجار بە کرێی کار. پاشان ڕێژەیەکی سەدی دەخاتە سەر نرخەکە لە بری کاپیتالیسەکان، ڕێژەیەکی سەدیی تریش لەبری خاوەن زەویەکان. گریمان کرێی کاری

بەکارهێنراو بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک بریتیە لە ١٠. ئەگەر تێکڕای قازانج ١٠٠ لە سەدی کرێی کار بێت، ئەوا سەرمایەدارەکە ١٠ ی دەخاتە سەر، وە ئەگەر تێکڕای قازانجی زەوییش دووبارە ١٠٠ لە سەدی کرێی کار بوو، ئەوا ١٠ ی تریشی دەچێتە سەر، ئەوکاتە نرخی گشتیی کاڵاکە دەگاتە ٣٠. بەڵام دەستنیشان کردنی نرخ ئا بەمجۆرە، بە سادەیی، یانی ئەوەی نرخەکان بە کرێی کار دەستنیشان کراون. وە ئەگەر کرێی کار لەو حاڵەتەی سەرەوەدا بەرزبووەوە بۆ ٢٠، ئەوا نرخی کاڵا بەرزدەبێتەوە بۆ ٦٠، وە ئیتر هەر بەو چەشنە. دەرئەنجام، هەموو نووسەرە کۆنەکانی ئابووری سیاسی کە هەمان ئەو دۆگمایەیان خستۆتەڕوو کرێی کار نرخ ڕێکدەخات، ئەوانە هەوڵیانداوە بە چارەسەری قازانج و قازانجی زەوی بیسەلمێنن، ئەمە هەر تەنها *وەک ڕێژەیەکی سەدیی زیادکراوە بۆ سەر کرێی کار*. بێگومان هیچ کام لەمانە، نەیانتوانیوە سنووردار کردنی ئەو ڕێژەسەدییانە بگێڕنەوە بۆ هیچ یاسایەکی ئابووری. بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوان باوەڕیان وابووە قازانج بە نەریت، عورف، ئیرادەی سەرمایەداران، یان بە هەر مێتودێکی تر کە دەستنادات بۆ شیکردنەوە، بریار دەدرێت. خۆ ئەگەر گووتیان ئەمە بە ڕکابەری نێوان کاپیتالیستەکان دەستنیشان دەکرێت، ئەوا بەمەیش هیچیان نەگووتووە. بەدڵنیاییەوە ڕکابەری تێکڕای قازانجە جیاوازەکان هاوتادەکاتەوە لە بازرگانیە جیاوازەکاندا، یان دەیانگێڕێتەوە بۆ یەک ئاستی مامناوەندی، بەڵام هەرگیز ناتوانێت خودی ئەو ئاستە خۆی یان تێکڕای گشتیی قازانج دەستنیشان بکات.

مەبەستمان چیە کە دەڵێین نرخی کاڵاکان بە کرێی کار دەستنیشان دەکرێت؟ کرێی کار ناوێکە بۆ نرخی کار، بەمەیش مەبەستمان ئەوەیە نرخی کاڵاکان، بە نرخی کار ڕێکدەخرێت. وە

لەکاتێکا کە "نرخ" بەهایەکە بۆ ئاڵوگۆڕ -لەکاتێکا کە باسی بەها دەکەم هەمیشە باسی بەهای ئاڵوگۆڕ دەکەم- *بەهایەکی ئاڵوگۆڕ کە بە پارە دەردەبڕدرێت*، ئەم دڵنیاکردنەوەیەیش یانی ئەوەی کە "*بەهای کاڵاکان* بە بەهای کار دەستنیشان دەکرێت"، یان "*بەهای کار پێوەرێکی گشتیی بەهایە*".

بەڵام ئەی "*بەهای کار*" خۆی چۆن دەستنیشان دەکرێت؟ لێرەدا دەگەینە ڕێگایەکی داخراو. بەدڵنیاییەوە دەگەینە ڕێگایەکی داخراو ئەگەر لۆژیکیانە بیر بکەیەنەوە. ئەمە هەرچەندە لایەنگرانی ئەم مەزهەبە تەنانەت بە تەنگ دەرئەنجامە لۆژیکیەکانیشیانەوە نین. بۆ نموونە ویستنی برادەرمان وەربگرە. یەکەمجار پێی گووتین کرێی کار نرخی کاڵاکان ڕێکدەخات، هەربۆیە کاتێک کرێی کار بەرزدەبێتەوە دەبێت نرخیش بەرزببێتەوە. پاشان خۆی هەڵگێڕایەوە تا نیشانمان بدات کە بەرزبوونەوەی کرێی کار خراپە؛ لەبەر ئەوەی بەمە نرخی کاڵاکانیش بەرزدەبنەوە، وە لەبەر ئەوەیشی کە لەڕاستیدا کرێی کار بە نرخی ئەو کاڵایانە پێوانە دەکرێت کە تیایانا خەرج دەکرێن. هەربەوجۆرە پێی ووتین بەهای کار دەستنیشانی بەهای کاڵا دەکات، وە بەو ووتەیەیش کۆتایی پێدەهێنین کە بەهای کاڵاکان دەستنیشانی بەهای کار دەکات. وە ئیتر بەوجۆرە، ئێمە لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێینەوەو هەرگیز بە هیچ دەرئەنجامێکیش ناگەین.

بەگشتی، ڕوونە ئەگەر ویستمان بەهای کاڵایەک، بڵێ کار، تۆوی دانەوێڵە، یان هەر کاڵایەکی تر، بکەینە پێوەرێکی گشتی و ڕێکخەری بەها، بەوە دەمانەوێت تەنها قورساییەکەی سەرشانی خۆمان کەم بکەینەوە، ئەمە لەکاتێکا دەمانەوێت بەهایەک بە

بەهایەکی تر دەستنیشان بکەین، کە ئەو بەهایە خۆیشی پێوستە، لە لایەنی خۆیەوە دەستنیشان بکرێت.

ئەو دۆگمایەی کە "کرێی کار نرخی کاڵاکان دەستنیشان دەکات"، لە دەرپڕینێکی هەرە ئابستراکتی زاراوەکانەوە، دەگاتە ئەوەی کە "بەها بە بەها دەستنیشان دەکرێت"، وە لە ڕاستیدا، ئەم دووبارەکردنەوە بێمانایەیش، یانی ئەوەی ئێمە هیچ لەبارەی بەهاوە نازانین. وە ئەگەر ئەم پێشینەیەمان قبوڵ کرد، ئەوا هەموو دەرئەنجامەکانمان دەربارەی یاسا گشتیەکانی ئابووری سیاسی دەبنە چەنەبازیەکی ڕووت. لەبەر ئەوە، فەزڵێکی گەورەیە بۆ ڕیکاردۆ لە دانراوەکەیدا "پرنسیپەکانی ئابووری سیاسی"، کە لە ١٨١٧ دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو بنەما کۆنە باوەی لە بناغەوە هەڵتەکاندووەو ئەو هەڵە کۆن و بەسەرچووەی هەڵوەشاندۆتەوە کە "کرێی کار نرخ دەستنیشان دەکات"، هەڵەیەک کە ئادام سمیس و باووباپیرە فەرەنسیەکانیشی، بەتوندی لە بەشێک لە لێکۆڵینەوە زانستیەکانیاندا، ڕەتیان کردۆتەوە، بەڵام جارێکی تر لە چاپتەرە میللی و بازاڕیەکانیاندا، سەرلەنوێ ئەو هەڵەیە سەرهەڵدەداتەوە.

## ٦. بەهاو کار

هاوڵاتیان، ئێستا گەیشتمە خاڵێک، کە دەبێت لەوێوە برەوێکی ڕاستەقینە بە بابەتەکە بدەم. وە ناشتوانم گفتی ئەوە بدەم، کە ئەو ئەوکارە بە شێوەیەکی پڕ ڕەزامەندی ئەنجام دەدەم، بۆ

ئەوەی ئەو کارە بکەم، ناچار دەبم بەسەر هەموو بوارێکی ئابووری سیاسیدا تبێبپەڕم. دەتوانم، وەک فەرەنسیەکان دەڵین “effleurer la question”، تەنها خاڵە سەرەکیەکان وەربگرم. یەکەمین پرسیاری بەردەممان ئەوەیە کە: *بەهای* کاڵا چیە؟ چۆن ئەمە دەستنیشان دەکرێت؟

هەر لە یەکەم تێڕوانیندا دەردەکەوێت بەهای کاڵا شتێکی تەواو *ڕێژەییە*، وە ناشتوانرێت دەستنیشان بکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاڵایەک لە پەیوەندیەکانیدا بە هەموو کاڵاکانی ترەوە. لە ڕاستیدا، لە باسکردنی بەهادا، بەهای ئاڵوگۆڕ کردنی کاڵا، مەبەستمان چەندایەتیەکی ڕێژەییە کە دەتوانرێت ئاڵوگۆڕ بکرێت لەگەڵ هەموو کاڵاکانی تردا. بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات: چۆن ئەو ڕێژانە دەستنیشان دەکرێن کە ئاڵوگۆڕی کاڵاکانیان پێدەکرێت بە یەکتر؟ ئێمە بە تاقیکردنەوە فێر بووین، ئەو ڕێژانە بێسنوورو هەمەجۆرن. وە ئەگەر تەنها یەک تاکە کاڵا وەربگرین، بۆ نموونە گەنم، دەبینین چارەکەکیلۆیەک لە گەنم، ئاڵوگۆڕ دەکرێت بە ڕێژەیەکی جیاوازی بێشمار لە کاڵای جیاواز. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، *بەهاکەی هەمیشە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە*، ئەمە بەچاوپۆشین لەوەی ئایا بە ئاوریشم، یان بە ئاڵتوون، وە یان بە هەر کاڵایەکی تر دەردەبڕدرێت، ئەو بەهایە دەبێت جیاوازو سەربەخۆ بێت لە *ڕێژەی جیاوازی ئاڵوگۆڕکردندا* لەگەڵ بەرهەمهێنراوەکانی تردا. دەبێت لە فۆرمی جیاواز جیاوازدا، توانای دەربڕینی ئەو هاوکێشە جیاوازانە هەبێت لە نێوان کاڵا جیاوازەکاندا.
سەرباری ئەمە، کاتێک دەڵێم ئاڵوگۆڕی چارەکەکیلۆیەک لە گەنم بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە ئاسن، یان بەهای یەک چارەکەکیلۆ لە

گەنم بەرامبەر چەندایەتیەکی دیاریکراو لە ئاسن، بەمە دەمەوێت بڵێم، بەهای گەنم و هاوتا کردنی بە ئاسن، یەکسانن بە *شتێکی تری سێهەم* کە نە گەنمەو نە ئاسن؛ چونکە وایدادەنێم ئەمانە دەربڕی هەمان قەوارەن لە دوو فۆرمی جیاوازدا. لەبەرئەوە، هەریەک لەمانە، گەنم یان ئاسن، دەبێت توانا هەبێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەوانی تر، بەرابەر بکرێت بەو شتەی سێهەم کە پێوەری هاوبەشیانە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، پەنا دەبەمە بەر نموونەیەکی ئەندازەیی زۆر سادە. لە بەراووردی ڕووبەری سێگۆشەدا، ئیتر بە هەموو فۆرم و قەوارەیەکیەوە، یان لە بەراووردی سێگۆشەو لاکێشەدا، وە یان هەر هێڵێکی ڕاستدا، ئێمە چۆن کار دەکەین؟ ئێمە ڕووبەری هەر سێگۆشەیەک هەرچی بێت، کورت دەکەینەوە بۆ دەربڕینێک، تەواو جیاواز لە فۆرمە بەچاو بینراوەکەی. دوای ئەوەی سروشتی سێگۆشەکەمان دەستنیشانکرد کە ڕووبەرەکەی یەکسانە بە نیوەی بنکە x بەرزی، ئەوکاتە دەتوانین بەراووردی بەهای جیاوازی هەموو جۆرەکانی سێگۆشە یان هێڵە ڕاستەکان بکەین، ئیتر هەرچۆن بن، چونکە دەتوانرێت هەموو ئەمانە لە ژمارەیەک سێگۆشەی دیاریکراودا چارەسەر بکرێن.
پێویستە هەمان شێواز پەیڕەو بکرێت سەبارەت بە بەهای کاڵاکانیش. پێویستە بتوانین هەموویان لە دەربڕینێکدا کورت بکەینەوە کە هاوبەشی نێوان هەموویان بێت، وە تەنها بە پێی ئەو ڕێژانە لێکجیابکرێنەوە کە ئەو پێوەرە هاوبەشە دەیگرێتەخۆ.

لەکاتێکا *بەهای ئاڵوگۆڕ* تاکە فەرمانی *کۆمەڵایەتی* ئەو شتانەیە، وە هیچ شتێکیش ئەمانە لەگەڵ خەسڵەتە *سروشتیەکەیاندا*

کۆناکاتەوە، ئەوا پێویستە بەر لە هەرچی بپرسین: *جەوهەری کۆمەڵایەتی* هاوبەشی هەموو کاڵاکان چیە؟ ئەوە کارە. دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک، چەندایەتیەکی دیاریکراو لە کار بەکاربهێنرێت، یان کاری لەسەر کرابێت. بەڵام من تەنها ناڵێم *کار*، بەڵکو دەڵێم *کاری کۆمەڵایەتی*. ئەو کەسەی شتێک بۆ پێداویستیەکی ڕاستەوخۆی خۆی بەرهەمدەهێنێت، بۆ بەکاربردنی خۆی، ئەوە ئەو *بەرهەمێک* دروستدەکات، نەک *کاڵایەک*. ئەو وەک بەرهەمهێنێک بۆ خۆژیاندن، هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ گۆمەڵگادا کۆی ناکاتەوە. بەڵام بۆ بەرهەمبهێنانی *کاڵایەک*، ئەو کەسە نابێت هەرتەنها شتێک بەرهەمبهێنێت کە پێداویستیەکی *کۆمەڵایەتی* پڕ دەکاتەوەو بەس، بەڵکو دەبێت خودی کاری ئەو کەسە، بەشێک بێت لە کۆی گشتیی هەموو کاری کۆمەڵگا. دەبێت ئەو کارە لە *دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتیەوە هاتبێت لەنێو کۆمەڵگاوە*. ئەو کارەی ئەو هیچ نیە بەبێ دابەشبوونێکی تری کار؛ کە دەبێت بە دەوری خۆی، لەگەڵ ئەوانی تردا *یەکگرتوو بێت*.

ئەگەر بڕوانینە *کاڵا وەک بەها*، ئەوکاتە ئەمە لەیەک لایەنەوە *تێدەگەین*، بە مانای *نەگۆڕ*، یان، ئەگەر دەتەوێت بڵێیت، *کارێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستەبوو*. لەم لایەنەوە ئەمە تەنها بە نوێنەرایەتی کردنی چەندایەتیەکی گەورەتر یان بچووکتر لە کار، لە یەکتر *جیادەکرێنەوە*، وەک، بۆ نموونە، دەشێت چەندایەتیەکی گەورەتر لە کار پێویست بێت بۆ دەستەسڕێکی ئاوریشمی هەتا خشتێک. بەڵام ئەی *چەندایەتیەکانی کار*، چۆن پێوانە دەکرێن؟ *بە وەختی کار*، ئیتر ئەمە بە پێوانە کردنی بێت بە کاژێر، بە ڕۆژ، هتد. بێگومان بۆ ئەوەی ئەم پێوەرە بەکاربهێنرێت، هەموو جۆرێکی کار، کورت دەکرێتەوە بۆ مامناوەندیەکەی، یان بۆ کارێکی سادە وەک

یەکەیەک. بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەم دەرئەنجامە: کاڵا *بەهایەکی* هەیە، ئەمەیش لەبەر ئەوەی *کارێکی کۆمەڵایەتی تێدا بەرجەستە بووە. گەورەیی* بەهاکەی، یان بەها *ڕێژەییەکەی،* بەستراوە بە گەورەیی یان بچووکی ئەو چەندایەتیەوە لەو جەوهەرە کۆمەڵایەتیەدا کە دەیگرێتەخۆ؛ یان وەک دەڵێن، لە ڕێژەی کاری پێویستەوە بۆ بەرهەمهێنانی. هەر لەبەر ئەمە *بەهای ڕێژەیی کاڵا بە چەندایەتیی کارە تایبەتەکەی* دەستنیشان دەکرێت، *بەو کارەی تێیدا بەکارهاتووە، تێیدا بەرجەستە بووە.* ئەو چەندایەتیە چوونیەکانەی لە کاڵا، *هەمان* وەخت دەخوازن بۆ بەرهەمهێنانیان، ئەوانە *یەکسانن*. یان بەهای کاڵایەک کە بەرابەر دەکرێت بە بەهای کاڵایەکی تر کە چەندایەتیەکی لە کار تێدا بەرجەستە بووە، ئەوە هەمان چەندایەتیە لە کار کە لە کاڵایەکی تریشدا بەرجەستە بووە.

ڕەنگە ئێستا زۆرێکتان بپرسن: ئەی کەواتە، لە ڕاستیدا، جیاوازیەکی وا گەورە، یان هەر بە گشتی جیاوازیەک هەیە لە نێوان دەستنیشان کردنی بەهای کاڵاکان بە *کرێی کار*، وە دەستنیشان کردنیان بە *چەندایەتیەکی ڕێژەیی کاری* پێویست بۆ بەرهەمهێنانیان؟ دەبێت ئەوە بزانن *کرێی کار*، وە *چەندایەتیی* کار، دوو شتی تەواو جیاوازن لە یەکتر. بۆ نموونە، گریمان *چەندایەتیەکی یەکسان لە کار*، لە چارەکەکیلۆیەک گەنم و مسقاڵیک ئاڵتووندا بەرجەستە بووە. من ئەم نموونەیە وەردەگرم، لەبەرئەوەی *بنجامین فرانکلین* لە یەکەم باسەکەیدا بەکاریهێناوە لە ١٧٣١ دا لەژێر ناونیشانی *"شیکردنەوەیەکی سادە لەسەر سروشت و پێویستیی نەختی کاغەزی"*، وە ئەو لەوێدا، لەو یەکەمین کەسانە بووە، بە سروشتی ڕاستەقینەی بەها گەیشتووە.

باشە. گریمان چارەکەکیلۆیەک لە گەنم و مسقاڵێک ئاڵتوون *بەهایەکی یەکسان* یان *هاوتان*، لەبەرئەوەی *چەندایەتیەکی یەکسان لە ماماوەندیی کار* لە هەریەکە لەو کاڵایانەدا، بەرجەستە بووە، ئیتر چەند ڕۆژێک بێت یان چەند هەفتەیەک بێت لە کار. ئایا ئێمە بەم دەستنیشان کردنەی بەهای ڕێژەیی ئاڵتوون و دانەوێڵە، پەنجە ڕادەکێشین بۆ *کرێی کاری* کرێکارانی کشتوکاڵی و کرێکارانی کانەکان؟ نەخێر، بە هیچ جۆرێک. ئێمە ئەم پرسیارە بە *کراوەیی* جێدەهێڵین، کە چۆن کرێی کارە ڕۆژانەکەیان یان هەفتانەکەیان دراوە، وە یان تەنانەت ئایا بە هیچ جۆرێک کاری کرێگرتە بەکارهێنراوە. ئەگەر ئەمە وابووبێت، ئەوا کرێی کار ئێجگار نا یەکسان بووە. ئەو کرێکارەی کە کارەکەی لە چارەکەکیلۆیەک گەنمدا ڕیالیزە کراوە ڕەنگە هیچی دەسنەکەوێت تەنها چارەکێک نەبێت لەو چارەکەکیلۆیە، ئەو کرێکارەیشی لە کانەکان کار دەکات ڕەنگە نیو مسقاڵ لە ئاڵتوونی وەرگرتبێت. خۆ ئەگەر گریمان کرێی کارەکانیان یەکسان بوو، ئەوکاتە دەشێت، ئەو کاڵایانەی ئەوان بەرهەمیان هێناون، لە ڕێژەی جیاوازی هەموو بەهاکانیان لابدەن. واتە ڕەنگە هاوتابن بە نیو، یان سێیەک، یان چواریەک، یان پێنجیەک، وە یان هەر بەشێکی تری ڕێژەیی لەو چارەکەکیلۆیە یان لەو مسقاڵە ئاڵتوونە. بێگومان *کرێی کارەکەیان تێپەڕی* بەهای ئەو کاڵایانە ناکات کە بەرهەمیانهێناون، وە لەو بەهایانەیش *زیاتر* نابن، بەڵام دەشێت بە پلەی جیاواز، لەوان *کەمتر* بن. *کرێی کارەکەیان* بە بەهای بەرهەمهێنراوەکان *سنووردار* دەکرێت، بەڵام بەهای ئەو بەرهەمهێنراوانە بە کرێی کار سنووردار ناکرێت. لەسەروو هەموو شتێکیشەوە، گرنگ دەستنیشان کردنی بەهاکانە، بۆ نموونە بەهای ڕێژەیی گەنم و ئاڵتوون، ئیتر بەبێ ئەوەی بەهای ئەو کارە ئەژمار بکرێت کە تیایا بەکارهاتووە، واتە *کرێی کار*. لەبەر ئەوە، بۆ

ئەوەی بەهای کاڵاکان *بەو چەندایەتیە ڕێژەییە لە کار* دەستنیشان بکرێت کە تیایا *بەکارهێنراوە*، دەبێت شتەکە بە تەواوی لە مێتودی دووبارەکردنەوە جیاواز بێت لە دەستنیشان کردنی بەهای کاڵاکاندا بە بەهای کار، یان بە کرێی کار. ئەم خاڵە، لە چوونەپێشەوەی لێکۆڵینەوەکەماندا ڕوونتر دەبێتەوە.

لەکاتی ئەژمارکردنی بەهای ئاڵوگۆڕی کاڵادا، پێویستە ئەو چەندایەتیەیشی لە کار بخەینەسەر کە *پێشتر* بۆ ماتریالی خاوی کاڵاکە، کاری تێدا کراوە، وە هەروەها چەندایەتی بەکارهێنراو بۆ ئامرازو ئامێرو بینای پێویست بۆ تەواوکردنی ئەو کارە. بۆ نموونە، بەهای چەندایەتیەکی دیاریکراو لە چنینی لۆکەدا، چەندایەتیەکی بەرجەستەبووە لە کار کە خراوەتەسەر لۆکەکە لە پرۆسێسی چنیندا، واتە ئەو چەندایەتیە لە کار کە پێشتر لە خودی لۆکەکەدا ڕیالیزە کراوە، وە ئەو چەندایەتیەیش کە لە خەڵوزو ڕۆن و ماتریالە یاریدەدەرەکانی تردا بەکارهێنراون، وە ئەو چەندایەتیەی لە کار بەکارهاتووە لە ئامێرە هەڵمیەکەدا، وە لە ئامێری چنین و بینادا، وە هەروەها. ئامرازەکانی کارکردن بەمانای ووشە، وەک ئەوانەی ناودەبرێن بە ئامراز، ئامێر، بینا، جار لە دوای جار، بۆ ماوەی درێژ یان کورت، دووبارەو دووبارە، لە پرۆسێسی بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێنەوە. ئەگەر ئەمانە بەیەکجار بەکارهێنران، وەک ماتریالی خاو، ئەوا یەکسەر هەموو بەهاکەی وەک یاریدەدەرێک لە بەرهەمهێناندا، دەگوێزرێتەوە بۆ ئەو کاڵایانەی بەرهەم دەهێنرێن. بەڵام بۆ نموونە، هەروەک چۆن چنین، پلە بە پلە ئەنجام دەدرێت، ئەوا ژمێرەیەکی مامناوەندییش بۆ ئەمە ئامادە دەکرێت لەسەر بناغەی مامناوەندیی ئەو ماوەیەی تێیدا ئەنجام دەدرێت، وە مامناوەندیی تەمەنیشی لە سەردەمێکی دیاریکراودا، بڵێ یەک ڕۆژ. ئا بەم شێوازە دەتوانین ئەوە ئەژمار بکەین ڕۆژانە چەندێک

له بەهای ئامێری چنینەکە دەگوێزرێتەوە بۆ چنینی بەرهەمەکە، وە لەوەیشەوە بۆ نموونە چەندێک لە کۆی چەندایەتی کار لە کیلۆیەک لە دەزوودا بەرجەستەبووە، کە لەو چەندایەتیەوە لە کار هاتووە پێشتر لە ئامێری چنینەکەدا بەرجەستەبووە. وە ئیتر بۆ مەبەستەکەی ئێمە، چیتر پێویست ناکات بۆ ماوەیەکی درێژتر لەم خاڵەدا بمێنینەوە.

وا دەردەکەوێت ئەگەر بەهای کاڵایەک بە *چەندایەتیەک لە کار* دەستنیشان بکرێت کە *بەکارهێنرابێت بۆ بەرهەمهێنانی*، ئەوا کەسێکی تەمەڵ، یان کەسێکی نەشارەزا، بەهای کاڵاکەی زیاتر دەبێت، چونکە کاتێکی زیاتر پێویستە بۆ تەواوکردنی کاڵاکە. دەرئەنجامێکی لەم چەشنە، دەبێتە هەڵەیەکی دڵتەزێن. ئێوە لەبیرتانە من ووشەی "کاری *کۆمەڵایەتی*" م بەکارهێنا، خاڵێکی زۆر دەئاڵێت بەم "*کۆمەڵایەتیەوە*". کاتێک ئێمە دەڵێین بەهای کاڵایەک بە *چەندایەتیەک لە کاری* بەرجەستەبوو دەستنیشان دەکرێت، مەبەستمان *چەندایەتیەکە لە کاری پێویست* بۆ بەرهەمهێنانی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراویدا، لە مەرجێکی مامناوەندیی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا بۆ بەرهەمهێنان، لەگەڵ چڕیەکی مامناوەندیی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوو مامناوەندیی لێهاتوویی کاری بەکارهێنراودا. کاتێک لە ئینگلترەدا، دەرزی هەڵمی کەوتە ڕکابەریی دەرزی دەستی، ئەوکاتە ئیتر تەنها نیوەی کاتەکەی ڕابووردوو لە وەختی کار پێویست بوو بۆ گۆڕینی چەندایەتیەک لە چنین؛ بۆ یاردێک لە لۆکە یان جلوبەرگ. ئیتر بۆ چنین بە دەرزیەکی دەستیی هەژارەوە کە لەوەوبەر ١٧ یان ١٨ کاژێر کاری پێویست بووە لە ڕۆژێکدا، ئێستا ٩ یان ١٠ کاژێر پێویستە لە ڕۆژێکدا. وە ئیتر ئێستا بەرهەمی ٢٠ کاژێر لە کارەکەی، تەنها بە ١٠ کاژێر لە کاری کۆمەڵایەتی نوێنەری دەکرێت، یان ١٠ کاژێر لە

کاری کۆمەلایەتی پێویستە بۆ گۆڕینی چەندایەتیەکی دیاریکراو لە چنین بۆ قوماشێکی چنراو. لەبەر ئەوە، بەرهەمە ٣٠ کاژێریەکەی، بەهایەکی زیاتری نیە لە بەرهەمەکەی پێشووی لە ١٠ کاژێردا.

وە ئەگەر ئەوکاتە، چەندایەتیەک لە کاری کۆمەلایەتی پێویست کە لە کاڵاکاندا بەرجەستە دەبێت، ڕێکخەری بەهای ئاڵوگۆڕی کاڵاکان بێت، ئەوا هەموو زیادبوونێک لە چەندایەتی کاردا کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک، دەبێت بەهای ئەو کاڵایە بەرزبکاتەوە، ئەمە هەروەک چۆن هەموو کەمبوونەوەیەکیش لەو چەندایەتیەدا، دەبێت دایببەزێنێت.

ئەگەر چەندایەتیەکی تایبەتی لە کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەکی تایبەتی نەگۆڕ بوو، ئەوا بەها ڕێژەییەکەیشی نەگۆڕ دەبێت. بەڵام شتەکە بەو جۆرە نیە. چەندایەتیەک لە کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک، بەردەوام لە گۆڕاندایە لەگەڵ گۆڕانی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کاردا، وە بەمە بەرهەمێکی زیاتر وەدی دێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە کار؛ وە بە کەمبوونەوەی هێزە بەرهەمهینەرەکانی کار، بەرهەمهێنان لە هەمان ماوەدا کەم دەبێتەوە. ئەگەر بۆ نموونە، بەهۆی زیادبوونی دانیشتوانەوە، پێویست بێت خاکێکی بێ پیت دابچێنرێت، لەوکاتەیشدا هەر هەمان چەندایەتی لە بەرهەمهێنراوەکان، بەئاسانی وەگیر دەکەوێت، ئەمەیش بە بەکارهێنانی چەندایەتیەکی گەورەتر لە کار. وە بەدوای ئەویشدا، بەهای بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بەرزدەبێتەوە. لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر، لەگەڵ کەرەسە مۆدێرنەکانی بەرهەمهێناندا، یەک تاکە چنەر، لە تەنها ڕۆژێکی کاردا، بە هەزارانجار زیاتر لەو چەندایەتیە لە لۆکە بگۆڕێت بۆ دەزوو کە جاران بە ئامرازی دەستیی چنین بەرهەمی دەهێنا، ئەوا

لە لامان ڕوون دەبێتەوە کە چنینی هەر یەک کیلۆ لۆکە، هەزارانجار وەخت کەمتر دەخایەنێت لە کاری چنین کە لەوەوبەر ئەنجام دراوە، وە هەر لەسەر ئەو بنەمایە، ئەو بەهایەی چۆتەسەر هەر یەک تاکە کیلۆ لە لۆکە، هەزارانجار کەمترە لە ڕابووردوو. وە هەر بەوچەشنە، بەهای چنینەکەیش بە هەمان ئاست دادەبەزێت.

بەچاوپۆشین لە جیاوازی ووزە سروشتیەکانی کارگەرو ئەو توانا جیاوازانەیشی خەڵکی لە کارەوە دەستیانکەوتووە، پێویستە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کار، بەشێوەیەکی سەرەکی، پەنا بباتە بەر:

یەکەم: مەرجە *سروشتیەکانی* کار، وەک خاکی بەپیت، کانەکان، وە هەروەها.

دووهەم: چاککردنی پلە بە پلەی ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی کار کە بەستراوە بە بەرهەمهێنانی گەورەو سێنترالیزە کردنی سەرمایەو گردکردنەوەی کارو دابەشبوونی کارو ئامێرەکان و مێتودە پێشکەوتووەکان و ئامرازە کیمیاوی و سروشتیەکانی ترو کەمکردنەوەی کات و شوێن بەهۆی شێوازەکانی هاتووچۆو هەموو داهێنانێکی تریشەوە کە زانست بەهۆیەوە هێزە سروشتیەکانی خستۆتە خزمەتی کارەوەو مۆرکێکی کۆمەلایەتی یان هەرەوەزکاریی کارکردنیشی گەشە پێداوە.

هەتا هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کار مەزنتر بن، بەکارهێنانی کار بۆ بەرهەمهێنانی چەندایەتیەکی دیاریکراو لە بەرهەم، کەمتر دەبێتەوە؛ وە بەهای بەرهەمهێنراوەکانیش کەمتر دەبنەوە. وە هەتا هێزی بەرهەمهێنانی کار نزمتر بێت، کارێکی زیاتر پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی هەمان چەندایەتی لە بەرهەمهێنراوەکان؛ وە

بەهایشیان زیاد دەکات. بۆیە وەک یاسایەکی گشتی، دەتوانین بریار بدەین:

*بەهای کاڵاکان ڕاستەوانەیە لەگەڵ ماوەی کاری بەکارهێنراودا بۆ بەرهەمهێنانیان، وە پێچەوانەیشە لەگەڵ هێزی بەرهەمهێنانی کاری بەکارهێنراودا.*

هەتا ئێستا هەر لە *بەها* دواوین، چەند ووشەیەکیش دەربارەی *نرخ* زیاد دەکەم، کە ئەمەیش شێوەیەکی تایبەتە بەها دەیگرێتەخۆ.

نرخ بۆ خۆی هیچ نیە، جگە لە *دەربڕینێکی نەختینەیی بەها*. بۆ نموونە، بەهای کاڵاکانیووڵاتێک، بە نرخی ئاڵتوون دەردەبڕدرێن، ئەمە لە کاتێکا لە کیشوەرەکەدا، بەشێوەیەکی سەرەکی، بە نرخی زیو دەردەبڕدرێن. بەهای ئاڵتوون و زیویش، وەک بەهای هەموو کاڵاکانی تر، بە چەندایەتیی کاری پێویست بۆ وەدەستهێنانیان، دەستنیشان دەکرێت. ئێوە چەندایەتیەکی دیاریکراو لە بەرهەمهێنراوە نیشتمانیەکانتان، کە چەندایەتیەکی دیاریکراوی کاری نیشتمانیتانی تێدا بەرجەستە بووە، ئاڵوگۆڕ دەکەن بە بەرهەمی ووڵاتانی بەرهەمهێنی ئەو ئاڵتوون و زیوەی چەندایەتیەکی دیاریکراوی لە کاری *ئەوان* تێیدا بەرجەستە بووە. وە هەر لەم ڕێگایەوەیە، لە ڕاستیدا بەهۆی ئاڵوگۆڕ کردنەوە، خەڵکی فێری دەربڕینی بەهای کاڵاکان دەبن بە ئاڵتوون و زیو، ئەوەیش دووبارە چەندایەتیەکی تایبەتە لە کار بۆ هەریەکەیان بەرامبەر ئاڵتوون و زیو. وە بە نزیکبوونەوە لە *دەربڕینی نەختینەیی بەها*، یان، کە ئەمەیش هەر هەمان شتە، بە *گۆڕینی بەها بۆ نرخ*، دەبینن ئەمە پرۆسێسێکە کە *سەربەخۆییەک و فۆرمێکی هۆمۆجینی* دەداتە بەهای هەموو کاڵاکان، وە یان

چەندایەتیەکی یەکسانی لە کاری کۆمەڵایەتی پێدەردەیڕیت. لەکاتێکا کە نرخ دەرپڕی نەختینەیی بەهایە، ئەوا ئادام سمیس نرخی ناوناوە *نرخی سروشتی* و فیزیۆکراتە فەرەنسیەکانیش[٨] "prix necessaire" *نرخی پێویست*.

کەواتە پەیوەندی نێوان *بەهاو نرخی بازاڕ*، یان نێوان *نرخە سروشتیەکان و نرخەکانی بازاڕ*، چیە؟ هەمووتان دەزانن نرخی بازاڕ هەمان شتە بۆ هەموو ئەو کاڵایانەی لە یەک جۆرن، ئەمە ئەگەرچی دەشێت بارودۆخی بەرهەمهێنان جیاواز بێت بۆ هەریەکەیان. نرخی بازاڕ تەنها دەرپڕی *چەندایەتیی مامناوەندیی کاری کۆمەڵایەتی* پێویستە لە بارودۆخێکی مامناوەندیی بەرهەمهێناندا، بۆ خستنەڕووی چەندایەتیەکی دیاریکراو لە کاڵا لە بازاڕدا. ئەمەیش لەسەر بنەمای هەموو ئەو کاڵایانە ئەژمار دەکرێت کە هەمان خەسڵەتی دەستنیشانکراویان هەیە. ئا بەمجۆرەیش *نرخی کاڵا لە بازاڕدا* لەگەڵ *بەهاکەیدا* یەکدەگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە، هەڵبەزودابەزی نرخەکانی بازاڕ، جارێک بەرزترو جارێک نزمتر دەبێتەوە لە بەها یان لە نرخی سروشتی، ئەمەیش بەستراوە بە هەڵبەزودابەزی خستنەڕوو داخوازیەوە. وە ئیتر لادانی نرخەکانی بازاڕ لە بەهاکان بەردەوام دەبێت، بەڵکو وەک ئادام سمیس دەڵێت:

"نرخی سروشتی ئەو نرخە سێنترالیستەیە کە بەردەوام نرخی کاڵاکان بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. دەشێت ڕووداوی جیاواز جیاواز، جارجار بیگەیەنێتە سەروو ئاستی نرخی سروشتی، جارجاریش ناچاری بکات بە دابەزین بۆ خوار ئەو ئاستە. بەڵام

ڕێگرەکان هەرچی بن لەبەردەم جێگیربوون و بەردەوامبوونی نرخەکانی نێو ئەو سەنتەرەدا، هەر بە بەردەوامی ڕوو لەوێ دەکەنەوە"[٩].

ئێستا ناتوانم بە ووردی لەم بابەتە بدوێم. *ئەوە بەسە* بڵێین کاتێک خستنەڕوو داخوازی هاوتای یەکتر دەبنەوە، نرخی کاڵاکان لە بازاڕدا لەگەڵ نرخە سروشتیەکانیاندا دەگونجێن، واتە لەگەڵ بەهاکانیان، ئەمەیش لەبەر ئەوەی هەموویان بە چەندایەتیەکی دیاریکراو لە کار دەستنیشان دەکرێن کە بۆ بەرهەمهێنانیان پێویستە. بەڵام خستنەڕوو داخوازی، *پێویستە* بەردەوام بەرەو هاوتا کردنەوەی یەکتر بچن، ئەمە ئەگەرچی ئەمەیان تەنها بە خستنەبری هەڵبەزودابەزێکە بە یەکێکی تر، بەرزبوونەوەیەک بە دابەزینێک، یان بە پێچەوانەوە. وە ئەگەر لەبری ئەوەی تەنها هەر تێبینی هەڵبەزودابەزی ڕۆژانە بکەن، شیکردنەوەیەک لەسەر بزووتنەوەی نرخەکانی بازاڕ بکەن بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆ نموونە وەک دانراوەکەی مستر تووک "*مێژووی نرخەکان*"، ئەوکاتە دەبینن هەڵبەزودابەزی نرخەکانی بازاڕ، لادان لە بەهاکانیان، بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەیان، یەکتری پەکدەخەن و دەچنەوە بری یەکتریش، وە ئیتر هەر بەو شێوەیە، هەموو جۆرێک لە کاڵاکان، بە *بەهای* مامناوەندی خۆیان دەفرۆشرێن، بە نرخە سروشتیەکانیان، ئیتر ئەمە بەچاوپۆشین لە کاریگەریی مۆنۆپۆڵی و هەندێ گۆڕانی تر کە دەبێت بەلایاندا تێبپەڕم. لە هەر کاتێک لەو کاتە مامناوەندییانەدا، واتە لەو کاتانەدا هەڵبەزودابەزی نرخەکانی بازاڕ، هەریەکە دەچنەوە بری ئەوی تر، ئەمە لە کاڵایەک بۆ کاڵایەکی تر جیاواز دەنوێنێت، چونکە خۆگونجاندنی خستنەڕوو لەگەڵ داخوازی، لەنێو جۆرە کاڵایەکدا ئاسانترە، هەتا جۆرێکی تر.

بە گووتنێکی فراوان، ئەگەر هەموو جۆرێک لە کاڵاکان بە گشتی و بۆ ماوەیەکی درێژیش، هەریەکەیان بە بەهاکانی خۆیان فرۆشران، ئەوکاتە گەمژەییە وایدابنێین قازانج، نەک لە حاڵەتە تاکەکاندا؛ بەڵکو لە حاڵەتە بەردەوام و ئاساییەکانی پیشەسازیە جیاوازەکانیشدا، باز دەدات بەسەر نرخی کاڵاکاندا، یان بە نرخێکی بەرزتر لە *بەهاکەی* دەفرۆشرێت. ناماقووڵی ئەم بۆچوونە لەوکاتەدا دەردەکەوێت کە دەمانەوێت ئەمە گشتیی بکەینەوە.

ئەوەی کەسێک هەمیشە وەک فرۆشیار قازانجی لێدەکات، بەردەوام وەک کڕیار زیانی لێدەکات. وە هیچ سوودێکیشی نیە بڵێین ئاخر خۆ کەسانێکیش هەن کڕیارن بەبێ ئەوەی فرۆشیار بن، یان بەکاربەرن بەبێ ئەوەی بەرهەمهێن بن. ئەو پارەیەی ئەو کەسانە دەیدەنە بەرهەمهێنەرەکان، دەبێت لە سەرەتادا لەو کەسانەیان وەرگرتبێت بەبێ بەرابەر. ئەگەر کەسێک لە پێشدا پارەکەت زەوت بکات و پاشان ئەو پارەیەت بۆ بگێڕێتەوە بە هۆی کڕینی کاڵاکانتەوە، تۆ هەرگیز بەمە خۆتت پێ دەوڵەمەند نەکراوە؛ ئەگەر تەنانەت زۆر گرانیش، کاڵاکانت بەو کەسە بفرۆشیتەوە. ئەم مامەڵەیە لەوانەیە زیان کەمبکاتەوە، بەڵام هەرگیز یاریدەدەر نابێت لە وەدیهێنانی قازانجێکدا. لەبەر ئەوە بۆ شیکردنەوەی *سروشتی گشتیی قازانج*، دەبێت لەو پرنسیپەوە دەستپێبکەن کە دەڵێت، بە شێوەیەکی مامناوەندی، کاڵاکان بە بەهای *ڕاستەقینەی خۆیان دەفرۆشرێن، قازانیش لە فرۆشتنیانەوە دێت بە بەهاکانی خۆیان*، واتە بەو چەندایەتیە لە کار دەفرۆشرێت کە تێیدا بەرجەستە بووە. ئەگەر نەتوانن قازانج لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە شیبکەنەوە، ئەوا هەرگیز ناتوانن شیبکەنەوە. وایش دەردەکەوێت وەک ئەمە پەرەدۆکسێک بێت و پێچەوانەی

تێبینیەکانی ڕۆژانە بێت. بەڵام ئەوەیش پەرەدۆکسە کە زەوی بە دەوری هەتاودا دەخولێتەوە، ئاویش لە دوو جۆر گاز پێکهاتووە کە زۆر خێرا گڕ دەگرن. ڕاستیە زانستیەکان هەمیشە پەرەدۆکسن، ئەگەر لەو تاقیکردنەوە ڕۆژانەیەوە فەرمان بدرێت بەسەریاندا کە تەنها ڕووخساری هەڵخەڵەتێنەرانەی شتەکانی تێدا دەردەکەوێت.

## ٧. هێزی کار

دوای ئەوەی ئەوەندەی توانا، ئا بەم شێوازە، سروشتی *بەهامان* شیکردەوە، ئیتر *بەهای هەر کاڵایەک* بێت و هەرچی کاڵایەکیش بێت، ئێستا دەمانەوێت سەرنج بدەینە تایبەتمەندیی *بەهای کار*. وە پێویستە لێرەدا، جارێکی تر، سەرسامتان بکەمەوە بە پەرەدۆکسێکی هەستپێکراو. بەدڵنیاییەوە ئێوە هەمووتان هەستدەکەن ئەوەی ڕۆژانە دەفرۆشرێت ئەوە کارە؛ واتە کار نرخێکی هەیە، وە لەکاتێکیشدا نرخ تەنها دەربڕینێکی نەختینەیی بەهای کاڵایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە، دەبێت شتێکیش هەبێت لە شێوەی *بەهای کاردا*. بەڵام لە ڕاستیدا شتێک نیە پێی بگووترێت *بەهای کار* بە مانایەک کە هەموان بە شێوەیەکی هاوبەش، ئەو ووشەیەیان قبوڵ کردبێت. وەک بینیمان چەندایەتیەک لە کاری پێویست کە لە کاڵایەکدا بەرجەستەبووە، ئەوەیە کە بەهای ئەو کاڵایە پێکدەهێنێت. ئێستا، چۆن دەتوانین ئەم بۆچوونە دەربارەی بەها پراکتیزە بکەین، چۆن، بۆ نموونە، پێناسەی بەهای ڕۆژێکی کاری ١٠ کاژێری دەکەین؟ ئایا ئەو ڕۆژە چەندێک لە کار دەگرێتەخۆی؟ ١٠ کاژێر لە کار.

ئەگەر گووتمان بەهای ١٠ کاژێر کارکردن لە ڕۆژێکدا یەکسانە بە ١٠ کاژێر کار، یان بە چەندایەتیەک لەو کارەی تێیدەچێت، ئەمە هەر تەنها دووبارە کردنەوەیەکەو بەس، بەڵکو ئەمە هەر دەربڕینێکی بۆش و بەتاڵە. بە دڵنیاییەوە، هەرکات مانای ڕاستەقینە، بەڵام شارراوەی، دەربڕینی "*بەهای کار*" مان دۆزیەوە، ئەوکاتە دەشتوانین شیکردنەوەیەک بکەین بۆ ئەم بەها ناعەقڵانیەی کە تێگەیشتنی وەک مەحاڵ دەردەکەوێت، ئەمە بە هەمان شێوەی تێگەیشتنمان لە جووڵەی ڕاستەقینەی جەستە بینراوەکانی ئاسمان و شیکردنەوەیان وەک دیاردەیەک.

ئەوەی کرێکار دەیفرۆشێت ئەوە ڕاستەوخۆ *کارەکەی* نیە، بەڵکو *هێزی کارەکەیەتی* کە بە شێوەیەکی وەختی دەیخاتە بەردەست کاپیتالیسێک. ئەمە حاڵەتێکە، من زۆری لەبارەوە نازانم دەربارەی یاسا ئینگلیزیەکان، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە کیشوەرەکەدا، بە چەند یاسایەک، *بەرزترین ئاستی کات* بریار دراوە وەک ئاستێکی ڕێپێدراو بۆ هەر کەسێک کە هێزی کارەکەیی تێدا دەفرۆشێت. ئەگەر فرۆشتنی هێزی کار ڕێپێدراوبێت بۆ کاتێکی نادییار، ئەوا ڕاستەوخۆ کۆیلایەتی گەڕاوەتەوە. فرۆشتنێکی لەمجۆرە کە، بۆ نموونە، هەموو ژیانی ئەو کەسە بگرێتەوە، یەکسەر ئەو کەسە دەکاتە کۆیلەی خاوەنکارەکەی بە درێژایی هەموو تەمەنی.

یەکێک لە کۆنترین ئیکۆنۆمیستەکان و ئۆرگیناڵترین فەیلەسووفەکانی ئینگلترە -تۆماس هۆبز- لە دانراوەکەیدا "لیفیافان - Leviathan"، هەرزوو، بەشێوەیەکی غەریزی، دەرکی ئەو بارە ڕیالیستیەی کردووە کە هەموو خەلیفەکانی پیشتگوێیان خست. ئەو دەڵێت:

"*بەهای مرۆڤ* یان *سوودەکەی*، وەک هەر شتێکی تر، بریتیە لە *نرخەکەی*: واتە هەر ئەوەندەی پێدەدرێت کە هێزەکەیی پێ *بەکاربهێنێت*".

ئەگەر ئا لەم بنەمایەوە دەستپێبکەین، ئەوا دەتوانین *بەهای کار* وەک بەهای هەر کاڵایەکی تر دەستنیشان بکەین.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەمەمان پێئەنجام بدرێت، دەبێت بپرسین، ئەوە چۆن ئەو دیاردە سەیرە سەرهەڵدەدات لە بازاڕدا کە ژمارەیەک کڕیار هەبن لە خاوەنی زەوی و ئامێرو ماتریالی خاوو کەرەسەکانی بژێوی، کە ئەمانە هەموویان، جگە لە زەوی، *بەرهەمی کارن*، وە لە لایەکی تریشەوە، کۆمەڵێک فرۆشیار هەبن هیچیان نەبێت بیفرۆشن جگە لە هێزی کارەکەیان، جگە لە کاری بازوویان و زیهنیان؟ ئەوە چۆن وا کۆمەڵێک هەن بەردەوام دەکڕن بۆ ئەوەی قازانج پێکەوەبنێن و خۆیان دەوڵەمەند بکەن، کۆمەڵێکی تریش هەن بەردەوام دەفرۆشن تەنها بۆ دەستخستنی بژێویان؟ پشکنینی ئەم بابەتە، پشکنینی شتێکە کە ئابووریستەکان ناوی دەبەن بە "*کەڵەکەبوونی ڕابووردوو یان سەرەتایی*"، بەڵام دەبوایە ئەمە ناوببرایە بە *داگیرکردنە ئەسڵیەکەی موڵکیەت*. وەک دەبینین ئەوەی ناودەبرێت بە *کەڵەکەبوونی سەرەتایی*، ئەوە هیچ مانایەک نابەخشێت پرۆسێسێکی مێژوویی نەبێت بۆ *هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیە* ئەسڵیەکەی نێوان کارو کارگەرو ئامرازەکانی کارکردنیان. پشکنینێکی لەمجۆرە، دەکەوێتە دەرەوەی ئەم بابەتەی ئێستامان. کاتێک کارگەر لە ئامرازەکانی کار دادەماڵریت، ئیتر ئەو حاڵەتە هەر بەردەوام دەبێت و لە چوارچێوەیەکی فراوانیشدا گەشە دەسێنێت، هەتا سەرلەنوێ، شۆڕشێکی جەوهەری لە شێوازەکانی بەرهەمهێناندا ڕوودەدات و جارێکی تر ئەم حاڵەتە

هەڵدەگێڕێتەوەو ئەو یەکێتیە ئەسڵیە، بە شێوەیەکی مێژوویی نوێ دادەمەزرێنێتەوە.

کەواتە، *بەهای هێزی کار چیە* ؟

وەک بەهای هەر کاڵایەکی تر، بەهای هێزی کاریش بە چەندایەتیەک لە کاری پێوسیت دەستنیشان دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی. هێزی کاری مرۆڤێکیش تەنها بۆ بژێویەکی تاککەسیە. بەکاربردنی چەندایەتیەکی دیاریکراو لە پێداویستیەکانی بژێوی لە هەر مرۆڤێکەوە، پێویستیی گەشەکردن و پاراستنی ژیانی ئەو مرۆڤەیە. بەڵام مرۆڤیش، هەروەک ئامێر، بەکاردەچێت و دەبێت بگۆڕدرێت بە کەسێکی تر. وە لە پاڵ ئەو پێداویستیە سەرەکیانەدا کە پێویستە بۆ پاراستنی، چەندایەتیەکی تریشی لەو پێداویستیانە دەوێت بۆ بەخێوکردنی ئەو مناڵەی کە لە بازاڕی کاردا جێی باوکی دەگرێتەوەو درێژە بە ڕەگەزی کرێکاران دەدات. زیاتر لەوەیش، بۆ پێشخستنی هێزی کارەکەی و دەستخستنی لێهاتووییەکی دیاریکراو، دەبێت چەندایەتیەکی تریش لە بەها بدات. بۆ مەبەستەکەی ئێمە ئەوە بەسە هەر تەنها سەرنج بدەینە *مامناوەندیی* کار کە خەرجیە گەورەکانی خوێندن و پەروەردەی مناڵیش دەگرێتەخۆ. بەڵام دەمەوێت لەم بۆنەیەدا، ئەوەیش دەستنیشان بکەم کە بەهۆی جیاوازی خەرجیەکانی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری جیاوازەوە، بەهای هێزی کاری بەکارهێنراویش جیادەنوێنێت لە لقە جیاوازەکانی بازرگانیدا. هەر لەبەر ئەمەیشە، هاوارکردن بۆ *یەکسان کردنی کرێی کار* لە بۆچوونێکی هەڵەوە سەرچاوەدەگرێت، وە ئەمە هەر ئارەزوویەکی *بۆشە*و هەرگیز وەدیش نایەت. ئەمە ئەو درۆ ڕادیکاڵیستە ڕووکەشەیە کە لە پێشینەیەکی هەڵەوە

دەستپێدەکات و هەوڵدەدات لە دەرئەنجامەکان هەڵبێت. لەسەر بنەمای سیستمی کرێی کار، بەهای هێزی کار، بە هەمان شێوەی بەهای هەر کاڵایەکی تر یەکلایی دەکرێتەوە؛ وە هەروەک چۆن جۆری جیاوازی هێزی کار بەهای جیاوازیان هەیە، یان چەندایەتی جیاواز لە کار پێویستە بۆ بەرهەمهێنانیان، ئەوا *دەبێت* لە بازاڕی کاریشدا نرخی جیاواز پێکبهێنن. لەبەر ئەوە قیژەقیژ بۆ *کرێی کاری یەکسان یان تەنانەت کرێی کاری دادپەروەرانە* لەسەر بنەمای سیستمی کرێی کار، هەمان قیژەقیژە بۆ *ئازادی* لەسەر بنەمای سیستمی کۆیلایەتی. ئەوەی وا دادەنرێت ڕاست و دادپەروەرانەیە، ئەوە چ پەیوەندیەکی بە بابەتەکەوە نیە. دەبێت پرسیارەکە ئەوە بێت: ئەوە چیە کە لە سیستمێکی دیاریکراوی بەرهەمهێناندا پێویستیشەو حەتمیشە؟ وە ئیتر دوای ئەو شتانەی لێرەدا گووتران، دەردەکەوێت *بەهای هێزی کار* بە *بەهای ئەو پێداویستیانە* دەستنیشان دەکرێت کە بەرهەمهێنان و پێشخستن و پاراستن و هێشتنەوەی هەمیشەیی هێزی کار دەیخوازێت.

## ٨. بەرهەمهێنانی زێدەی بەها

گریمان چەندایەتیەکی مامناوەندی لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەی کرێکارێک، *6 کاژێر کاری مامناوەندی دەخوازێت* بۆ بەرهەمهێنانی. دووبارە گریمان ٦ کاژێر لە کاری مامناوەندی، لە چەندایەتیەکدا لە ئاڵتوون بەرجەستە دەبێت کە یەکسانە بە ٣ شیلینگ. ئا ئەم ٣ شیلینگە دەبێتە *نرخی* یان دەربڕی نەختیی *بەهای ڕۆژانەی هێزی کاری* ئەو کەسە. ئەگەر ئەو کەسە ڕۆژانە ٦ کاژێر کاری کرد، ئەوا ڕۆژانە بەهایەک بەرهەمدەهێنێت بەسە بۆ کڕینی چەندایەتیەکی مامناوەندی لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەی، یان بۆ پاراستنی خۆی وەک کارگەرێک.

بەڵام ئەو کەسە کرێکاری کرێگرتەیە. هەربۆیە دەبێت هێزی کاری خۆی، بفرۆشێت بە کاپیتالیستێک. ئەگەر ئەو ڕۆژانە بە ٣ شیلینگ یان هەفتانە بە ١٨ شیلینگ هێزی کاری بفرۆشێت، ئەوا فرۆشتوویەتی بە بەهاکەی خۆی. گریمان ئەوکەسە کرێکاری چنینە. خۆ ئەگەر ئەو ڕۆژانە، کارەکەی ٦ کاژێر کار بێت، ئەوا ئەو, ڕۆژانە ٣ شیلینگ بەهای زیادە، دەخاتە سەر لۆکەکە. ئەو بەهایەی ئەو ڕۆژانە زیادی دەکات، بەرابەرێکی ڕاست و دروست پێکدەهێنێت بۆ ئەو کرێی کارەی یان ئەو نرخەی ئەو ڕۆژانە وەری دەگرێت بەرامبەر بە بەکارهێنانی هێزی کارەکەی. بەڵام لەو حاڵەدا، *هیچ زێدەیەکی بەها* یان *بەرهەمێکی زێدە*، نەچۆتە دەستی کاپیتالیستەکەوە. ئا لێرەدا دەگەینە سەختییەک.

بە کڕینی هێزی کاری کرێکارێک و پێدانی بەهاکەی، کاپیتالیستێک، وەک هەر کڕیارێکی تر، مافی بەکاربردن یان بەکارهێنانی ئەو کاڵایەی دەستدەکەوێت کە کڕیویەتی. بەکاربردنی یان بەکارهێنانی هێزی کاری کەسێکیش کە دەیخەیتە کار، هەروەک بەکاربردن یان بەکارهێنانی ئامێرێک وایە کە دەیخەیتە کار. بۆیە بە کڕینی بەهایەکی ڕۆژانە یان هەفتانەی هێزی کاری کرێکارێک، کاپیتالیستێک مافی بەکارهێنانی یان کارپێکردنی ئەو هێزی کارەی وەرگرتووە بۆ تەواوی ڕۆژەکە یان هەفتەکە. بێگومان ڕۆژی کار یان هەفتەی کاریش سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام دواتر لە نزیکەوە سەیرێکی ئەمەیان دەکەین.

ئێستا دەمەوێت سەرنجتان بۆ خاڵێکی بنەڕ ڕابکێشم. *بەهای* هێزی کار بە چەندایەتیەک لە کاری پێویست دەستنیشان دەکرێت بۆ پاراستنی، یان بۆ بەرهەمهێنانەوەی، بەڵام سنووری *بەکارهێنانی* ئەو هێزی کارە، تەنها ووزەو هێزی جەستەیی

کرێکارەکەیە. *بەهای* ڕۆژانە یان هەفتانەی هێزی کار، بە تەواوی جیاوازە لە پێداویستیە ڕۆژانەکەی یان هەفتانەکەی، ئەمە هەروەک چۆن ئەو ئالیکەی ئەسپێک پێویستێتی، تەواو جیاوازە لەو وەختەی کە ئەو ئەسپە لە توانایدایە سوارەکەی هەڵبگرێت. ئەو چەندایەتیەی لە کار، کە بەهای هێزی کاری کرێکارەکە سنووردار دەکات، هیچ سنوورێک دانانێت بۆ ئەو چەندایەتیە لە کار کە هێزی کارەکەی ناچارە بە ئەنجامی بگەیەنێت. با لێرەدا کرێکاری چنینەکەمان بە نموونە وەربگرینەوە. بینیمان، بۆ ئەوەی ئەو، ڕۆژانە هێزی کارەکەی بەرهەمبهێنێتەوە، دەبێت ڕۆژانە بەهای ٣ شیلینگ بەرهەمبهێنێت، ئەمەیش بە ٦ کاژێر کارکردن لە ڕۆژێکدا. بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێت ١٠ یان ١٢ کاژێر، وە یان زیاتریش کار بکات لە ڕۆژێکدا. بۆ پێدانی *بەهای* ڕۆژانە یان هەفتانەی هێزی کاری ئەم کرێکارە، کاپیتالیستەکە مافی ئەوەی وەرگرتووە ئەو هێزی کارە لە *تەواوی ڕۆژەکە یان هەفتەکەدا* بەکاربهێنێت. بۆیە ئەو، ڕۆژانە، بڵێ ١٢ کاژێر کاری پێدەکات. لەبەر ئەوە، *لەسەروو* ئەو ٦ کاژێرەوە کە دەیخاتە بری کرێیکارەکەی، یان بەهای هێزی کارەکەی، ناچارە 7 *کاژێری تریش* کار بکات، ئەمەیش ناو دەبەم بە کاژێرەکانی *کاری زیادە*، ئەم کارە زیادەیەیە *زێدەی بەها* و *بەرهەمهێنراوی زیادە* دروستدەکات. بۆ نموونە، ئەگەر چنەرەکەمان بە ٦ کاژێر کاری ڕۆژانە، ٣ شیلینگ بەها بخاتە سەر لۆکەکە، بەهایەک کە بەرابەرێکی تەواو پێکدەهێنێت بۆ کرێی کارەکەی، ئەوا ئەو لە ١٢ کاژێردا، بەهای ٦ شیلینگ زیاد دەکات بۆ سەر لۆکەکە، وە *چەندایەتیەکی گونجاویش لە چنینی زێدە* بەرهەمدەهێنێت. وە لە کاتێکا ئەو هێزی کارەکەیی فرۆشتووە بە کاپیتالیستەکە، ئەوا هەموو بەهاکە یان ئەو بەرهەمهێنراوەی ئەو دروستی کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ کاپیتالیستەکە، ئەو

کاپیتالیستەی بۆ ماوەیەک خاوەنی هێزی کارەکەی ئەوە " pro tem". بۆیە، بە پیدانی ٣ شیلینگ، بەهایەکی ٦ شیلینگیی بۆ دەگەڕێتەوە، بە پێدانی بەهایەک کە ٦ کاژێر کاری تێدا بەرجەستە بووە، لە بەرامبەردا بەهایەکی بۆ دەگەڕێتەوە کە ١٢ کاژێر کاری تێدا بەرجەستە بووە. بە دووبارە کردنەوەی ڕۆژانەی ئەم پرۆسێسە، سەرمایەدارەکە ڕۆژانە ٣ شیلینگ دەخاتەگەڕ وە ڕۆژانە ٦ شیلینگ دەخاتە گیرفانی، نیوەی ئەمە، سەرلەنوێ دەڕوات بۆ پێدانی کرێی کار، نیوەکەی تریشی *زێدەی بەها* پێکدەهێنێت کە سەرمایەدارەکە هیچ نادات لە بەرامبەریدا. ئەمەیە *ئەو جۆرە لە ئاڵوگۆڕ لە نێوان سەرمایەو کاردا* کە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، یان سیستمی کاری کرێگرتەی لەسەر وەستاوە، ئەو ئاڵوگۆڕەی کە دەبێت بە بەردەوامی، دەرئەنجامەکەی بەرهەمهێنانەوەی کرێکار بێت وەک کرێکار، وە سەرمایەداریش وەک سەرمایەدار.

ئەگەر هەموو بارودۆخەکان وەک خۆیان بمێننەوە، ئەوا *تێکڕای زێدەی بەها*، دەبەسترێت بە ڕێژەی نێوان ئەو بەشە لە ڕۆژی کار کە پێویستە بۆ نوێکردنەوەی بەهای هێزی کار، وە *کاتی زیادە*، یان *زێدەی کار* کە بۆ سەرمایەدارەکە وەدی هێنراوە. واتە ئەمە، بەستراوە بە *ڕێژەی درێژکردنەوەی کارەوە بۆ سەروو کاتەکەی خۆی*، ئەمەیش بەو کارکردنەی کە کرێکارەکە، تەنها بەهای هێزی کارەکەی خۆیی تێدا بەرهەمدەهێنێتەوە، یان کە دەیخاتە بری کرێی کارەکەی.

# ٩. بەهای کار

پێویستە ئێستا بگەڕێینەوە بۆ دەربڕیەکەی "*بەها، یان نرخی کار*". لە ڕاستیدا وەک بینیمان، هێزی کار بە بەهای ئەو کاڵایانە پێوانە دەکرێت کە پێویستن بۆ پاراستنی. بەڵام لە کاتێکا کرێکار کرێکەی وەرناگرێت *دوای* تەواو کردنی کارەکەی نەبێت، وە دەشبینێت ئەوەی لە ڕاستیدا دەیداتە سەرمایەدارەکە، ئەوە کارەکەیەتی، ئیتر وایشدەبینێت بەها یان نرخی هێزی کارەکەی، بریتی بێت لە *نرخ* یان *بەهای خودی کارەکەی*. بەڵام ئەگەر نرخی هێزی کارەکەی ٣ شیلینگ بێت و ٦ کاژێریش لە کاری تێدا بەرجەستە بووبێت، وە ئەگەر ١٢ کاژێر کار بکات، ئەوا ئەو وەک پێویست، ئەو ٣ شیلینگە وەک بەها یان نرخی ١٢ کاژێر کارکردن دەبینێت، ئەمە ئەگەرچی ئەو ١٢ کاژێرە لە کار، خۆیی لە ٦ کاژێردا ڕیالیزە کردووە. بەمەیش دوو دەرئەنجام وەردەگرین:
یەکەم: *بەها یان نرخی هێزی کار*، وا دەنوێنێت وەک ئەوەی ئەمە *خودی نرخ یان بەهای کار* بێت، بەڵام بە واتای ووردبینیی ئەو ووشەیە، زاراوەی بەها یان نرخی کار تەواو بێمایە.

دووهەم: هەر تەنها بەشێکی کاری ڕۆژانەی کرێکار *دەدرێت*، بەشەکەی تری *نادرێت*، وە ئەوە ئەو بەشە نەدراوەیە، یان ئەو زێدەی کارەیە دەبێتە بناغەی ئەو *زێدەی بەهایە* یان ئەو *قازانجەی* وا دەردەکەوێت وەک ئەوەی نرخی تەواوی کارەکەی تێدا درابێت.

ئا ئەم دەرکەوتنە هەڵخەڵەتێنەرانەیەیە کە *کاری کرێگرتە،* لە شێوەکانی تری کاری *مێژوویی* جیادەکاتەوە. لەسەر بنەمای سیستمی کرێگرتە، تەنانەت ئەو کارەیشی *نرخەکەی نەدراوە*، وا

دەنوێنێت وەک ئەوەی نرخەکەی *درابێت*. ئەمە لە کاتێکا، بەپێچەوانەوە، لە کاری *کۆیلەیەکدا*، تەنانەت ئەو بەشەیشی کە دراوە، وا دەردەکەوێت کە نەدرابێت. بێگومان، کۆیلە پێویستە بژی تا بتوانێت کار بکات، وە بەشێک لە ڕۆژی کارەکەی دەڕوات بۆ خستنەبری بەهای پاراستنی خۆی. بەڵام لەکاتێکا هیچ گرێبەستێک لە نێوان کۆیلەکەو سەروەرەکەیدا نیە، وە یان هیچ کڕێن و فرۆشتنێک ڕوونادات لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا، ئەوا وا دەردەکەوێت وەک ئەوەی کاری کۆیلە بەبێ بەرابەر بێت.

لە لایەکی ترەوە، جووتیاری کۆیلەی زەوی (peasant serf)، کە دەتوانین بڵێین هەتا دوێنێش لە هەموو ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا مابوو، ئەم جووتیارە، بۆ نموونە، ٣ ڕۆژ لە کێڵگەکەی خۆیدا، ئەو کێڵگەیەی پێیدرابوو، کاری دەکرد بۆ خۆی، ٣ ڕۆژەکەی تریش کاری زۆرەملێ و خۆڕایی لە موڵکی سەروەرەکەیدا ئەنجامدەدا. لێرەدا، ئەو بەشەی لە کار دراوەو ئەوبەشەی نەدراوە، بەشێوەیەکی هەستپێکراو لێکجیادەکرێنەوە، لە شوێنیش و کاتیشدا لێکجیادەکرێنەوە؛ بەڵام لیبرالیستەکانمان، بۆچوونە ئەخلاقیە هیچ و پووچە ناماقووڵەکانی خۆیان بەوە پەردەپۆش دەکەن کە گوایە مرۆڤ ناچار دەکرێت بە خۆڕایی کار بکات.

بەڵام وەک فاکتەیەک، ئەگەر کەسێک ٣ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بۆ خۆی کار بکات لە کێڵگەکەی خۆیدا، ٣ ڕۆژیش بە خۆڕایی لە کێڵگەی خاوەن زەویەکەیدا، یان ئەگەر لە کارگە یان مانیفاکتۆرەیەکدا ٦ کاژێر بۆ خۆی و ٦ کاژێریش بۆ خاوەنکارەکەی کار بکات، ئەمە هەر هەمان دەرئەنجامی هەیە، ئەمە ئەگەرچی لە حاڵەتی دووهەمدا، ئەو بەشەی لە کار دەدرێت و ئەو بەشەی نادرێت، وا تێکەڵاو بوون بەیەکا؛ لێکجیاناکرێنەوە، سروشتی

هەموو ئەم مامەڵەیەیش، بە *گرێبەستێک و پێدان* لە کۆتایی هەفتەدا، ڕووپۆش کراوە. وە ئیتر لە یەکێکیاندا وا دەردەکەوێت وەک ئەوەی ئەم کارە خۆڕاییە، خۆبەخشانە بێت و لەوی تریشیاندا زۆرەملێ بێت. ئەمە هەموو جیاوازیەکەیە.

لە داهاتوویشدا، کاتێک ووشەی "*بەهای کار*" بەکاردەهێنم، ئەمە تەنها وەک زاراوەیەکی ڕەشۆکی میللی بەکاردەهێنم لەبری "*بەهای هێزی کار*".

## ١٠. قازانج بە فرۆشتنی کاڵا بە بەهاکەی خۆی وەدی دێت

گریمان مامناوەندیی کاژێرێک لە کارکردن لە بەهایەکدا بەرجەستە دەبێت کە یەکسانە بە ٦ پێنس، وە یان ١٢ کاژێر کاری مامناوەندی بەهای ٦ شیلینگی تێدا بەرجەستە دەبێت. زیاتر لەوەیش گریمان، بەهای کار ٣ شیلینگە، یان بەرهەمی ٦ کاژێرە لە کار. ئەگەر ئەوکاتە، لە ماتریالە خاوەکان و ئامێرو هتددا کە لە کاڵایەکدا بەکاردەهێنرێن، ٢٤ کاژێر لە کارێکی مامناوەندیدا بەرجەستە ببێت، ئەوا بەهاکەی ١٢ شیلینگ دەبێت. ئەگەر، زیاتر لەوەیش، ئەو کرێکارەی سەرمایەدارێک بەکاریدەهێنێت ١٢ کاژێر کاری خستە سەر ئەو کەرەسانەی بەرهەمهێنان، ئەوا ئەو ١٢ کاژێرە لە زێدەیەکدا لە بەها بەرجەستە دەبێت کە ٦ کاژێرە. بۆیە *تەواوی بەهای بەرهەمهێنراوەکە*، چەندایەتیەکە لە ٣٦ کاژێر لە کاری بەرجەستەبوو کە یەکسانە بە ١٨ شیلینگ. بەڵام لەکاتێکا بەهای کار، یان ئەو کرێی کارەی دراوە بە کرێکارەکە، تەنها ٣ شیلینگ بێت، ئەوا هیچ بەرابەرێک لە کاپیتالیستەکەوە نادرێت بۆ ئەو ٦ کاژێرە لە کاری زێدەی کرێکارەکە کە لە بەهای کاڵاکەدا بەرجەستە

بووە. لە فرۆشتنی ئەم کاڵایەدا بە بەهاکەی خۆی بە ١٨ شیلینگ، کاپیتالیستەکە، بەهایەکی ٣ شیلینگی دەستدەکەوێت، کە هیچ بەرابەرێکی نەدراوە. ئەو ٣ شیلینگە زێدەی بەها، یان قازنج، پێکدەهێنێت کە دەیخاتە گیرفانی خۆی. لە ئەنجامدا کاپیتالیستەکە قازانجێکی ٣ شیلینگی وەدەستهێناوە، ئەمەیش بە فرۆشتنی کاڵاکەی نا بە نرخێک بەرزتر لە بەهاکەی خۆی، بەڵکو بە فرۆشتنی *بە بەهای ڕاستەقینەی خۆی*.

بەهای کاڵایەک *بە هەموو ئەو چەندایەتیە لە کار* دەستنیشان دەکرێت کە تێیدەچێت. بەڵام بەشێکی ئەو چەندایەتیە لە کار بەهایەک پێکدەهێنێت کە بەرابەرەکەی هەمان بەها دەبێت و لە شێوەی کرێی کاردا دەدرێت؛ بەشەکەی تری لە بەهایەکدا بەرجەستە دەبێت کە هیچ بەرابەرێکی نادرێت. ئەو بەشەی لە کار دەچێتە کاڵاکەوە بەرابەرەکەی *دراوە*؛ بەشێکیشی *نەدراوە*. لەبەر ئەوە، لە فرۆشتنی کاڵایەکدا بە *بەهاکەی خۆی*، یان وەک *تەواوی ئەو چەندایەتیەی لە کار* کە چۆتە کاڵاکەوە، ئەمە وەک پێویست لە کاپیتالیستەکەوە، دەفرۆشرێت بە قازانجێک. ئەو تەنها ئەوە نافرۆشێت کە وەک بەرابەرێک لەسەری کەوتووەو بەس، بەڵکو ئەوەیش دەفرۆشێت کە هیچ نەکەوتووە لەسەری، بەڵکو ئەمە لەسەر کاری کرێکارەکەی کەوتووە. ئەوەی دەچێتە کاڵای کاپیتالیستەکەوە، ئەوە لەگەڵ تێچوونە ڕاستەقینەکەی، دوو شتی جیاوازن. بۆیە، دووبارەی دەکەمەوە، قازانجی ئاسایی یان مامناوەندی، بە فرۆشتنی کاڵاکان دەبێت *بە بەهای ڕاستەقینەی خۆیان*، نەک بە فرۆشتنیان *لەسەروو* بەهاکانیانەوە.

## ١١. ئەو بەشە جیاوازانەی زێدەی بەهایان بەسەردا دابەش دەبێتەوە

من *زێدەی بەها*، یان ئەو بەشەی لە بەهای گشتی کاڵا کە *زێدەکاری* کرێکاری تێچووە، یان کە *نرخی کارەکەی نەدراوە*، ناودەبەم بە *قازانج*. ئا ئەم بەهایە هەمووی، ناچێتە گیرفانی سەرمایەدارە خاوەنکارەکەوە. مۆنۆپۆڵکردنی زەوی ڕێ بە خاوەن زەوی دەدات بەشێک لەو بەهایە وەبگرێت لەژێر ناوی *قازانجی زەویدا*، ئیتر ئەگەر ئەو زەویە بەکاربهێنرێت بۆ کشتوکاڵ یان بیناکردن یان هێڵی ئاسنین، وە یان بۆ هەر مەبەستێکی تری بەرهەمهێن. وە لە لایەکی ترەوە، لە بارودۆخێکدا کە خاوەنداریێتی *ئامرازەکانی کار*، دەرفەت دەداتە کاپیتالیستە خاوەنکارەکە *زێدەی بەها* بەرهەمبهێنێت، یان *چەندایەتیەکی دیاریکراوی لەو کارە دەستبکەوێت کە هیچی پێنادات*، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە لایەکی ترەوە دەرفەت بداتە خاوەنی کەرەسەکانی کار، هەموو، یان بەشێکی ئەمە بە قەرز بداتە کاپیتالیستە خاوەنکارەکە، بە ووشەیەک، دەرفەت خۆشبکات بۆ ئەو *کاپیتالیستەیشی پارە بە قەرز دەدات*، داوای بەشێکی تری ئەو زێدەی بەهایە بکات بۆ خۆی لەژێر ناوی سووددا. وە ئیتر ئەوەی بۆ کاپیتالیستە خاوەنکارەکە دەمێنێتەوە، هەر تەنها ئەوەیە کە ناودەبرێت بە *قازانجی پیشەسازی* یان *بازرگانی*.

بەڵام بە چ یاسایەک ئەم دابەشبوونە لە چەندایەتی گشتیی زێدەی بەها، لە نێوان سێ کاتێگۆریدا لە خەڵک دابەش دەبێت، ئەمەیان باسێکە بە تەواوی نامۆیە بە بابەتەکەی ئێمە. وە هەموو ئەوانەی پێشتر گووتراون بەمجۆرە کورت دەکرێنەوە:

قازانجی زەوی، سوود، قازانجی پیشەسازی تەنها ناوی جیاوازی بەشە جیاوازەکانی زێدەی بەهای کاڵان، یان ئەمە کارێکی بەرجەستەبووە لە کاڵادا کە هیچی پێنەدراوە، ئەمانەیش بە یەکسانی هەر لەو سەرچاوەیەوە دێن، بە تەنها لەو سەرچاوەیەوە. واتە ئەمانە لە زەویەوە نەهاتوون وەک زەوی، لە سەرمایەوە نەهاتوون وەک سەرمایە، بەڵکو زەوی و سەرمایە بارودۆخێک پێکدەهێنن کە خاوەنەکانیان هەریەکە پشکی گونجاوی خۆیان لەو زێدەی بەهایە وەبگرن کە کاپیتالیستە خاوەنکارەکە لە کارگەری هەڵدەمژێت. بەلای کرێکارەکەیشەوە ئەوە شتێکی لاوەکیەو بایەخێکی گرنگی نیە کە ئەو زێدەی بەهایە دەرئەنجامی زێدەی کاری ئەوە یان کارێکی هیچ پێنەدراوە کە دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارە خاوەنکارەکەوە، وە یان کە ئەمەی دواییان ناچار دەبێت بە وازهێنان لە بەشێک لەژێر ناوی قازانجی زەوی و سووددا بۆ لایەنی سێهەم. بێگومان ئەگەر کاپیتالیستە خاوەنکارەکە هەر بە تەنها خۆی سەرمایەکەی خۆی بەکاربهێنێت، وە هەرخۆیشی خاوەنی زەویەکە بێت، ئەوکاتە هەموو زێدەی بەهاکە دەچێتە گیرفانی خۆیەوە.

ئەوە سەرمایەدارە خاوەنکارەکەیە کە هەر ڕاستەوخۆ ئەو زێدەی بەهایە لە کار ڕادەکێشێت، ئیتر دواجار، بەشەکەی خۆی هەرچەندێک بێت. بۆیە هەموو سیستمی کاری کرێگرتەو هەموو سیستمی بەرهەمهێنانی ئێستا، لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندیە وەستاوە لە نێوان کاپیتالیستە خاوەنکارەکەو کرێکاری کرێگرتەدا. لەبەر ئەوە، هەندێک لەو هاوڵاتیانەی بەشداریی ڕاوێژەکەیان کردین، هەڵە بوون کاتێک هەوڵیاندا دۆخەکە ئاسایی نیشان بدەن و مامەڵەی ئەو پەیوەندیە سەرەکیەی نێوان سەرمایەداری خاوەنکارو کرێکار، وەک بابەتێکی لاوەکی بکەن؛ ئەمە ئەگەرچی

ئەوان ڕاستبوون کە لە هەندێ بارودۆخی دیاریکراودا، بەرزبوونەوەی نرخ، بە پلەی ئێجگار جیاواز، کاردەکاتە سەر سەرمایەداری خاوەنکار، خاوەن زەوی، سەرمایەداری نەختی، وە ئەگەر ویستتان ئەوا بڵێن کار دەکاتە سەر باج کۆکەرەوەکان.

جگە لەمە، دەرئەنجامێکی تریش لەمانە وەردەگیرێت کە پێشتر باسکران.

ئەو بەشەی لە زێدەی بەهای کاڵا کە تەنها بەهای ماتریاڵە خاوەکان و ئامێرەکانە، بە ووشەیەک، بەهای کەرەسە بەکارهێنراوەکانی بەرهەمهێنانە، خۆی *هیچ داهاتێک* دروست ناکات، بەڵکو تەنها دەچێتەوە بری سەرمایە. بەڵام بەچاو پۆشین لەمە، ئەوە هەڵەیە بەشەکەی تری بەهای کاڵا *کە داهاتێک پێکدەهێنێت*، یان کە لە شێوەی کرێی کار، قازانج، قازانجی زەوی، سووددا، دابەش دەکرێت، وا دابنرێت لە بەهای کرێی کار، لە بەهای قازانج، لە بەهای سوود *پێکدێت*. ئێمە لە پێشا کرێی کار دەخەینە لاوە، وە هەر چارەسەری قازانجی پیشەسازی و سوودو قازانجی زەوی دەکەین. وە وەک بینیمان، *زێدەی بەها* لە کاڵادا، یان ئەو بەشە لە بەهاکەی کە کارێکیشی تێدا بەرجەستەبووەو *هیچیشی پێنەدراوە*، لەو بەشە جیاوازانەدا خۆی دەنوێنێت کە سێ ناوی جیاوازیان هەڵگرتووە. بەڵام بە تەواوی هەڵەیە بڵێین بەهاکەی *پێکهاتەیەکە*، یان *پێکهاتووە* لە *کۆی بەها سەربەخۆکانی ئەو سێ ڕەگەزە پێکهێنەرە*.

ئەگەر کاژێرێک لە کار خۆی لە بەهایەکی ٦ پێنسیدا بەرجەستە بکات، وە ئەگەر ڕۆژی کاری کرێکارەکە ١٢ کاژێر پێکبهێنێت، ئەگەر بەهای نیوەی ئەو وەختە نەدرابێت، ئەو زێدەی کارە *زێدەیەک لە بەها* دەخاتە سەر کاڵاکە کە سێ شیلینگە، ئەوە بەهایەکە هیچی

لە بەرابەردا نەدراوە. ئەو زێدەی بەها سێ شیلینگیە، *هەموو ئەو داهاتە* پێکدەهێنێت کە سەرمایەداری خاوەنکار، بەڕێژەی جیاواز، لەگەڵ خاوەن زەوی و قەرزدەری پارەدا دابەشی دەکات. بەهای ئەو ٣ شیلینگە سنووری ئەو بەهایە پێکدەهێنێت کە پێویستە لە نێوان خۆیاندا دابەشی بکەن. بەڵام ئەوە کاپیتالیستی خاوەنکار نیە کە بۆ قازانجی خۆی، هەر بە ئارەزووی خۆی بەهایەکی تریش بخاتە سەر بەهای کاڵاکە، وە بەهایەکی تریشی بخرێتە سەر بۆ خاوەن زەوی، وە ئیتر هەر بەو جۆرە، ئەمەیش بۆ ئەوەی بەو شێوەیە ئەو زیادەیە لە چۆنایەتی بەها دەستنیشانکراوەکان، کۆی بەهاکە پێکبهێنێت. ئا لەمەدا هەڵەی ئەو تێگەیشتنە میللیە سەرسووڕهێنەرە دەبینن لە لێکترازاندنی پێکهاتەی *بەهایەکی دیاریکراودا* بۆ سێ بەش، بۆ *پێکهێنانی* ئەو بەهایە لە کۆکردنەوەی سێ بەهای *سەربەخۆدا*، وە ئیتر بەوجۆرە، هەموو ئەو بەهایەی لە قازانجی زەوی، قازانج، وە سوودەوە سەرچاوە دەگرێت، ببنە قەوارەیەکی چۆنایەتی.

ئەگەر وایدابنێین هەموو قازانجی وەدەستهێنراوی سەرمایەدارێک یەکسان بێت بە ١٠٠ پاوەند، بەمە دەڵێین کۆ، کە وەک قەوارەیەکی *ڕەها بۆ چەندایەتیەک لە قازانج* دادەنرێت. بەڵام ئەگەر ڕێژەکەمان ئەژمار کرد بۆ ئەو سەرمایە وەگەڕخراوە ١٠٠ پاوەندیە، بەمەیان دەڵێین قەوارەی *ڕێژەیی، تێکڕای قازانج*. ڕوونیشە ئەم تێکڕای قازانجە بە دوو ڕێگا دەردەبڕدرێت.

گریمان *سەرمایەی وەگەڕخراو* لە کرێی کاردا بریتیە لە ١٠٠ پاوەند. ئەگەر زێدەی بەهای بەرهەمهێنراو دووبارە ١٠٠ بێت -کە ئەمە نیشانمان دەدات نیوەی ڕۆژی کاری کرێکارەکە لەو کارە پێکدێت کە *هیچی پێنەدراوە*- وە ئەگەر ئەو قازانجە بەو سەرمایەیە بپێوین

که له کرێی کاردا وەگەڕخراوە، ئەوا دەڵێین *تێکڕای قازانج* ١٠٠ له سەدە، چونکه ئەو بەهایەی وەگەڕخراوە ١٠٠ و بەهای وەدەستهاتوویش ٢٠٠ دەبێت.

ئەگەر له لایەکی ترەوە، هەر تەنها سەیری ئەو سەرمایەیەمان نەکرد که له *کرێی کاردا وەگەڕخراوە*، بەڵکو سەرنجی ***هەموو سەرمایەی*** وەگەڕخراوماندا، بۆ نموونه بڵێ ٥٠٠ پاوەند، ٤٠٠ پاوەندیان بەهای ماتریاله خاوەکان و ئامێرەکان و هتد بێت، ئەوا ئەوکاته دەڵێین تێکڕای قازانج تەنها ٢٠ له سەدە، چونکه قازانجی ١٠٠ بریتیه له یەک لەسەر پێنجی هەموو سەرمایه وەگەڕخراوەکە.

شێوازی یەکەم بۆ دەربڕینی تێکڕای قازانج، تەنها ڕێگایه بۆ ئەوەی ڕێژەی ڕاستەقینەی نێوان کاری پێدراوو کاری پێنەدراومان بۆ دەربخات، واته ئاستی ڕاستەقینەی چەوساندنەوەی کار (ئەگەر ڕێم بدەن ئەو ووشه فەرەنسیه بەکاربهێنم). شێوازی دووهەمی ئەو دەربڕینە، ئەوەیه که بەشێوەیەکی گشتی، وه له ڕاستیدا گونجاو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، بەکاردەهێنرێت، که له هەموو حاڵێکدا زۆر بەکەڵکه بۆ شاردنەوەی ئەو ئاستەی سەرمایەدار، کاری خۆڕایی کرێکاری پێڕادەکێشێت.

ئەو تێبینیانەی تا ئێستا ماون پێشکەشیان بکەم، ئەوەیه که من ووشەی قازانج بەکاردەهێنم بۆ هەموو بڕی زێدەی بەها که دەست سەرمایەدار دەکەوێت، ئیتر بەبێ هیچ بایەخێک به دابەشکردنی ئەو زێدەی بەهایه له نێوان لایەنە جیاوازەکاندا، وه له کاتێکیشدا ووشەی *تێکڕای قازانج* بەکاردەهێنم، هەمیشه قازانج بەو سەرمایەیه پێوانه دەکەم که بۆ کرێی کار وەگەڕدەخرێت.

## ١٢. پەیوەندی گشتیی نێوان قازانج و کرێی کارو نرخ

ئەگەر بەهای کاڵا لەو بەهایە دەربکەین کە دەخرێتە بری ماتریالە خاوەکان و ئەو کەرەسانەی تری بەرهەمهێنان کە تێیدا بەکاردەهێنرێت، واتە ئەگەر ئەو بەهایەی لێدەربکەین کە نوێنەری کارێکە لە ڕابووردوودا ئەنجامدراوە، ئەوکاتە ئەو بەشەی لە بەهای کاڵاکە دەمێنێتەوە، ئەو چەندایەتیەیە لە کار کە کرێکارەکە لە دواین پرۆسێسی بەرهەمهێناندا زیادی کردووە بۆ سەری. وە ئەگەر ڕۆژانە ئەو کرێکارە ١٢ کاژێر کار بکات، ئەگەر ١٢ کاژێر کاری مامناوەندیی لە چەندایەتیەک لە ئاڵتووندا بەرجەستە ببێت و یەکسان بێت بە ٦ شیلینگ، ئەوکاتە ئەو بەها زیادەیەی کە ٦ شیلینگە *تەنها* بەهایە کە کارەکەی دروستی کردووە. ئەم بەها دیاریکراوەی کە بە کاتی کارەکەی ئەو دەستنیشان دەکرێت، ئەوە تاکە سندوقە کە هەریەکە لە کرێکارو سەرمایەدار، پشک و بەشی خۆیانی لێڕادەکێشن، تەنها بەهایە کە دابەش دەبێت بەسەر کرێی کارو قازانجدا. وە ڕوونیشە کە خودی ئەو بەهایە ناگۆڕدرێت لە ڕێگای ئەو ڕێژانەوە کە لە گۆڕاندان و دابەش دەبن بەسەر هەردوو لایەنەکەدا. وە بێگومان هیچ شتێکیش ناگۆڕدرێت ئەگەر لە بری یەک کرێکار، هەموو کرێکارانیش پێکەوە لەبەرچاو بگرین، وە یان بۆ نموونە، ئەگەر ١٢ ملیۆن ڕۆژی کار بخەیتە جێگای یەک ڕۆژی کار.

لەکاتێکا کە سەرمایەدارو کرێکار دەبێت هەر تەنها ئەم بەها سنووردارە دابەش بکەن، ئەو بەهایەی کە هەر بە کۆی کاری کرێکارەکە پێوانە دەکرێت، ئەوا ئەگەر لایەکیان زۆرتر وەربگرێت،

لایەنەکەی تریان کەمتر وەردەگرێت، وە هەروەها *بەپێچەوانەیشەوە*. بۆیە هەرکات چەندایەتیەک بەرهەمدێت، ئەوا لایەنێکیان زیاد دەکات و لایەنەکەی تریشیان بە هەمان ئاست کەم دەکات. ئەگەر کرێی کار گۆڕدرا، ئەوا قازانجیش بەهەمان ئاراستەی پێچەوانە، دەگۆڕدرێت. ئەگەر کرێی کار دابەزی، قازانج بەرزدەبێتەوە؛ ئەگەر کرێی کار بەرزبووەوە، قازانج دادەبەزێت. وە ئەگەر کرێکارەکە، لە گریمانەکەی ڕابووردووماندا، ٦ شیلینگ وەربگرێت، یەکسان بێت بە نیوەی ئەو بەهایەی بەرهەمی هێناوە، وە یان ئەگەر نیوەی هەموو ڕۆژی کارەکەی وەربگرێت، وە بۆ بەشەکەی تری هیچ وەرنەگرێت، ئەوا *تێکڕای قازانج* یەکسان دەبێت بە ١٠٠ لە سەد، ئەمە لە کاتێکا سەرمایەدارەکەیش ٣ شیلینگی دەستدەکەوێت. ئەگەر کرێکارەکە ٢ شیلینگ وەربگرێت، یان هەر تەنها سێیەکی ڕۆژەکە بۆ خۆی کار بکات، ئەوا کاپیتالیستەکە ٤ شیلینگ وەردەگرێت، وە تێکڕای قازانج دەبێتە ٢٠٠ لە سەد. ئەگەر کرێکارەکە ٤ شیلینگ وەربگرێت، کاپیتالیستەکە تەنها ٢ شیلینگ وەردەگرێت، وە تێکڕای قازانج ٥٠٪ دادەبەزێت. بەڵام ئەم گۆڕانکاریانە هیچ کاریگەریەک لەسەر بەهای کاڵا جێناهێڵێت. بۆیە بەرزبوونەوەی گشتیی کرێی کار، دەبێتە هۆی دابەزینی تێکڕای گشتیی قازانج، بەڵام ئەمە کاریگەریەکی نیە لەسەر بەها.

بەڵام لەکاتێکا بەهای کاڵا، کە *دواجار* ڕێکخەری نرخی بازاڕە، کە ئەمەیش بە کۆی چەندایەتیە نەگۆڕەکانی کار دەستنیشان دەکرێت، نەک بە دابەشکردنی ئەو چەندایەتیە لە کاری پێدراوو پێنەدراو، ئەوا ئەمە بەهیچ شێوازێک ئەوە ناگەیەنێت کە بۆ نموونە، بەهای ئەم یان ئەو کاڵا، یان ژمارەیەک لە کاڵا کە لە ماوەی ١٢ کاژێردا بەرهەمهێنراون، هەر بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.

ئەو ژمارەیە یان ئەو چەندایەتیەی لە کاڵا لە کاتێکی دیاریکراودا، یان بە چەندایەتیەک لە کار بەرهەمهێنراون ، بەستراوە بە *هێزی بەرهەمهێنانی* کاری بەکارهێنراوەوە نەک بە *کات و ماوەوە*. بۆ نموونە، لە ئاستێکی دیاریکراوی هێزی بەرهەمهێنانی کاری چنیندا، ١٢ کاژێر لە ڕۆژی کار، ١٢ کیلۆ لە دەزوو بەرهەمدەهێنێت، لە ئاستێکی نزمتری هێزی بەرهەمهێناندا تەنها دوو کیلۆ بەرهەمدەهێنێت. واتە ئەگەر لە حاڵەتێکدا ١٢ کاژێر کاری مامناوەندی لە بەهایەکی ٦ شیلینگیدا ڕیالیزە بکرێت، ئەوکاتە ١٢ کیلۆ دەزووەکە ٦ شیلینگ دەکات، لە حاڵەتی تردا ئەو ٢ کیلۆ دەزووە دووبارە ٦ شیلینگ دەکات. لەبەر ئەوە، ١ کیلۆ دەزوو، لە حاڵەتێکدا ٦ پێنس و لە حاڵەتێکی تردا ٣ شیلینگ دەکات. ئەم جیاوازیە لە نرخدا، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کاری بەکارهێنراودا. واتە ئەگەر لە سایەی هێزێکی بەرهەمهێنانی مەزندا، ١ کاژێر لە کار لە ١ کیلۆ دەزوودا بەرجەستە ببێت، ئەوا لە هێزێکی بەرهەمهێنانی نزمدا، ٦ کاژێر لە کارکردن لە ١ کیلۆ دەزوودا بەرجەستە دەبێت. لە حاڵێکیاندا نرخی ١ کیلۆ دەزوو بەرزدەبێتەوە بۆ ٦ پێنس، ئەمە ئەگەرچی کرێی کار بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەرزترەو تێکڕای قازانج نزمتر؛ لە حاڵەتەکەی تریاندا ٣ شیلینگە، ئەگەرچی کرێی کار نزمترو قازانجیش بەرزترە. ئەمە هەروا دەبێت، چونکە نرخی کیلۆیەک دەزوو بە کۆی *ئەو چەندایەتیە لە کار دەستنیشان دەکرێت کە تێیچووە*، نەک بە *ڕێژەی تەواوی ئەو چەندایەتیەی دابەشدەکرێت بە کاری پێدراوو کاری پێنەدراو*. هەر لەبەر ئەمە، ئەو فاکتەیەی پێشتر یادم خستەوە، کە دەشێت کاری نرخبەرز کاڵای هەرزانبەهاو کاری کەمنرخ کاڵای گرانبەها بەرهەمبهێنێت، ئەوە ڕووخسارە پەرەدۆکسەی خۆی وون دەکات. ئەمە هەر تەنها دەربڕی

یاسایەکی گشتیە کە دەریدەخات بەهای کاڵا بەو چەندایەتیە لە کار دەستنیشان دەکرێت کە تێیدەچێت، وە ئەو چەندایەتیەیشی لە کار تێیدا بەکارهاتووە، هەر هەمووی بەستراوە بە هێزەکانی بەرهەمهێنانی کاری بەکارهێنراوەوە، بۆیە لە هەموو گۆڕانێکی کاری بەرهەمهێناندا ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت.

## ١٣. دۆخە سەرەکیەکانی تێکۆشان لە پێناوی بەرزکردنەوەی کرێی کارو بەرهەڵستیدا دژی کەمکردنەوەی

ڕێمان بدەن ئێستا بە بایەخەوە بڕوانینە گرنگترینی ئەو حاڵەتانەی هەوڵی تێدا دەدرێت بۆ بەرزکردنەوەی کرێی کار یان بەرهەڵستی کەمکردنەوەی.

١. بینیمان *بەهای هێزی کار*، یان بە زوبانی میللی، *بەهای کار*، بە بەهای پێداویستیەکان، یان بەو چەندایەتیە لە کار دەستنیشان دەکرێت کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانیان.

لەبەر ئەوە، ئەگەر لە وولاتێکی دیاریکراودا، مامناوەندیی بەهای ڕۆژانەی پێداویستیەکانی کرێکار، بریتی بێت لە ٦ کاژێر کارو بە ٣ شیلینگ دەربڕدرێت، ئەوا کرێکارەکە لەسەریەتی، ڕۆژانە ٦ کاژێر کار بکات بۆ بەرهەمهێنانی بەرابەری پێداویستیەکانی ڕۆژانەی. وە ئەگەر تەواوی ڕۆژی کار ١٢ کاژێر بوو، ئەوا سەرمایەدارەکە بە ٣ شیلینگ بەهای کارەکەیی دەداتێ. نیوەکەی تری ڕۆژی کار، هیچ بەرابەرێکی بۆ دانانرێت، تێکڕای قازانجیش ١٠٠٪ دەبێت. بەڵام گریمان، بەهۆی کەمبوونەوەی توانای بەرهەمهێنانەوە، کارێکی زیاتر پێویست دەبێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی، بڵێ، هەمان چەندایەتی لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، بەشێوەیەک کە نرخی

مامناوەندیی پێداویستیەکانی ڕۆژانە، لە ٣ شیلینگەوە بەرزدەبێتەوە بۆ ٤ شیلینگ. لەو حاڵەدا *بەهای* کار، یەک لەسەر سێ یان ٣٣١/٣٪ بەرزدەبێتەوە. واتە بەرهەمهێنانی بەرابەرێک بۆ بژێوی ڕۆژانەی کارگەرێک ٨ کاژێر دەخوازێت لە ڕۆژی کار، ئەمەیش بە پێی ئاستی بژێوی ڕابووردووی. هەربۆیە زێدەی کار، لە ٦ کاژێرەوە دادەبەزێت بۆ ٤، وە تێکڕای قازانجیش لە ١٠٠ لە سەدەوە بۆ ٥٠ لە سەد. بەڵام داخوازیی بەرزکردنەوەی کرێی کار، سووربوونی کارگەرە لەسەر وەدەستهێنانی *زیادبوونی بەهای کارەکەی* وەک فرۆشیاری هەر کاڵایەکی تر کە خەرجیەکانی کاڵاکەی زیاد دەکات و هەوڵدەدات ئەو بەهایە وەربگرێت کە چۆتە سەرەوە. ئەگەر کرێی کار هیچ بەرزنەبێتەوە، وە یان بەرزبوونەوەکەی وەک پێویست نەبێت بۆ خستنەبری زیادبوونی بەهای پێداویستیەکان، ئەوا *نرخی* کار *دادەبەزێت بۆ خوار بەهای کار*، وە بژێوی کارگەریش بەرەو خراپ بوون دەڕوات.

بەڵام دەشێت گۆڕانکاریەکیش بە ئاراستەی پێچەوانە ڕوو بدات. وەک دەرئەنجامی زیادبوونی کاری بەرهەمهێن، دەشێت هەمان چەندایەتی لە مامناوەندیی ڕۆژانەی پێداویستیەکان دابەزێت بۆ ٢ شیلینگ، یان تەنها بۆ ٤ کاژێر کارکردن لە بری ٦، کە پێویست بێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی بەرابەرێک بە بەهای پێداویستیەکانی ڕۆژانە. وە ئیتر ئەوکاتە کرێکارەکە لە حاڵەتێکدایە کە دەتوانێت بە ٢ شیلینگ ئەو پێداویستیانە بکڕێت پێشتر بە ٣ شیلینگ دەیکڕین. لە ڕاستیدا بەمە، *بەهای کار* دابەزیوە، بەڵام بەم کەمبوونەوەیەیش لە بەهادا، کرێکارەکە هەر هەمان چەندایەتی دەستدەکەوێت لە کاڵا وەک ڕابووردوو. قازانجیش لە ٣ شیلینگەوە بەرزدەبێتەوە بۆ ٤، تێکڕای قازانجیش لە ١٠٠٪ وە بۆ ٢٠٠٪. وە ئەگەر ئاستی ڕەهای بژێوی کارگەر وەک خۆیشی

مابێتەوە، کرێی کارە *ڕێژەییەکەی*، وە لەگەڵ ئەویشدا، *دۆخە کۆمەڵایەتیە ڕێژەییەکەی*، بە بەراوورد لەگەڵ سەرمایەدارەکەدا، نزمتر بۆتەوە. بۆیە ئەگەر کرێکار بەرهەڵستی ئەو دابەزینە ڕێژەییەی کرێی کار بکات، ئەوە هەر تەنها هەوڵێکە بۆ وەدەستخستنی پشکێک لە زیادبوونی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کاری خۆی و هێشتنەوەی دۆخە ڕێژەییەکەی ڕابووردووی لە ئاستە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیدا. وە هەر ئابەمجۆرە، دوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای دانەوێڵە، بەتایبەت دوای پێشێلکردنی پەیمانە ڕەسمیەکان بە ئاشکرا وە لە کاتی هانداندا دژی ئەو یاسایانە، خاوەنەکانی پیشەسازی ئینگلیزی، بەگشتی کرێی کاریان ١٠٪ دابەزاند. لە سەرەتادا بەرهەڵستی کرێکاران، سەرکەوتنێکی بەدەستنەهێنا، بەڵام لە دەرئەنجامدا، بەهۆی بارودۆخێکەوە کە ئێستا ناتوانم هەڵوێستەی لەسەر بکەم، ئەو ١٠ لە سەدەیان گێڕایەوە.

٢. *بەهای* پێداویستیەکان، واتە *بەهای کار*، دەکرێت وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام گۆڕانێک لە *نرخە نەختینەکەیاندا* ڕووبدات، ئەمەیش وەک دەرئەنجامی گۆڕانێک لە بەهای نەختدا. بۆ نموونە، بەهۆی دۆزینەوەی کانە ئاڵتوونە دەوڵەمەندەکان و شتی تری لەو جۆرەوە، ئیتر بەرهەمهێنانی دوو مسقاڵ لە ئاڵتوون، کارێکی زیاتر لەوەی نەدەویست کە پێشتر بۆ بەرهەمهێنانی یەک مسقاڵ ئاڵتوون پێویست بوو. لەوکاتەدا *بەهای* ئاڵتوون نیوبەنیو، یان ٥٠٪ دابەزی. وە وەک بەهای هەموو کاڵایەکی تریش، وە هەروەها *بەهای کاریش*، بوونە دەرپری دووجار زیاتر لە *نرخە نەختینەکەی* ڕابووردوویان. ١٢ کاژێر کارکردنیش، کە پێشتر دەرپری ٦ شیلینگ بوو، دوای ئەوە ئیتر بووە دەرپری ١٢ شیلینگ. وە ئیتر ئەگەر کرێی کاری کرێکارێک بە ٣ شیلینگ مابێتەوە لەبری بەرزبوونەوەی بۆ ٦

شیلینگ، ئەوا *نرخی نەختیی کارەکەی* تەنها یەکسان دەبێت بە *نیوەی بەهای کارەکەی*، وە ئاستی بژێویشی ترسناک خراپ دەبێت. ئەم ئاستەیش پلەیەکی گەورەتر یان بچووکتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت هەرکات کرێی کارەکەی بەرزبووەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەمە لەگەڵ ڕێژەی دابەزینی بەهای ئاڵتووندا بگونجێت. لە حاڵەتێکی ئاوەهادا، هیچ گۆڕانێک ڕوووینەداوە، نە لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کاردا، نە لە خستنەڕوو داخوازیدا، وە نە لە بەهادا.

هیچ شتێک نەگۆڕراوە جگە لە *ناوە* نەختینەکەی ئەو بەهایانە. وە ئەگەر بڵێیت لەم بارودۆخەدا، پێویست ناکات کرێکار سووربێت لەسەر بەرزکردنەوەیەکی ڕێژەیی کرێی کار، ئەمە مانای وایە دەبێت کرێکار ڕازی بێت بەوەی تەنها چەند هێمایەکی بدەنێ لە بری بەهایەکی ڕیالیستی. وە هەموو مێژووی ڕابووردوویش دەیسەلمێنێت هەرکات دابەزینێکی لەمجۆرە لە پارەدا ڕوویدابێت، سەرمایەدارەکان کەوتوونەتە ئامادەباشیەوە بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلە بۆ هەڵخەڵەتاندنی کرێکاران. وە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانی ئابووری سیاسی ئەو دڵنیاییەیان ڕاگەیاندووە کە بەهۆی دۆزینەوەی نوێی جێگای ئاڵتوونەوە، وە بە بەکارهێنانێکی باشتری کانەکانی زیو، وە خستنەڕوویەکی هەرزانتری جیوە، جارێکی تریش بەهای مێتالە گرانبەهاکان دابەزینەوە. ئەمە ئەو هەوڵە گشتیانە ڕووندەکاتەوە بۆ بەرزکردنەوەی کرێی کار کە لە یەککاتدا هەموو کیشوەرەکەی گرتەوە.

٣. تا ئێستا واماندناوە کە *ڕۆژی کار* سنوورێکی دیاریکراوی هەیە. بەڵام ڕۆژی کار بۆ خۆی، سنوورێکی نەگۆڕی نیە. ئەوە مەیلی

نەگۆڕی سەرمایەیە، بەردەوام ئەو وەختە، تا بەرزترین ئاستی توانا فیزیکیەکانی جەستە درێژ دەکاتەوە، ئەمەیش لەبەرئەوەیە بەهای کارو لەویشەوە قازانج، بەهەمان ئاست، زیاد دەکات. ئەوەندەی سەرمایە سەرکەوتوو دەبێت لە درێژکردنەوەی ڕۆژی کاردا، ئەوەندەیش ئەو چەندایەتیە لە کاری کەسانی تر گەورەتر دەبێت کە دەکەوێتە ژێر دەستی.

لە سەدەی حەڤدەهەمەوە هەتا سێ بەشی یەکەمی سەدەی هەژدەهەمیش، ١٠ کاژێر کارکردن ڕۆژی ئاسایی کار بوو لە هەموو ئینگلترەدا. وە لە کاتی جەنگدا دژی یاقوبیەکان، کە بەکردەوە جەنگی ئۆرۆستۆکراسیە ئینگلیزەکان بوو دژی ڕەنجدەرانی بریتانیا، سەرمایە ئاهەنگی خۆشیی درێژکردنەوەی ڕۆژی کاری دەگێڕا لە ١٠ بۆ ١٢ و ١٤ و ١٨ کاژێر. وە *مالتۆس*[١٠] کە پیاوێکە بە هیچ جۆرێک بە هەستیارو سۆزدار نەناسراوە، لە نامیلکەیەکدا کە لە نزیکەی ١٨١٥ دا بڵاوکراوەتەوە، ڕوونی کردۆتەوە ئەگەر ئەم جۆرە شتانە بەم شێوەیە بەردەوام بن، ئەوا ژیانی نەتەوەیەک هەر لە ڕەگەوە دەکەوێتە بەر هێرش. چەند ساڵێکیش بەر لەو داهێنانە نوێیانەی لە ئامێرەکاندا کران، لە نزیکەی ١٧٦٥ دا، نامیلکەیەک دەرکەوت لە ئینگلترەدا لەژێر ناونیشانی "*باسێک لە بازرگانیدا*". ئەو دانەرە نادیارە، کە دوژمنێکی ئاشکرای چینی کرێکار بووە، وا دەبینێت کە فراوانکردنی سنووری ڕۆژی کار پێویستیەکە. جگە لەوەیش بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستە، پێشنیاری *خانووی کار* دەکات، وەک خۆی دەڵێت "*خانووی تێرۆر*". بەڵام دەبێت درێژیی ڕۆژی کار چەند بێت لەسەر پێشنیارەکەی ئەو لە "خانووی تێرۆر" دا؟ *١٢ کاژێر*، هەر بەهەمان شێوەی ئەو وەختەی لە ١٨٣٢ دا ڕاگەیەنراوە لە کاپیتالیستەکان و ئابووریستە سیاسیەکان و وەزیرەکانەوە، کە

نابێت هەروا بمێنێتەوەو بەس، بەڵکو پێویستە ببێتە وەختی کارکردنی هەر منداڵێکیش کە لە خوار تەمەنی ١٢ ساڵیەوە.

کرێکار بەفرۆشتنی هێزی کارەکەی، کە ناچارە بەم فرۆشتنە لە سایەی ئەم سیستمەی ئێستادا، ئەو هێزە دەخاتە بەردەستی کاپیتالیست بۆ بەکاربردنی، بەڵام لە سنوورێکی عەقڵانی دیاریکراودا. ئەو هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت تا بتوانێت بیپارێزێت نەک بۆ ئەوەی لەناوی ببات، ئیتر ئەمە بەچاوپۆشین لە فەوتانە سروشتیەکەی. ئەوە ئاشکرایە کە بەفرۆشتنی هێزی کارەکەی بە بەهای ڕۆژانەی خۆی یان هەفتانەی، ئەو هێزی کارە لە ڕۆژێکدا یان دوو ڕۆژ وە یان لە هەفتەیەکدا یان دوو هەفتە، بەکارنابرێت یان لەکار ناکەوێت. با ئامێرێک وەربگرین کە بەهاکەی ١٠٠٠ پاوەند بێت. ئەگەر ئەمە بۆ ١٠ ساڵ بەکاربهێنرێت، ئەوکاتە ئەمە بەهایەکی ١٠٠ پاوەندی دەخاتە سەر ئەو کاڵایانەی بەشدارە لە بەرهەمهێنانیاندا. ئەگەر ئەمە بۆ ماوەی ٥ ساڵ بەکارهێنرا، وە ساڵانە ٢٠٠ پاوەندی خستەسەر ئەو بەهایە، ئەوا بەهای ساڵانەی بەکاربردنی پێچەوانە دەبێت بە ڕێژەی خێرایی بەکاربردنی. بەڵام لێرەدا کرێکار جیایە لە ئامێر. ئامێر بەهەمان ڕێژەی بەکارهێنانی، نافەوتێت. بەپێچەوانەوە مرۆڤ، بەڕێژەیەکی گەورەتر بەکاردەبرێت، زیاتر لەوەی هەر ژمارەیەکی دیاریکراو لەبارەی کارەوە نیشانی دەدات.

لە کاتێکا کرێکاران کۆشش دەکەن بۆ کەمکردنەوەی ڕۆژی کار بۆ ڕەهەندە عەقڵانیەکەی ڕابووردووی، یان لەکاتێکا کە ناتوانن سنوورێکی یاسایی[٣] ڕۆژی کار بسەپێنن بە دانانی سنوورێک بۆ زێدەی کار لە ڕێی بەرزکردنەوەی کرێی کارەوە، بەرزبوونەوەیەک کە هەر تەنها گونجاو نەبێت لەگەڵ زێدەی کاری سەپێنراودا

بەسەریاندا، بەڵکو ڕێژەیەکی گەورەتر بێت، کرێکاران ئا بەم هەوڵەیان، تەنها ئەرکی خۆیان وەدیدەهێنن بەرامبەر بە خۆیان و ڕەگەزەکەیان. ئەمەیش تەنها سنوورێکە بۆ تاڵانی و ستەمی سەرمایە. کات مەیدانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیە. ئەو مرۆڤەی تەنها چرکەیەکی ئازادی نیە بۆ خۆی، وە هەموو ژیانیشی، بەچاوپۆشین لە بەشە فیزیکیەکەی خەوتن و خواردن و شتی لەو جۆرە، ئەوا هەموو کاتەکانی لە کاردا بەسەر دەبات بۆ کاپیتالیستێک، وە لە ئاژەڵێکی بارهەڵگریش کەمترە. ئەو مرۆڤە هەر تەنها ئامێرێکە بۆ بەرهەمهێنانی سامان بۆ کەسانی تر لە جەستەیەکی تێکشکاوو عەقڵێکی گەمژەکراودا. وە هەموو مێژووی پیشەسازی مۆدێرنیش، نیشانیدەدا سەرمایە، ئەگەر ڕێی لێنەگیرێت، ئەوا بێهەست و بێڕەحمانە دەکەوێتە ڕەتاندنی چینی کرێکار تا بەرزترین ئاست.

کاتێک کاپیتالیستێک ڕۆژی کار درێژدەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا هەر دەتوانێت *کرێی کاری بەرزتر* بدات و بەهای کاریش کەمتر بکاتەوە، ئەمە ئەگەر بەرزکردنەوەی کرێی کار، نەگونجاوبێت لەگەڵ گەورەیی ئەو چەندایەتیەدا لە کاری زۆرەملێ و بەکاربردنی خێراتری هێزی کاردا. دەکرێت ئەمە بە جۆرێکی تریش ڕووبدات. بۆ نموونە، ستاتیستیکیە برجوازیەکان پێتان دەڵێن، مامناوەندیی کرێی کاری خێزانەکانی کارگەکان لە لانکشێر بەرزبۆتەوە. ئەوان بیریان چووە کاری پیاوەکە، سەری گەورەی خێزانەکە، لەگەڵ هاوسەرەکەی و ٣ تا ٤ منداڵیش، فڕێ دراونەتە ژێر تایەکانی جاگار ناغوتی سەرمایە[١١]، بۆیە بەرزبوونەوەی گشتیی کرێی کار، لەگەڵ ئەو زێدەی کارە ناگونێت کە لەو خێزانەی دەکێشنەوە.

تەنانەت لەو کاتەیشدا کە سنووری ڕۆژی کار دیاری دەکرێت، وەک ئەوەی کە ئێستا لە هەموو لقە پیشەسازیەکاندا هەیەو ملکەچی یاسایش کراوە، بەرزبوونەوەی کرێی کار هەر پێویستە، ئیتر ئەگەر ئەمە هەر تەنها لە پێناوی هێشتنەوەی *بەهای کاردا* بێت لە ئاستی ڕابووردوویدا. وە بە زیادبوونی *چڕیی* کار، مرۆڤ دەتوانێت لە یەک کاژێردا، زیاتر لەو هێزە زیندووە بەکاربەرێت کە لەوەوبەر لە دوو کاژێردا بەکاری بردووە. ئەمە بە ئاستێکی دیاریکراو لەو پیشەسازیانەدا ڕوویدا کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی یاسای کارگەکانەوە، ئەمەیش بە بەکارهێنانی ئامێری خێراترو زیادکردنی ژمارەی ئەو ئامێرانەیشیان کە بە یەک تاکە کەس چاودێری دەکرێن. وە ئەگەر زیادبوونی چڕیی کار، یان بەکارهێنانی چەندایەتیەکی زیاتر لە کار لە یەک کاژێردا، هاوشان بێت بە دابەزینێکی گونجاوی درێژیی ڕۆژی کار، ئەوا ئەوکاتە کرێکارەکە براوەیە. ئەگەر ئەو سنوورە تێپەڕێنرا، ئەوا لەلایەکەوە ئەوەی لە دەستدەچێت کە لەلایەکی ترەوە دەستی کەوتبوو، واتە ئەوکاتە ١٠ کاژێر کارکردن هەر بە هەمان شێوەی ١٢ کاژێر زیانی خۆی دەگەیەنێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەیلەی سەرمایە بە خەبات کردن لە پێناوی بەرزکردنەوەی کرێی کاردا، بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ ئاستی بەرزبوونەوەی چڕیی کاردا، کرێکار بەرهەڵستی هەر هەوڵێک دەکات کە بۆ کەمکردنەوەی بەهای کارەکەی و خراپتربوونی ڕەگەزەکەی دەدرێت.

٤. هەمووتان دەزانن کە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، بە چەند هۆکارێک کە پێویست ناکات لێرەدا شییانبکەمەوە، لە سایکڵە ناوبەناوە دیاریکراوەکاندا دەجووڵێتەوە. ئەمە بە حاڵەتەکانی خاوبوونەوە، ژیانەوەی زیاتر، گەشانەوە، زێدەی بەرهەمهێنان، قەیران، وە سستبووندا تێدەپەڕێت. نرخی کاڵاکان لە بازاڕدا، وە

تێکڕای قازانجەکانی بازاڕیش، دوای ئەم قۆناغانە دەکەون، ئیتر جارێک بە دابەزینیان بۆ خوار مامناوەندیەکانیان، جارێکی تریش بە بەرزبوونەوە لە مامناوەندیەکانیان.

وە ئەگەر ڕوانینە تەواوی سایکڵەکە، دەبینین هەر لادانێک لە نرخی بازاڕدا، دەچێتە بری لادانێکی تر، وە ئەگەر مامناوەندیی سایکڵەکە وەربگرین، دەبینن نرخی کاڵاکان لە بازاڕدا بە بەهاکانیان ڕێکخراون. باشە! لە سەردەمی دابەزینی نرخی بازاڕدا، وە لە قۆناغی قەیران و سستبووندا، کرێکار، ئەگەر هەر بە تەواوی فڕێ نەدرێتە دەرەوەی کار، بە دڵنیاییەوە کرێی کارەکەی نزم دەبێتەوە. وە بۆ ئەوەی نەخەڵەتێنرێت، ناچارە تەنانەت لە دابەزینێکی لەوچەشنەی نرخی بازاڕدا، بکەوێتە بەربەرەکانێ لەگەڵ سەرمایەدارەکە لەسەر ئەو ئاستە ڕێژەییەی داگرتنی کرێی کاری تێدا پێویست دەبینێت. ئەگەر، لە قۆناغی گەشانەوەدا، لەوکاتەدا کە قازانجی زیاتر وەدەست دەهێنرێت، نەجەنگێت لە پێناوی بەرزکردنەوەی کرێی کاردا، ئەوا، تەنانەت لە کاتی مامناوەندیی سایکڵێکی پیشەسازیدا، *کرێی کاری مامناوەندیشی*، یان *بەهای* کارەکەیی دەست ناکەوێت. وە ئەوەیش بەرزترین ئاستی گەمژەییە داوا بکرێت کرێکار، لە کاتێکا کە وەک پێویست کرێی کارەکەی دەکەوێتە بەر کاریگەریی قۆناغە ناهەموارەکانی سایکڵەکە، ئیتر لە سەردەمی گەشانەوەدا، خۆی دوور بگرێت لەوەی کە دەتوانێت بیخاتەوە بری ئەوەی لە سەردەمی سایکڵە ناهەموارەکاندا لەدەستیچووە. بەگشتییش، *بەهای هەموو* کاڵاکان بە گۆڕانی بەردەوام لە نرخەکانی بازاڕدا وەدیدێت، لە هەڵبەزودابەزی بەردەوامی خستنەڕوو داخوازیەوە سەرچاوە دەگرێت. وە تەنها لەسەر بنەمای ئەم سیستمی کارەی ئێستا، هەر کاڵایەک وەک هەموو ئەوانی ترە. هەر لەبەر ئەوەیشە پێویستە

هەموویان بە هەمان هەڵبەزودابەزدا تێبپەڕن تا دەگەنە نرخێکی مامناوەندی، گونجاو بەبەهاکەیان.

زۆر ناماقوڵە لە لایەکەوە، مامەڵەی کار وەک کاڵا بکرێت، لە لایەکی ترەوە لەو یاسایەنە داببڕێنرێت کە ڕێکخەری نرخی کاڵاکانن. کۆیلە چەندایەتیەکی بەردەوام و نەگۆڕ وەردەگرێت بۆ بژێوی؛ کارگەری کرێگرتە وانیە. بۆیە دەبێت لەم حاڵەیاندا هەوڵی بەرزکردنەوەی کرێی کارەکەی بدات، ئەگەر ئەمە هەر تەنها لەپێناوی خستنەوەبری کەمبوونەوەی کرێی کاریشدا بێت لەگەڵ حاڵەتی پێشووتریدا. وە ئەگەر بە خۆبەدەستەوەدان، ئیرادەی سەرمایەدارەکە، فەرمانی سەرمایەدارەکە وەک یاسایەکی ئابووری هەمیشەیی قبوڵ بکات، ئەوا هەر ڕەتاندنەکانی کۆیلەیەکی بۆدەمێنێتەوە، ئیتر ئەمە بەبێ هیچ زامنێکی ژیانی کۆیلایەتی.

٥. وەک بینیتان، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا کە سەرنجێکمان لێدان، ئەویش ٩٩٪ ی ئەو حاڵەتانە پێکدەهێنێت، خەبات کردن لەپێناوی بەرزکردنەوەی کرێی کاردا، بەدوای هەمان گۆڕانکاریەکانی *ڕابووردوودا* دێت، دەرئەنجامێکی پێویستی گۆڕانکاریەکانی ڕابووردووە لە چەندایەتیەکانی بەرهەمهێناندا، لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کاردا، لە بەهای کاردا، لە بەهای نەختدا، لە درێژیی یان چڕیی کاردا، لە هەڵبەزودابەزی نرخی بازاڕدا کە بەستراوە بە هەڵبەزودابەزی خستنەڕوو داخوازیەوە بە گونجاندنی لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی سایکڵە پیشەسازیەکاندا؛ بە یەک ووشە، ئەمە پەرچەکرداری کارە دژی کردارەکانی ڕابووردووی سەرمایە. وە بە تێڕوانین لە خەبات کردن لەپێناوی بەرزکردنەوەی کرێی کاردا، بەبێ بەستنەوەی بە هەموو ئەو بارودۆخانەوە، وە

تەنها بە سەرنجدان لە گۆڕانی کرێی کار، ئیتر بەبێ بایەخدان بە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی تر کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت، دەستپێکردنە لە پێشینەیەکی هەڵەوە، بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی هەڵە.

## ١٤. ناکۆکی نێوان سەرمایەو کارو دەرئەنجامەکانی

١. وەک نیشانمدا، بەرهەڵستیی ناوبەناوی کرێکاران دژی دابەزاندنی کرێی کار، وە هەوڵە ناوبەناوەکانیشیان بۆ دەستخستنی کرێی کارێکی بەرزتر، جیاناکرێتەوە لە سیستمی کاری کرێگرتە، ئەمەیش لەو فاکتەیەوە هاتووە کاری تێدا گۆڕدراوە بە کاڵا، وە ملکەچی ئەو یاسایەنەیش کراوە کە ڕێکخەری جووڵەی گشتیی نرخەکانن؛ زیاتر لەوەیش، ڕوونمان کردەوە کە بەرزبوونەوەی گشتیی کرێی کار، بە کەمبوونەوەی تێکڕای گشتیی قازانج کۆتایی دێت، بەڵام ئەمە کارناکاتە سەر نرخی مامناوەندیی کاڵاکان یان بەهاکانیان، ئا لەمەیشەوە دواجار، ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە بە چ ئاستێک لە خەباتی بەردەوامی نێوان سەرمایەو کاردا، ئەمەی دواییان سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت.

ئەتوانم بەگشتی وەڵام بدەمەوەو بڵێم، کاریش وەک هەموو کاڵایەکی تر، لە ماوەیەکی درێژخایەندا، *نرخەکەی بازاڕی*، لەگەڵ بەهاکەیدا دەگونجێنێتەوە؛ لەبەر ئەوە، سەرباری هەموو بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەیەک، وە هەرچی تریش کە ڕوودەدات، کرێکار، تەنها مامناوەندیی *بەهای* کارەکەیی دەستدەکەوێت، کە

ئەمیش لە بناغەدا بەهای هێزی کارەکەیەتی، وە بە بەهای ئەو پێداویستیانە دەستنیشان دەکرێت هێزی کار دەیخوازێت بۆ پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی، وە دواجار بەهاکەی ئەمیش بەو چەندایەتیە لە کار ڕێکدەخرێت کە پێویستیی بەرهەمهێنانەوەیەتی.

بەڵام هەندێک خەسڵەتی جیاکەرەوە هەیە کە *بەهای هێزی کار*، یان *بەهای کار*، لە بەهای هەموو کاڵایەکی تر جیادەکاتەوە. بەهای هێزی کار لە دوو ڕەگەز پێکدێت - یەکێکیان هەر تەنها جەستەییە، ئەوی تریان مێژوویی و کۆمەلایەتیە. دواین سنووریشی بە ڕەگەزە *جەستەییەکەی* دەستنیشان دەکرێت، واتە دەبێت چینی کرێکار بۆ پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی خۆی، بۆ هێشتنەوەی توانا فیزیکیەکەی، ئەو پێداویستیانەی دەستبکەوێت کە بەبێ چەندوچوون، پێویستیی ژیان و زاوزێکردنن. بۆیە *بەهای* ئەو پێداویستیە سەرەکیانە، *نزمترین ئاستی* بەهای کار پێکدەهێنێت. لە لایەکی تریشەوە، درێژیی ڕۆژی کار، سنووردارە بە ئاستە دیاریکراوەکەی، ئەمەیش لە دواجاردا لاستیکیەو زۆر دەکشێت. ئەو دواین ئاستەیش بە هێزی جەستەیی کرێکار دیاری دەکرێت. ئەگەر هیلاکیی ڕۆژانەی هێزی زیندووی کرێکار، لە ئاستی دیاریکراوی خۆی تێبپەڕێت، ئەوا چیتر ناتوانێت ڕۆژانە پراکتیزەی ئەو هێزە بکات.

بەهەرحاڵ، وەک گووتم، ئەو سنوورە ئێجگار لاستیکیە. بەڵام ئەو نەوە ناتەندروست و کەم تەمەنانەیش، بازاڕی کار هەروەک ئەوە دەهێڵنەوە کە زنجیرەیەک لە نەوەی بەهێزو تەمەن درێژ، ڕێکی دەخەن. جگە لەوەیش لە پاڵ ئەو ڕەگەزە جەستەییەدا، بەهای کار

لە هەمووووڵاتێکدا، بە *نەرێتەکانی ئاستی بژێوی* دەستنیشان دەکرێت. ئەو ئاستە هەر تەنها دابینکردنی پێداویستیە جەستەییەکان ناگرێتەوەو بەس، بەڵکو ئەو پێداویستیە دیاریکراوانەیش دەگرێتەوە کە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن بۆ ژیان و پەروەردەکردنی خەڵکی. دەشێت ئاستی بژێوی ئینگلیزیەک لە ئاستی بژێوی ئیرلەندیەک کەمتر بێت؛ وە ئاستی بژیوی جووتیارێکی ئەڵمانی یەکسان بێت بە ئاستی بژێوی جووتیارێکی لیفلەندە. گرنگترین بەشێک کە لەمەدا بایەخێکی هەیە، وەک لە دانراوەکەی مستر تۆرۆنتۆندا "*زێدەی دانیشتوان*" دەیبینن، نەرێتە مێژووییەکان و خووە کۆمەڵایەتیەکانن، کە نیشانی دەدەن مامناوەندیی کرێی کار لە ناوچە کشتوکاڵیە جیاوازەکانی ئینگلترەدا، هەتا ئەم ساتەوەختەیش، کەم تا زۆر جیاوازە؛ بەپێی بارودۆخێکی کەم تا زۆر لەبار لەو ناوچانەدا کە بە دوای جووتیارانی کۆیلەی زەویدا سەریهەڵدا.

ئا ئەم ڕەگەزە مێژووییە یان کۆمەڵایەتیە کە دەچێتە نێو بەهای کارەوە، دەشێت زیاد یان کەم بکات وە یان بە تەواوی لەناو بچێت، بەجۆرێک کە ئیتر هیچی لێنەمێنێتەوە تەنها *سنوورە جەستەییەکەی* نەبێت. لە *جەنگی دژ بە یاکوبیەکاندا*، وەک پیرە جۆرج ڕۆز، باجخۆرو ئارەزوومەندی پۆستە قازانجدەرەکان، ڕاهاتبوو لەسەر ئەوەی بڵێت، بۆ ئەوەی چاکەکانی دینە پیرۆزەکەمان لە هێرشی فەرەنسیە بێباوەڕەکان بپارێزین، خاوەن کێڵگە ئینگلیزیە بەشەرەفەکان، کە پێشتر لە چاپتەرێکدا باسمان کردووە، کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵییان نزمکردەوە تەنانەت بۆ *نزمترین ئاستی جەستەیی*. بەڵام کەمیی ئامرازەکانی بژێوی کە پێویستن بۆ مانەوەی کرێکارو بەردەوامبوونی نەوەکانیان لە ڕووی

جەستەییەوە، ئەمەیان بە سندوقی خێرخوازی و بەپێی *یاساکانی هەژاران* چارەسەر دەکرد. ئەمەیش شێوازێکی جوان بوو بۆ گۆڕینی کارگەری کرێگرتە بۆ کۆیلەو گۆڕینی جووتیارە پڕ لە شانازیەکەی شکسپیر بۆ هەژارێکی داماو.

بە بەراووردکردنێک لە ئاستەکانی کرێی کاردا یان بەهاکانی کار لە وڵاتە جیاوازەکاندا، وە بە بەراوورد کردنیشیان بە چەرخە مێژووییە جیاوازەکانی هەر وڵاتێکیش بۆ خۆی، دەبینن خودی *بەهای کار* نەگۆڕ نیە، بەڵکو چەندایەتیەکە لە گۆڕاندا، ئیتر ئەگەر تەنانەت وایدابنێین کە بەهای هەموو کاڵاکانی تر بە نەگۆڕی دەمێننەوە.

لە بەراووردێکی هاوشێوەدا ئەوەیش دەسەلمێنرێت کە هەر تەنها *تێکڕای قازانجی بازاڕ* ناگۆڕدرێت، بەڵکو ئەم گۆڕانە لە *تێکڕای مامناوەندیەکەیشیدا* ڕوودەدات.

بەڵام سەبارەت بە *قازانج*، هیچ یاسایەک نیە ئاستی نزمی دیاری بکات. ناتوانین بڵێین دواین سنووری دابەزینی قازانج کامەیە. بەڵام بۆچی ناتوانین ئەو سنوورە دیاری بکەین؟ ئەمە لەبەر ئەوەیە، ئەگەر توانیشمان *ئاستی نزمی* کرێی کار دیاری بکەین، ناتوانین *ئاستی بەرزی* دیاری بکەین.

هەر تەنها دەتوانین بڵێین، ئەگەر سنووری ڕۆژی کار دیاریکراو بێت، ئەوا *بەرزترین ئاستی قازانج* لەگەڵ *نزمترین ئاستی جەستەییدا لە کرێی کار* دەگونجێت؛ وە ئەگەر کرێی کار دیاریکراو

بێت، *بەرزترین ئاستی قازانج* لەگەڵ درێژبوونەوەیەکی لەوجۆرەی ڕۆژی کاردا دەگونجێت کە هێزی جەستەیی کرێکار ڕێی پێدەدات. بەرزترین ئاستی قازانج، سنووردارە بە نزمترین ئاستی جەستەیی کرێی کارو بەرزترین ئاستی جەستەیی ڕۆژی کار. وە ڕوونیشە لە نێوان ئەو دوو سنوورەدا، بوارێکی زۆر هەیە بۆ ئاستی *بەرزترین تێکڕای قازانج*. ئەوەی ئاستی بە کردەوەی کرێی کار دەستنیشان دەکات، ئەوە تەنها ناکۆکی هەمیشەیی نێوان سەرمایەو کارە، سەرمایەدار بەردەوام بە ئاراستەی کەمکردنەوەی کرێی کار بۆ نزمترین ئاستی جەستەیی و درێژکردنەوەی ڕۆژی کار بۆ بەرزترین ئاستی جەستەیی کۆشش دەکات، ئەمە لەکاتێکا کرێکار بەردەوام بە ئاراستەی پێچەوانە لە کۆششدایە.

مەسەلەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ پارسەنگی هێز لە نێوان ئەو دوو لایەنە ناکۆکەدا.

٢. *سنووردارکردنی ڕۆژی کار* لە ئینگلترە، وەک هەموو وڵاتانی تر، بەبێ *هاتنەناوەوەی یاسا*، جێگیر نەبووە، ئەمەیش بەبێ زەبری بەردەوامی کرێکاران ڕووینەداوە. بەڵام لە هەموو حاڵێکدا، ئەمە دەرئەنجامی گەیشتنی کرێکاران و سەرمایەداران نەبووە بە ڕێکەوتنێکی تایبەتی. وە هەر تەنها پێویستیی *کاری سیاسی گشتی* دەلیلی ئەوەیە کە سەرمایە لە خەباتی ئابووریدا، لایەنی بەهێزە.

بەڵام دەستنیشان کردنی *سنووری بەهای کار*، هەمیشە بەستراوە بە خستنەڕوو داخوازیەوە، مەبەستم داخوازیە لەسەر کار لە لایەن سەرمایەوە، وە خستنەڕووی کاریشە لە کرێکارانەوە. لە وڵاتە

کۆلۆنیەکاندا یاسای خستنەڕوو داخوازی گونجاوە بۆ کرێکار. هەر لەمەیشەوە بووە کە ئاستی کرێی کار، بەشێوەیەکی ڕێژەیی، لە وولاتە یەکگرتووەکاندا بەرزتر بووە. سەرمایە لەوێیش دوا هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ، بەڵام ناتوانێت ڕێ لەوە بگرێت بەردەوام بازاڕی کار چۆڵ ببێت بەهۆی ئەوەوە کە بەردەوام کرێکاری کرێگرتە ببێتە جووتیاری سەربەخۆ. ئەو بارودۆخەیش سەبارەت بە بەشێکی گەورەی خەڵکی ئەمریکا، هیچ نیە، قۆناغی گوزەر کردن نەبێت کە بەدڵنیاییەوە درەنگ یان زوو جێیدەهێڵن. وە بۆ یارمەتی ئەم حاڵەتە لە وولاتە کۆلۆنیەکاندا، حکومەتە باوکانەکەی ئینگلیز، بۆ ماوەیەک دانینا بەوەدا کە ناو دەبرێت بە تیۆری کۆلۆنیالیزمی نوێ کە پێکهاتووە لە بەرزکردنەوەی نرخی زەوی لە وولاتە کۆلۆنیەکاندا بەشێوەیەکی دروستکراو، ئەمەیش بۆ ئەوەی ڕێگا لەو دیاردەیە بگرێت کە بە خێرایی کارگەری کرێگرتەی تێدا دەبێت بە جووتیاری سەربەخۆ.

ئێستا ڕێمان بدەن بێینە سەر وولاتە شارستانیە کۆنەکان، ئەو وولاتانەی سەرمایە تیایا زاڵە بەسەر هەموو پرۆسێسی بەرهەمهێناندا. با وەک نموونەیش، بەرزبوونەوەی کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵی وەربگرین لە بریتانیا لە ساڵی ١٨٤٩ وە هەتا ساڵی ١٨٥٩. دەرئەنجامەکانی ئەم بەرزبوونەوەیە چی بوو؟ خاوەن کێڵگەکان، وەک دەبوایە ویستنی برادەرمان ئامۆژگاری بکردنایە، نە توانیان بەهای گەنم بەرز بکەنەوە، نە تەنانەت نرخی بازاڕیشی. بەپێچەوانەوە، ناچاری کەمکردنەوەی بوون. بەڵکو لەو یانزە ساڵەدا، ئامێری هەمەچەشنەیان بردە ناوەوە، پەنایان بردە بەر مێتودە هەرە زانستیەکان، وە بەشێکی ئەو زەویانەیان گۆڕی بە لەوەڕگە کە بۆ کشتوکاڵ بە کەڵک بوون، ڕووبەری کێڵگەکانیان

زیاتر کرد، بەوهۆیەیشەوە قەوارەی بەرهەمهێنان، وە بەم پرۆسێسەو چەندانی تری لەوجۆرەیش کە داخوازییان لەسەر کار کەمکردەوە بەهۆی زیادکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکەیەوە، جارێکی تریش، دانیشتوانە کشتوکاڵیەکەیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی کردە زێدە. ئا ئەمە ئەو مێتودە ئاساییەیە، پەرچەکرداری سەرمایەی تێدا ڕوودەدات لە بەرزکردنەوەی کرێی کاردا لە ووڵاتە کۆنە جێگیربووەکاندا. ڕیکاردۆ بە حەق تێبینی ئەوەی کردبوو کە ئامێر لە ڕکابەریی بەردەوامدایە لەگەڵ کار[١٣]، وە زۆرجار تەنها لەوکاتەدا دەهێنرێتە ژوورەوە کە بەرزیی نرخی کار تیایا گەیشتۆتە ئاستێکی دیاریکراو؛ بەڵام هۆکارە ئامێریەکان یەکێکن لە چەندان مێتود بۆ زیادکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کار. تەواوی ئەم پێشکەوتنە، کارە هاوبەشەکان تا ئاستێک ئاسان دەکات، لە لایەکی تریشەوە، ئەو کارانە ئاسان دەکات کە لێهاتووییەکیان دەوێت، وە ئیتر بەمەیش نرخیان دادەبەزێنیت.

ئەم یاسایە خۆی؛ لە شێوەیەکی تردا خۆی دەنوێنێت. لەگەڵ پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کاردا، کەڵەکەبوونی سەرمایە خێراتر دەبێت، ئەمە تەنانەت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ڕێژەیی کرێی کاردا. لێرەدا، هەروەک ئادام سمیس، ئەگەرچی لە ڕۆژانی ئەودا هێشتا پیشەسازی مۆدێرن تەمەنی منالّی جێنەهێشتبوو، ئەو دەرئەنجامە وەردەگرین کە خێرایی کەڵەکەبوونی سەرمایە، دەبێت وەک پێویست، پارسەنگەکە لە بەرژەوەندی کرێکار بشکێنێتەوە بەهۆی زیادبوونی داخوازی لەسەر کارەکەی. هەر ئا لەم تێڕوانینەوە بووە، گەلێک لە نووسەرە هاوچەرخەکان، سەرسام بووبوون لەوەی، بۆچی لەم بیست ساڵەی دواییدا، کرێی کار لە ئینگلترە هیچ زیادی نەکردووە، ئەمە

سەرباری زیادبوونی زۆر خێراتری سەرمایە بە بەراوورد لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوان. بەڵام لە یەککاتدا لەگەڵ گەشەی کەڵەکەبووندا، گۆڕانێکی ئاشکرا لە پێکهاتەی سەرمایەدا ڕوویداوە. ئەم بەشە لە سەرمایەی گشتی، کە پێکهاتووە لە سەرمایەی نەگۆڕ، واتە ئامێر، ماتریالی خاو، کەرەسەی بەرهەمهێنان لە هەموو فۆرمەکانیدا، پلە بە پلە زیاد دەکات بە بەراوورد لەگەڵ بەشەکانی تری سەرمایە، کە لە کرێی کار، یان بۆ کڕینی کار بەکاردەهێنرێت. ئەم یاسایە بە شێوازێکی کەم تا زۆر ووردبینانە، لە مستر بارتۆن، ڕیکاردۆ، سیسمۆندی، پرۆفیسۆر ڕیچارد جۆنس، پرۆفیسۆر ڕامسی، چێربۆلیەو کەسانی تریشەوە یادخراونەتەوە.

ئەگەر ڕێژەی ئەو دوو ڕەگەزە لە سەرمایە لە ئەسڵدا ١ بۆ ١ بێت، ئەوا ئەمە لە گەشەی پیشەسازیدا دەبێتە ٥ بۆ ١ و هتد. ئەگەر سەرمایەی گشتی ٦٠٠ بێت، ٣٠٠ ی لە کەرەسەو ماتریالە خاوەکان و شتی لەوجۆرەدا دابنرێت، ٣٠٠ یش بۆ کرێی کار، ئەوا ئەو کاپیتالە دەبێت تەنها ببێتە دوو ئەوەندە بۆ دروستکردنی داخوازی لەسەر ٦٠٠ کرێکار لەبری ٣٠٠. بەڵام ئەگەر سەرمایە ٦٠٠ بێت، ٥٠٠ ی لە ئامێرو ماتریالە خاوەکان و شتی لەوجۆرەدا دابنرێت و هەرتەنها ١٠٠ یشی بۆ کرێی کار، ئەوا ئەو سەرمایەیە دەبێت لە ٦٠٠ وە زیاد بکا بۆ ٣٦٠٠ هەتا داخوازی لەسەر ٦٠٠ کرێکار دروست بکرێت لەبری ٣٠٠. بۆیە لە گەشەی پیشەسازیدا، داخوازی لەسەر کار، بە هەمان خێرایی کەڵەکەبوونی سەرمایە ڕوونادات. ئەمە هەر زیاد دەکات، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم بە بەراوورد لەگەڵ زیادبوونی سەرمایەی گشتیدا.

ئەو چەند تێبینیە کورتە بەسە بۆ نیشاندانی ئەوەی پێشکەوتنی پیشەسازی مۆدێرن، دەبێت پلە بە پلە تەرازووەکە لە بەرژەوەندی سەرمایەدار وەرگێڕێت دژی کرێکار، وە هەر بەو شێوەیە، ئاراستەی گشتیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، ئەوە نیە کە ئاستی مامناوەندیی کرێی کار بەرز بکاتەوە، بەڵکو نزمی دەکاتەوە، یان کەم تا زۆر، پاڵ بە *بەهای کارەوە* دەنێت بەرەو نزمترین ئاستی. بەڵام ئەگەر ئەمە ئاراستەی شتەکان بێت لەم سیستمەدا، ئایا ئەوکاتە دەتوانین بڵێین چینی کرێکار لەسەریەتی واز لە بەرهەڵستی بهێنێت دژی پێشێلکردنەکانی سەرمایە، وە واز لە هەوڵەکانی بهێنێت لە پێناوی هەر هەلێکدا بۆ باشکردنی وەختیی بارودۆخی خۆی؟ هەرکات ئەمەیان کرد، ئەوکاتە دەبنە کۆمەڵێک نەدارای تێکوپێکشکاو کە هیچ بوارێک نامێنێتەوە لەبەردەمیاندا بۆ دەرباز بوون. هیواداریشم ئەوەم نیشاندابێت کە جەنگی کرێکاران لەپێناوی ئاستێکی ئاساییدا لە کرێی کار، بەهیچ جۆرێک لە سیستمی کرێگرتە جیاناکرێتەوە، کە لە ٩٩ حاڵەتدا لە ١٠٠، کۆششەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی کرێی کار، کۆششە بۆ پاراستنی بەهای دیاریکراوی کارەکەیان، وە پێویستیی گفتوگۆیش لەسەر نرخەکانیان لەگەڵ سەرمایەداردا، لەوەوە هاتووە کە ناچارن خۆیان وەک کاڵا بفرۆشن. وە ئەگەر لە ناکۆکی ڕۆژانەیاندا لەگەڵ سەرمایە، ترسنۆکانە ڕێگایان چۆڵکرد، ئەوا بە دڵنیاییەوە، توانای هەستانیان نابێت بە هیچ بزووتنەوەیەکی گەورەتر.

لە هەمانکاتیشدا، وە بە چاوپۆشین لەو کۆیلایەتیە گشتیەی بەستراوە بە سیستمی کرێگرتەوە، نابێت چینی کرێکار، دەرئەنجامی کۆتایی ئەم خەباتە ڕۆژانەیەی، گەورەتر لەوە نیشان بدات کە هەیە. واتە نابێت لە بیریان بچێت ئەوان لە خەباتیاندا،

تێدەکۆشن دژی دەرئەنجامەکان نەک دژی هۆکارەکانی ئەو دەرئەنجامانە؛ ئەوان لەگەڵ ئەوەی ڕێ لە بەرەوخواربوونەوەی ئەو بزووتنەوەیە دەگرن، ناتوانن بەمە ئاراستەکەی بگۆڕن، وە هەر تەنها ئامرازێکی ئازارشکێن پێشکەش دەکەن نەک چارەسەرێکی بنەڕی دەردەکە بکەن. بۆیە کرێکاران لەسەریانە، خەباتیان لەو شەڕە گەریلاییە بەردەوامەدا نەوەستێنن کە ناشتوانرێت وازی لێبهێنرێت، وە کە لە پێشێلکاریەکانی سەرمایە یان گۆڕانەکانی بازاڕەوە سەرهەڵدەدات. دەبێت تێبگەن ئەم سیستمەی ئێستا، لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەدا کە دەیسەپێنێت بەسەر چینی کرێکاردا، لە هەمانکاتدا *مەرجی ماتریالیستی و فۆرمی کۆمەڵایەتی* پێویستی بۆ دامەزراندنەوەی پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگا، تێدا لە دایک دەبێت. بۆیە لەبری ئەم دروشمە *خۆپاریزە*: "*کرێی کارێکی ڕۆژانەی دادپەروەر بۆ ڕۆژێک کاری دادپەروەر!*" لەسەریانە لەسەر ئاڵاکەیان ئەم دروشمە شۆڕشگێرە هەڵبکەنن: "*هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کرێگرتە!*".

دوای ئەم خستنەڕووە درێژە، کە دەشترسم بێتاقەتی کردبن، وە کە ناچاربووم بچمە ناویەوە بۆ پێشکەشکردنی ئەم بابەتە، لێرەدا بە چەند پێشنیارێک کۆتایی بە ڕاپۆرتەکەم دەهێنم:

یەکەم: بەرزبوونەوەی گشتیی ڕێژەی کرێی کار بە کەمبوونەوەی تێکڕای گشتیی قازانج کۆتایی دێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ئەمە کارناکاتە سەر نرخی کاڵاکان.

دووهەم: ئاراستەی گشتیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نابێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی مامناوەندیی کرێی کار، بەڵکو دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی.

سێهەم: سەندیکاکان بە باشی وەک سەنتەری بەرهەڵستی کار دەکەن دژی پێشێلکاریەکانی سەرمایە. بەڵام ئەمانە بەهۆی بەکارهێنانی هێزیانەوە بە شێوەیەکی هەڵە، تووشی شکست دێن. وە بە گشتی تووشی شکستدێن بە سنووورداربوونیان لەو جەنگە گەریلاییەدا دژی دەرئەنجامەکانی ئەم سیستمە لەبری هەوڵدان بۆ گۆڕینی، یان لە بری ئەوەی هێزی ڕێکخراوەیی خۆیان بەکاربهێنن وەک ئامرازێک بۆ ڕزگارکردنی یەکجارەکی چینی کرێکار، واتە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کرێگرتە.

# ناوو ڕووداوە مێژووییەکان

١. کۆمەڵەی ئینترناسیۆنالیست (کۆمەڵەی کارگەرانی جیهان)، ڕێکخراوێکی جەماوەریی کارگەران بووە لە نێوان ١٨٦٤-١٨٧٦ دا.

٢. ڕۆبێرت ئۆین (١٧٧١-١٨٥٨)، ئەو خاوەن کارگە ئینگلیزیەیە کە بۆ یەکەمجار ڕۆژی کارکردنی کردە ١٠ کاژێر لە کارگەکەی خۆیدا، دڵنیایی نەخۆشی و کۆمەڵەی هەرەوەزکاریی بەکاربەرەکانی ناساند، هەرەوەزکاریە کۆلۆنیەکانی ئەمریکای دامەزراند لە ١٨٣٥ دا.

٣. دیاری کردنی ئاستی یاسایی کرێی کار دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٩٣ دا، ئەمەیش هاوشان بە سنووردار کردنی نرخی کاڵاکان کە داوای کۆمەڵێک بووە بەناوی "پیاوە شێتەکانەوە" بۆ شارو لادێ. یاکوبیەکان، واتە حیزبەکەی ڕۆبسبێر، وەک کردارێکی تاکتیکیی لەگەڵ "پیاوە شێتەکان" پێکدێت و ئەو داوایە ئەنجام دەدات.

٤. مەبەست جەنگی قرمە (بە تورکی: *Kırım Savaşı*) کە لە ئۆکتۆبەری ١٨٥٣ دا لە نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووسی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا درێژە دەکێشێت هەتا ١٨٥٦،

٥. کۆمەڵەی هونەری و پیشەگەری (Society of Arts) کۆمەڵەیەکی برجوازی خێرخوازی بووە لە ١٧٥٤ دا لە لەندەن.

٦. یاساکانی دانەوێڵە سنووردار کردن یان ڕێگرتن بووە لە هاوردەکردنی دانەوێڵە لە دەرەوەی بریتانیاوە لە بەرژەوەندی خاوەن موڵکە گەورەکان. سەرکەوتنی برجوازیەتی پیشەسازی بەسەر ئۆرۆستۆکراسیەکانی زەویوزاردا دەگەڕێتەوە بۆ ١٨٤٦، ئەمەیش بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای دانەوێڵە.

٧. جەنگی ئەهلی ئەمریکا (١٨٦١-١٨٦٥) ئەو جەنگەیە کە ناسراوە بە جەنگی باکوورو باشوور.

٨. فیزیۆکراتە فەرەنسیەکان ڕێبازێکە لە ئابووری سیاسیداو مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەو بۆ پەنجاکانی سەدەی هەژدەهەم لە فەرەنسادا.

٩. مەبەست لە کتێبەکەی ئادام سمیسە:
A . Smith, An Inquiry into the Nature and Causes of the Wealth on Nations, Vol I, Edinburgh, 1814, p 93 / لێکۆڵینەوەیەک لە سروشت و هۆکاری سامانی گەلان، بەرگی یەکەم، ١٨١٤، ل : ٩٣

١٠. مەبەست لە ناميلكەکەی مالتۆسە:
An Inquiry into the Nature, and Progress of Rent, and the principles by which it is regulated, London, 1815 لێکۆڵینەوەیەک لە سروشتی قازانجی زەوی و گەشەو پرنسیپی / ڕێکخستنی، ١٨١٥، ل : ٧٣.

١١. جاگار ناغووت فەندەمێنتالیزمێکی ئاینی هیندیی کوێرانەیە کە باوەڕداران لە پێناویدا خۆیان دەدەنە بەر قامچی و خۆشیان دەکوژن. لە ڕۆژی ئاهەنگە گەورەکانیاندا، بەشێک لەم باوەڕدارانە، خۆیان دەخەنە ژێر تایەی ئەو گالیسکەیەوە کە پەیکەرێکی فیشنۆ-جاگار ناغووتی بەسەرەوەیە.

١٢. مەبەست کتێبەکەی دەیڤید ڕیکاردۆیە:

D. Ricardo, On the Principles of Political Economy and Taxation, London, 1821, p. 479

لەسەر پرنسیپەکانی ئابووری سیاسی و سیستمی باجدان، ١٨٢١.

کارل مارکس ئەم نامیلکەیەی لە کۆتایی ئایار (مایۆ) هەتا حوزەیران (یۆنیۆ) ١٨٦٥ دا نووسیوە.

ئەم دەسنووسە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩٨ دا، وەک نامیلکەیەکی سەربەخۆ، لە کچێکی مارکسەوە بە ناوی (ئێلینور مارکس) لە چاپ دەدرێت لە لەندەن؛ لەگەڵ پێشەکیەکی هاوسەرەکەی ئێلینور بە ناوی ئیفلینگ کە هەر ئەویش ناوی نامیلکەکەو ناونیشانی فەسڵەکانی داناوە.

**سەرچاوەی بابەتەکە لە ئینترنێتدا:**
https://www.marxists.org/archive/marx/works/1865/value-price-profit/

بە مەبەستی کەمترین هەڵەو دانانی زاراوەو کۆنسێپتە ئابووریەکان لە جێی خۆیانداو وەک خۆیان، ئەم وەرگێڕانە، ووشە بە ووشە، بەراوورد کراوە بە هەردوو وەرگێڕانی سویدی و عەرەبی:

١) Lön, pris, profit

وەرگێڕانی: Bertil Wagner

٢) الاجور والاسعار والارباح

ترجمة دار التقدم، موسکو